# بەمزووانە ئینسکلۆپیدیای هەولێر لە ١٠ بەرگدا بخوێنەوە





هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی
گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
"بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٢٩) یەک شەممە،
تشرینی دووەمی ٢٠٠٩/١١/٢٢ زایینی
بەرانبەر بە سەرماوەزی ٢٧٠٩ی کوردی
ساڵی دەیەم



www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com


# بەدرخان
# Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش



## حاکم سەردار عەبدولکەریم: لە هەڵبژاردنی عێراق کۆمەڵگای کوردەواری هۆشیارە

ل٧

## فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان لە دیدی بەشداربووواندا



ل٢٣،٩،٦



## دکتۆر نەجمەدین کەریم لە پەیوەندی کوردو ئەمریکا بۆ بەدرخان دەدوێ

ل٤



## یەدوڵڵا فەیلی: پاراستنی پیاوی دڵڕەقی دەوێ

ل٢٢



## زاهیر رۆژبەیانی: باجی یەکێتی نووسەرانم داوە

ل١٠


* لە هەولێر یادی ١٠٠ ساڵەی رەوشەن بەدرخان بەرز رادەگیرێت ...
* دکتۆر کەمال مەزهەر لە تەلاری پەرلەمانی فەرەنسا ...
* دکتۆر بەرهەم ساڵح و میدیای ئازاد لە کوردستان ...
* جەوهەر کرمانج لە گۆشەیەکی نوێی بەدرخاندا ...
* هیوا سوعاد لە بەدرخان بۆ هونەر دەنووسێ ...
* قەقنەسەکەی مەهدی ئەبوبەکر لە بەدرخان دەنیشێتەوە ...
* تامان شاکر لە زمانی زبر بێزارە ...
* خەباتی مام جەلال و ئەردۆگان لە باکووری کوردستان پڕ بەرهەمە ...







## شیعری ژنانی کورد لە ئەندێشەی دکتۆر ئازاد حەمە شەریفدا

ل١٤-١٥



## کاردینا جیاوازە

ل١١

www.kurdipedia.org

دیداری تایبەت

## د.نەجمەدین کەریم سەرۆکی ئینستیوتی کورد لە واشنتۆن:

# لەساڵانی شەستەکان تا ناوەڕاستی حەفتاکانیش ئەمریکا بەشێوەیەکی نهێنی بە پارە و بە چەک یارمەتی شۆڕشی کوردی دەدا

**نەجمەدین کەریم یەکێکە لە کەسە ناودارەکانی کورد، کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە وڵاتی ئەمریکا دەژی و لە بەرامبەر خەمەکانی بۆ خاک و نیشتیمان و نەتەوە، لە هەمان کاتیشدا کار بۆ ئازادی و دیموکراتی و یەکسانی و مافی مرۆڤ و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد دەکات، ئەو کەسێکی دیاری نێو بزووتنەوەی کوردایەتی و رۆڵی سەرەکی لە شۆڕشی ئەیلوول و دامەزرێنەری"KNC"بووە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانیشدا ئینستیتیوتی کوردی لە واشنتۆن دامەزراندووەو هەر خۆشی سەرۆکییەتی.**

**لەو دیمانەیەدا "د. نەجمەدین کەریم" باس لە سەرەتاکانی پەیوەندی نێوان کورد و ئەمریکا دەکات، هەروەها تیشک دەخاتە سەر پێگەو پەیوەندی ئێستای سیاسی و ئابووری کورد لە ئەمریکا.**

**دیداری هێمن کەریم مام ڕەش**



د. نەجمەدین کەریم لە ئاسۆی کورد دەڕوانێ

*** کورد لە کەیەوە لە ئەمریکا هەن؟**

- کورد بە تاکە تاکە زۆر لەمێژە لە ئەمریکا هەن، زیاتر لە ٦٠ ساڵ پێش ئێستا هاتوونەتە ئەمریکا، بەڵام وەکو تاک، تاکێک لەنیویۆرک یەکێکی تر لەکالیفۆرنیا یەکێکی تر و لە شوێنێکی تر بەم شێوەیە، بەڵام وەکو کۆمەڵ و ژمارەیەکی زۆر دوای تێکچوونی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ هاتوونەتە ئەمریکا، ئەوکاتە ئەمریکا ڕازی بوو ١٠٠٠ هەزار کەس وەربگرێت، دوای ئەوان ئیتر خەڵک وردە وردە ئەو کەسانەی لەوێ بوون خزم و کەس و کاری خۆیان هێنایە ئەمریکا، پاشان وەجبەی گەورەی دووەمی کورد دوای ئەنفال، ئەوکاتەی کە نزیکی شەست تا حەفتا هەزار کورد لە هەرێمی بادینانەوە بەرەو تورکیا ڕۆیشتن لەوێ لە ئۆردوگایەکی پەناهەندەیی گیرسانەوە ئەوانە بۆ ساڵی ١٩٩١ ژمارەیەکی زۆریان هاتنە ئەمریکا، وەجبەیەکی تری گەورەی سێهەمی کورد لەکاتی ١٩٩٦ پاش ٣١ی ئاب هاتنە ئەمریکا ئەوانەی لە ڕێکخراوەکانی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان کاریان کردبوو، هەڵبەتە من باسی کوردی کوردستانی عێراق دەکەم.

*** ئەگەر زانیاریتان هەبێت جگە لە کوردی عێراق کوردی پارچەکانی تر لە کەیەوە لێرەن ؟**

- کوردەکانی پارچەکانی تر ئێستا لە چاو کوردەکانی کوردستانی عێراق ڕێژەیان زۆر کەمە، ئەوانیش لە هەشتاکان بە شێوەی تاک تاک هاتن، لە نەوەدەکانیش هەندێک لەو پەنابەرانەی کە لە رووتبە و سنووری ئۆردن بوون بۆ ئەمریکا هاتن، لەم ساڵانەی دواییش بە شێوەی تاکە تاکە وەکو پەنابەری سیاسی لە لایەن حکومەتی ئەمریکاوە وەرگیراون.

*** پێت وایە هۆکاری هاتنیان لەسەرەتادا بە شێوەی تاکە تاکە و دواتریش بەشێوەی کۆمەڵ چییە؟**

- ئەوانەی بە تاکە تاکە پێش ١٩٧٥ هاتوون یان بۆ کار یان بۆ خوێندن هاتبوون، کوردەکانی ئێران بەتایبەتی لەم دواییە وەکو پەناهەندەی سیاسی هاتوون، کوردەکانی تورکیاش بەشێوەیەکی گشتی بەناوی خوێندن و تاکە تاکەیش وەکو پەناهەندەی سیاسی هاتوون.

*** لە ئێستادا ڕێژەی کورد لە ئەمریکادا بە چەند مەزندەدەکرێت؟**

- وا مەزندەدەکرێت کە کورد لە ئەمریکا ٤٠ تا ٤٥ هەزار کەس بن.

*** پێگەی سیاسی کورد لە ئەمریکا لە چ ئاستێکدایە؟**

- پێگەی سیاسی کورد لە ئەمریکا خراپ نییە، بەڵام بەو شێوەیەش نییە کە پێویستە، دەتوانرێت باشتر بکرێت، بۆ نموونە کورد دەتوانێ رۆڵێکی گرنگتر ببینێت لەگەڵ سیاسەتمەدارانی ئەمریکا ئەگەر بەشدار بێت لە سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکا، واتا بەشداربێت لەوەی کاتێک کۆنگریسمان (سەناتۆر) هەڵدەبژێردرێت بەشداری بکەن لە پرۆسەکە، هەروەها بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان و بەشداربن لە چالاکییەکانیان، بەداخەوە ئەم شتە کەم کراوە، هەڵبەتە زۆر ئاسانیش نییە، چونکە زۆربەی ئەو کوردانەی هاتوونەتە ئەمریکا لە پێشدا باری ئابووریان بەشێوەیەک بووە نەیانتوانیوە یەکسەر خەریکی ئەو کارانەبن، بەڵام بەڕای من نەوەی تازە کە لەوێ پەروەردەبوون رۆڵی گرنگتریان دەبێ لەو نەوەیەی کەیەکەمجار هاتوون.

*** سەرەتاکانی پەیوەندی کورد لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- کورد دەمێکە هەوڵیداوە لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا پەیوەندی هەبێت، هەر لە زووەوە پەیوەندی هەبووە لەنێوان کورد و ئەمریکا، بەڵام ئەوپەیوەندییە ئاشکرا نەبووە، لەڕێگای زانیاری ئەو وڵاتەوە بووە وەکو سی ئای ئەی(CIA) و ئەمانە، ئەویش لە ساڵی شەستەکانەوە دەستی پێکرد و لەساڵی ١٩٧٢ و بەگرنگی دەستی پێکرد، واتا ئەمریکا بەشێوەیەکی نهێنی یارمەتی شۆڕشی کوردی دەدا بە پارە و بە چەک.

**بەڕای من یەکێک لەو هەڵانەی کە سیاسییە کوردەکان دەیکەن ئەوەیە کە پەیوەندییەک پەیدا دەکەن دەیکەنە پەیوەندی شەخسی خۆیان و هەوڵ نادەن ببێتە پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ میللەتەکەیان یان بیکەنە پەیوەندی نێوان ئەو کەسانەی کە نوێنەری میللەتن**

*** ئەی لەناو ئەمریکادا سەرەتاکانی پەیوەندی کورد لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

-لە راستیدا پەیوەندی نەبوو تا کۆتایی هەشتاکان، ئێمە پێشتر هەوڵمان دەدا لەڕێگەی دۆستێکەوە یەکێکمان دەبینی، بەڵام ئەو پەیوەندییانە سیفەتی رەسمی تێدا نەبوو، لەدوای کارەساتی هەڵەبجە ئێمە لە واشنتۆن چووینە وەزارەتی دەرەوە بەرەسمی داوای پەیوەندیمان کرد، ئێمەیان بینی و باسی کارەساتی هەڵەبجەمان بۆکردن.

*** ئێوە کێ و کێ بوون؟**

- ئەو کاتە من و یەک دوو برادەری تر بووین کە لە واشینتۆن دەژیان (عوسمان بابان و عومەر هەڵمەت) لەگەڵ من بوون بەیەکەوە چووینە ئەوێ باسی کارەساتی هەڵەبجەمان بۆکردن، بەڵام ئەویش بەشێوەی کوردی ئەمریکا بوو واتا سیفەتێکی رەسمی نەبوو کە پەیوەندی کورد و ئەمریکا بێت، بەڵام لەساڵی ١٩٩١ پاش کۆچڕەوە گەورەکەی گەلی کوردستان لەکوردستانی عێراق بۆ سنوورەکانی ئێران و تورکیا، ئەو کاتە من بە سیفەتێکی رەسمی وەکو کوردێک هەروەک میدیاکانی ئەمریکاش بە رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامەکانیشەوە رایانگەیاند کە ( ئەمریکا نوێنەری کورد دەبینێت) پەیوەندیم بەحکومەتی ئەمریکاوە کرد، هەر ئەوپەیوەندییەش بووە هۆی ئەوەی کە ئێمە وا بکەین وەفدی بەرەی کوردستانی بانگهێشتی ئەمریکا بکرێت، هەڵبەتە ئەوە کارێکی ئاسایی بوو، کە ئێمە بیکەین لەبەرئەوەی راستە من کورد بووم و لە ئەمریکا بووم، بەڵام ئەو کاتە بەرەی کوردستانی وەکو نوێنەری شۆڕشی کورد بوو، ئیتر لە مانگی نیسانی ١٩٩١ برادەرانی بەرەی کوردستانی هاتنە ئەمریکا و دوای ئەوەش پەیوەندییەکان بەرەو پێشەوە چوون.

*** ئێوە یەکەم کەس بوون پەیوەندی سیاسی کورد و ئەمریکاتان دروستکرد کێتان بینی؟**

- من یەکەمجار یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکام بینی، ئەوکات (جۆن کیری) بوو.

*** جۆن کیری چۆن دەیڕوانیە قسەکانی ئێوە؟**

- ئەوان بە مەجبووری ئێمەیان بینی، ئەوکات دنیا هەمووی تێکچووبوو، هەموو سەرنجی جیهان لەسەر کوردستان بوو، دوو شت بوو: یەکێکیان ئەوەبوو سەدام هاتبوو دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ کوردستانی گرتبۆوە، باشووریشی گرتبۆوە پاش ئەوەی کەهەمووی رزگار کرابوو خەڵکیش (بوش)ی سەرۆکی ئەوکاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان بە خەتابار دەزانی بەوەی کە داوای لەگەلانی عێراق کردبوو هەڵسن و راپەرین بکەن وسەدام دەربکەن لەکارەکەی، بەڵام کاتێک کە بەو کارە هەڵسان (بوش) نەک هەر یارمەتی نەدان، بەڵکو ڕێگای بە (سەدام) دا فرۆکەو هەلیکۆپتەرەکانی بەکاربهێنێ دژی ئەو خەڵکە، ئەوەبوو بەتایبەتی لە کوردستان هەمووی چۆڵکرا و خەڵک ئاوارەی سەرسنوورەکانی تورکیا و ئێران بوون، ئەمەش سەرنجی هەموو دنیای بەلای خۆیدا راکێشا، ئەو سەرنجەی دنیا ئەو گوشارەی کە بەسەر ئیدارەی بوش بوو مەجبووری کرد کورد ببینێ و عێراقی تریش ببینێ، بەڵام هەرکەسە و بەجیا.

*** جەنابتان بانگکران، بەڵام ئایا ئەوان نەیاندەزانی کە بەرەی کوردستانی هەیە؟**

- ئەوکاتە ئەوەندە پەیوەندی و شتی وا نەبوو.

*** بۆچی تۆ بەرەی کوردستانیت ئاگادار کردەوە و بانگت کردن؟ ئەی بۆ هەر خۆت درێژەت بە پەیوەندییەکان نەدا و ببیتە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کورد و ئەمریکا؟**

- ئاخر ئەمە ناکرێ تۆ ئەگەر سەیری بکەی مەسەلەکە تەنها خۆت نیت وەکو شەخسێک، ئەگەر بتەوێت وەکو شەخسێک لەوانەیە تاماوەیەک بتوانیت بەو شێوەیە بیکەیت، بەڵام ئەوان پێویستیان بەوە هەبوو، دوای ئەوە بڕیاریاندا کە سەربازیان بنێرنە تورکیا و لەوێوە بۆ کوردستان و ئەو خەڵکە بگەڕێننەوە، دەبوایە خەڵکی تر هەبێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەڕای منیش یەکێک لەو هەڵانەی کە سیاسییە کوردەکان دەیکەن ئەوەیە کە پەیوەندییەک پەیدا دەکەن دەیکەنە پەیوەندی شەخسی خۆیان و هەوڵ نادەن ببێتە پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ میللەتەکەیان یان بیکەنە پەیوەندی نێوان ئەو کەسانەی کە نوێنەری میللەتن، ئەو کاتە بەرەی کوردستانی نوێنەری خەڵکی باشووری کوردستان بوو، بۆیە من بەباشترم زانی پەیوەندی من لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا هەروا بە تەسکی لە نێوان من و ئەمریکا نەمێنێتەوە بەرەی کوردستانیم بە حکومەتی ئەمریکا ناساند.

*** لە وەفدەکەی بەرەی کوردستانی کێ و کێ هاتبوون؟**

- دکتۆر مەحمود عوسمان، وشیار زێباری، ئازاد خەففاف، بڕیاربوو کاک محەمەد تۆفیق رەحیم بێت، بەڵام یەکێتی گۆڕیان بە دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێستا و هەروەها من.

*** کێتان بینی؟**

- ئەوان هاتن جێگری یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (دەیڤید ماک) یان بینی.

*** بە حوکمی ئەوەی تۆش بەشداری دیدارەکەی نێوان بەرەی کوردستانی ودەیڤید ماک بووی دەرەنجامی دیدارەکە چۆن بوو؟ باسی چی کرا؟**

- دەرەنجامی دیدارەکە شتێکی وانەبوو، لەبەرئەوەی سیاسەتی ئەمریکائەوکاتە دەبوایە هەموو شتێک لە سەرۆکەوە بهاتایە، لەدیدارەکەدا تەنها ئاڵوگۆڕی ڕاو زانیاری کرا، لەسەر وەزعی کوردستان، تەنانەت کە هاتینە دەرەوە دکتۆر مەحمود عوسمان تەعلیقەکەی ئەوەبوو وتی: هیچ نەگۆڕاوە هەروەکو خۆیەتی، راستیشی دەکرد ئەوکاتە وابوو، چونکە ئەو لە ساڵی "١٩٧٢"یش هاتبووە ئەمریکا.

*** پێگەی ئابووری کوردەکانی ئەمریکا چۆنە لە ناوەندی ئابووری و بازرگانی ئەمریکادا؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئێستا بەرەو باشی دەڕوا، هەڵبەتە زۆربەی کوردەکانی ساڵی ١٩٧٥ هەموو پێشمەرگە بوون و خێزانی پێشمەرگەبوون کەسی تری تیا نەبوو هەندێکی تێدابوو زۆر گەنج بوون لەمەکتەبەوە سانەویشیان تەواو نەکردبوو هاتبوونە ناو شۆڕش ببوونە پێشمەرگە، دواتر دوای تێکچوونی شۆڕش هاتنە ئەمریکا، لەبەر ئەوە ژیانی ئێرە زۆر سەختبوو بۆیان.

*** کەس هەیە ئێستا لەکوردەکانی ئەمریکا گەورە بازرگانێکی دیاربێت لە ئەمریکاو خاوەنی داهات و سەرمایەکی زۆر و بەرچاو بێت لە شارێکدا یان لەویلایەتێکدا؟**

- بەو شێوەیە نییە، بەڵام هەرکەسێک لە کۆمیۆنیتەکەی خۆی و لە دەوروبەرەکەی خۆیدا هەیە ناسراوە دکتۆرە یان ئەندازیارێکی ناسراوە، بەڵام بڵێی دەوڵەمەندێکی گەورەی وەکو ئەو دەوڵەمەندانەی کە لە کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ پەیدابوون لەوێ شتی وانییە.

*** تۆ وتت نزیکەی ٤٠ تا ٤٥ هەزار کورد لە ئەمریکا هەیە، لەزۆربەی وڵاتانیش کاتێک هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یان هەر هەڵبژاردنێکی تر بکرێت ئەو دەنگانە گرنگی و بایەخی زۆریان پێدەدرێت، لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا چەندە گرنگی دراوە بەکورد لە پێناو راکێشانی دەنگەکانیان لەلایەن ئەمریکییەکانەوە؟**

- کەهەڵبژاردن دەبێت هەمیشە گرنگی بە هەموو دەنگێک دەدەن، بەڵام ٤٥ هەزار کەس بۆ ئەمریکا ژمارەیەکی یەکجار زۆر کەمە، خۆت ئەدەزانی ئەمریکا وڵاتێکی یەکجار گەورەیە، زۆربەی ئەو کوردانەی کە لە ئەمریکان جگە لە ناوچەی واشنتۆن و ڤێرجینیا، لە تێنسی لە ناشفیل و دالاس و تێکساس زۆرن، لەو شوێنانە کاتێک کۆنگرێسمان هەڵدەبژێرن و لەکاتی هەڵبژاردنەکانی تریشدا سەرنجیان پێدەدەن و گرنگی بە دەنگەکانیان دەدەن، لە پێناو بە دەستهێنانی دەنگی ئەو کوردانە، لە شوێنی تر کە ڕێژەکەیان کەمە ئەگەر ئەوکوردانە خۆیان چالاک نەبن نابنە جێگای بایەخی ئەمریکییەکان و گرنگیان پێنادرێت، بەڵام ئەگەر خۆیان چالاک بن ١٠ کوردیش بن دەتوانن سەرنجی لایەنە پەیوەندارەکان بۆ لای خۆیان رابکێشن، بەداخەوە زۆربەی کوردەکانی ئێمە چالاک نین.

*** وەزعی حزبە سیاسییە کوردییەکان ئێستا لە ناو ئەمریکا چۆنە؟**

- حزبە سیاسییە کوردییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەوەتەی حکومەتی هەرێم و نوێنەرایەتی هەرێم لە ئەمریکا پەیدا بووە، هەڵبەتە رۆڵیان کەمترە، تەنها لەناوخۆیاندا کۆبوونەوە دەکەن و نەورۆز دەکەن و بۆنەی یادی دامەزراندنی حزبەکەیان یان بۆنەی نەتەوەیی سازدەکەن، پەیوەندی رەسمی لەدەرەوە بەناوی حزبەکان نییە، بەناوی حکومەتی هەرێمەوەیە، ئەوەش بەڕای من شتێکی باشە، حزبایەتی بەو شێوە کلاسیکییەی کە لە کوردستان هەیە تۆ ناتوانی لە ئەمریکا بیکەی، ئەوەش یەکێکە لە هەڵەی برادەران ئەو مەرکەزیەتە حزبییەی لەکوردستان بەکاری دەهێنن دەیانەوێ لە ئەمریکا بەکاری بهێنن، لێرە لە ئەمریکا ئەو جۆرە کارە سەرناکەوێ، چونکە لێرە دەبێت ڕێگە بدەی بەهەر کوردێک کە ئەندامی حزبەکەتە توانای خۆی دەرببڕێ و ئەو توانایە بەکار بهێنێ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکدا تۆ ناتوانی پێی بڵێی ئەوە بکەو ئەوە مەکە، یان پێش ئەوەی بچی بۆ ئەو شتە تەلەفۆن بۆ من بکە بۆ ئەوەی پێت بڵێم چی بڵێی، ئەو کارانە لە ئەمریکا سەرکەوتوو نابێ.

***جەنابتان دامەزرێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد - KNC - بوون لە ئەمریکا KNC چ دەستکەوتێکی هەبوو ؟ ئێستا وەزعی KNC لە چی دایە؟**

- KNC لەکاتێکی گرنگ دامەزرێنرا ئەوکاتە حزبەکان نوێنەرایەتییەکی ئەوتۆیان نەبوو لە ئەمریکا، ئەو کوردانەی کە بەشداری KNC یان کرد زۆربەی ئیش و کاریان هەبوو پرۆفێشناڵ بوون و لە دوای کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە دروست بوو لە مانگی ئاب- ی ١٩٨٨، بەڕای منKNC رۆڵی گرنگی هەبوو تا ناوەڕاستی نەوەدەکان لە دوای ئەوە KNC نەیتوانی خۆی بگۆڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزعی تازەی کوردستان و پەیوەندی نێوان کوردستان و ئەمریکا خۆی رابهێنێت، بەڵام KNC هەندێک کاری گرنگی کرد، من لە ١٩٩١ تا ١٩٩٩ سەرۆکیKNC بووم، لەو کاتانەدا توانیمان بچینە سەناتی ئەمریکا و پێش گرتنی کوەیت بۆ یەکەمجار کورد قسە بکات لەبەردەم لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس، ئەوکاتە من بەناوی KNC وە بەشداربووم و قسەمکرد، بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتی گوندە چۆڵکراو رووخاو و سووتاوەکانم پێدان، ئێستاش لە ریکۆردی ئەواندا ماوە پاشان توانیمان یارمەتی بنێرین بۆ کوردستان لەساڵی ١٩٩١، ئەو کاتە پارەیەکی زۆر زیاد لە ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار دۆلارمان کۆکردەوە ناردمان بۆ کوردستان، خۆت دەزانی ئەوکاتە پارە نەبوو، پاشان توانیمان ئەو پەیوەندییانە بکەین کە لەساڵی ١٩٩١ دوای کۆچڕەوەکە کرا، دوای ئەوە ئێمە توانیمان وابکەین کە بەشی کوردی لە رادیۆی دەنگی ئەمریکا بکرێتەوە، ئەوەش کارێکی گرنگ و گەورە و مێژوویی بوو تا ئێستاش ئەو بەشە ماوە و ئەشمێنێت، چونکە بە بڕیارێکی کۆنگرێس کرایەوە، نەک وەزارەتی دەرەوە، راستە بڕیارێکی سیاسی بوو، بەڵام لە کۆنگرێسەوە کرا، پاشان ئێمە رۆڵی گرنگمان بینی لە هێنانی نوێنەرانی کورد بۆ ئەمریکا لە چوارچێوەی وەفدی بەرەی کوردستانی، دواتر ئەوە بووە هۆی ئەوەی سەرکردەکانی تری وەک مام جەلال و کاک مەسعود بێن و چەندین جاریتر پەیوەندیمان بۆ نوێنەرانی کورد رێکخستووە، پاشان پەیوەندییەکان بوونە راستەوخۆ، بەڵام گرنگ بوو تۆ لە شوێنێکەوە دەست پێبکەی، باوەڕم وایە ئەگەر ئێمە لەوێ نەبووینایە ئەو شتانە نالێم نەدەبوو، بەڵام دوا دەکەوت بەتایبەت لەساڵی ١٩٩١، دوای ئەوە ئێمەتوانیمان زۆر سەرکردایەتی کوردی پارچەکانی تری کوردستان بێنین بۆ ئەمریکا لەکوردستانی تورکیا ( لەیلا زانا، ئەحمەد تورک) و وەفدێکی تر، کە هاتن لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ کۆشکی سپی و سەرکردەکانی کۆنگرێس کۆبوونەوە بۆ ئەوەی زەخت بکەنە سەر تورکیا وسیاسەتی خۆی بگۆڕێ بەرامبەر کوردستان، تەنانەت ئێمە توانیمان وابکەین لە وەزارەتی دەرەوە یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری مافی مرۆڤ بچێتە تورکیا و سەردانی دیاربەکریش بکات هەروەها توانیمان لەڕێگەی KNCوە لە ناو کۆنگرێس چەند سیمینارێک لەسەر کوردو وەزعی کوردستان سازبکەین.

*** ئەی ئێستا بۆچی KNC وەکوجاران چالاکییەکانی دیار نییە؟**

- بەڕای من هۆیەکەی ئەوەیە کە نوێنەرایەتی هەرێم پەیدابووە، ئێستا حزبەکان تا حەددێک نوێنەری خۆیان هەیە لەم وڵاتانە، ئیمکانیەتیان زیاترە و پارەیان هەیە، بەڕای من هەڵەشە لەلایەن حزبەکانەوە، لە سەرەتاوە حزبەکان وایان دەزانی

←

خوێندنەوەی لاپەڕەکان... ئەو ڕۆژو شەوانەی لەبیرم ناچنەوە

# حاجی مەمۆ : کوردایەتی و خامۆشییەکانی ئەزموونی فرە حزبی



**حاجی مەمۆ**

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد و خوێندنەوەیان بە دید و بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەی پۆزەتیڤ، لە پێشەوە سەربردەی بێ کۆتایی دووبەرەکی و ڕەشەکوژی یەکتریمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەبێ ئەوەی سەرچاوە مێژووییەکانی بەردەست بەڕاشکاوی ئەوەیان ساغکردبێتەوە لەسەر چی و چلۆن ئەو هەموو بینەو بەردە بێهودەییە هاتوو و چووە و ئەنجامەکەی چی لێ کەوتووەتەوە، بەجۆرێک سەرتاپای لاپەڕەکانی ئەو مێژووە پڕ کوێرەوەرییەمان بە سەربردەی کارەسات بە دوای کارەسات قەتماغەی گرتووە.

لە پاشان هەر بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانی بەردەست، هێشتا مێژوونووسەکان لەسەر هێڵێکی دیاریکراو و زەمینەیەکی پتەو چۆنیەتی دروستبوون و گەشەکردنی قۆناغەکانی پێکهاتەی نەتەوەی کورد، شتێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەداوە، ئەتو بڵێی کاروانی دیرۆکی کورد سەرچاوەکەی لە تەپ و تۆزی تەمومژی بەرچاوی مێژوونووسانەوە لەنگەری گرتبێ! یاخود ئەوەی هەمانە زۆرتر مەزەندەو خەمڵین و پێداچوونەوەی ڕاگوزارانەی کوردناسی و دۆستە دوور و هەتا نەیارەکانی نەتەوەکەمانە! هەر بۆیەش دەبێ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان، لێرە بەدواوە لە هەوڵی ئەوەدا بین، کەشوهەوای مۆرالی کۆنینەی خۆبەزل زانین و خوێندنەوەی بێ ناوەڕۆکی ڕابردوو کۆتایی پێ بهێنن و بۆ لەمەودوا بەچاو و دیدێکی ڕەهەند ئامێز و داهێنەرانەی هاوچەرخ، لە پێناوی هەڵهێنانی ڕۆژگارێکی نوێی نووسینەوەی مێژووی کۆن و نوێمان هەنگاو هەڵگرین، بۆ بەرژەوەندی نەتەوایەتی و نیشتمانی نەتەوەکەمان بکەوینە بەخۆداچوونەوەیەکی بابەتیانە. واتە مێژوویێک بۆ خۆمان بکەینە ڕەشماڵی ڕیالیستی و لە ئاست توانای هەنوکەیی نەتەوەکەمان بێت و بوێر و بەرچاو ڕوونانە باس لە خەوش و خامۆشییەکان بکەین، تاکو هەر بە خۆمان و لەخۆمانەوە چارەسەری مژدەدارانە بۆ دەردەکانمان بدۆزینەوە و کەلەبەرە گەورەکانی مێژووەکەمانی پێ پڕ بکەینەوە.

ئا لەم چاو پەناییەوە، نابێ پێمان سەیر بێت، ئەگەر زەمینەی مێژووی دروستبوونی نەتەوەی کورد، زەمینەیەکی تەماوی و پڕ گرێ کوێرەو بازنەی گۆمی بێ ئامان بێت. کەچی ئەمڕۆ نەتەوەی کورد وەک هەر نەتەوەیەکی تر بوونی خودی لەلای خۆیەوە هەیە، بەڵام نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و بێ چوارچێوەی سیاسی و جوگرافی دان پێ نەنراوە، هەر بۆیەش نەتەوەکەمان لەهەموو ڕۆژێک زیاتر، پێویستی بەوە هەیە چاو بەمێژووی خۆیدا بگێڕێتەوە، هەر جۆرە قەیران و خەوش فەشەل و ناتەواوییەک هەبووە و هەیە بە ئاشکرا هەڵوەستەیان لەڕوودا بکات بۆ تەتەڵەکردن و ساغ کردنەوەیان، بە شێوەیەک بەبێ خۆ لێ دزینەوە وانە و عیبرەتیان لێ وەرگرین، بێگومان لە چوارچێوەی ئەو مێژووە تەماوی و پچڕ پچڕەی نەتەوەکەماندا، بە درێژایی ڕۆژگار لایەنە پڕ تروسکایی و گەشەکان و سەروەرییە شاردراوەکان، هەمیشە بوونەتە قۆچی قوربانی نادروستی و دەست و پێ سپیەتی و خامۆشییەکانی فاکتەری خۆیی. بۆیە هەر خوێندنەوەیەکی واقیعی و ژیرانەی دوور لە هەڵبەستن و بەخۆداهەڵگوتن و چەند بارە نەکردنەوەی لاسارییەکان، تاکە زامنی دەربازبوونمانە لەمل شکان و دەردەسەری زیاتر کە هەتا ئێستاکەش درێژەی هەیە. ئیتر نابێ ئێمە لەوە بترسین کە باسی خامۆشییەکانی خۆمان بکەین. بە کورتی مێژووی نوێ لەسەر خوێندنەوەی کەندەڵانی نەگبەتییەکانی ڕابردوومان ڕۆشنگەری و سەروەرییەکانی نەتەوەییمان ساغ دەکاتەوە. هەر بۆ نموونەش ئەوەندەی من پێی بزانم، لەڕووی جوگرافییەوە، کوردستان هەرگیز سیمای سنووری وڵاتێکی ڕەسمی بەخۆوە نەدیتوە. واتە سنووری ناسراوی نێودەوڵەتی نەبووە، بگرە هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە، ژێردەستەو پارچە پارچەی دەستەمۆی ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتە داگیرکارە دەستکردەکانی دەوروبەر بوون و لەسەر هیچ نەخشەیەکی ڕەسمی و ئاشکرای نەخشەی جیهان، کوردستان سنوورێکی تەواوی بۆ تۆمار نەکراوە، بەڵکو بۆ یەکەمجارە لەمێژووی کۆن و نوێماندا، دکتۆر عەبدوڵڵا غەفووری هەولێری کەوتووەتە هیمەتی دەستپێشکەری و لەکتێبی جوگرافیای کوردستاندا، سنووری کوردستانی گوند بەگوند و ناوچە بەناوچە تۆمارکردووە و وەک دیکۆمێنتێک بۆ بەرچاوی دۆست و دوژمن ساغی کردووەتەوە، بەڵام ئەو هەوڵدان و تەقەلایە تاک و تەرایانەی پێشووتر زۆرتر لە بازنەی هەرێمی ناوچەیی ناو سنووری دەوڵەتی "ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا.." کراوە. ئەوجا ئایا ڕۆڵی ئاشکراو فاکتەرێکی سەرەکی بووە لەو بارودۆخەی ئێستاکەی نەتەوەی کورد. نەک بەو مانایەی کە فڵانە ئایین و مەزهەب لەسەر دژایەتیکردنی بوونی نەتەوەیی کورد بەرپا بوویێت، بەڵکو ئاڵا هەڵگر و دەسەڵاتدار و دەرویش و موریدەکانی ئایینی لە کوردستاندا، بە پێچەوانەی خەڵکی هەمان ڕێبازی ئایینی لەناو نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورکدا، ئەوەندەی بەتەنگ خودی ئایین و خۆ بەقوربانیکردنی بوونە، هەرگیز بایی تۆزقاڵێک ئاوڕیان لەخواست و ئەرکە نەتەوەییەکانی کورد بوونی خۆیان نەداوەتەوە، بگرە بەدرێژایی مێژووی ڕابردوو، نەتەوەی کوردو خاکی کوردستانیان کردۆتە قوربانی و خزمەتی بەجێ گەیاندنی یەک لایەنەی ئایینەوە، بەڵام نەتەوەکانی دەوروبەر بە ڕۆژی ڕووناک ئەو "ئایینە"یان کردۆتە خەرمانی گەیشتنە لووتکەی دەوڵەت و کیانی نەتەوەیی، داهێنەرانە لە سێبەری ئەو ئایینەوە بۆ خۆیان دەوڵەت و سەروەری نەتەوەیی خۆیان ساغ کردووەتەوە، هەر بۆ نموونەش ئایینی ئیسلام کە لە پێشەوە لەلایەن نەتەوە و زمانێکی لایدە بە کوردەوە، کوردستانی داگیر کردووە و نەتەوەی کوردی بە شمشێر و گرتن و کوشتن کردووە بە ئیسلام، هەتا زمانی کوردیشی بەڕەوا نەبینیوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ئایینە، بۆیە کاتێ ئەوە هاتووە زاناو کوردە موسڵمانە تێکۆشەرەکان، دان بەو حەقیقەتەدا بنێن و بەدیدێکی خزمەتگوزار بە ئایین و خودی نەتەوەکەمان لە ئەدەبیاتی جیهانی ئیسلامی بڕوانن و جێ پێی خۆیان بۆ بەرژەوەندی نەتەوایەتی لە بزاڤی ڕزگاری و سەربەخۆیی کورد بکەنەوە، چونکە کەسێک ناتوانێ بە کورد بڵێ خزمەتی بە ئیسلام نەکردووە و مێژووی عەرەب و تورک و فارس بە قەرزاری و لاوچاکییەکانی کوردە موسڵمانەکان تەنراوە، بەڵام ئەو نەتەوانەو هەتا موسڵمانەکانیش بۆ یەک جاریش لەسەر زوڵم کردن و چەوساندنەوەی دڕندانەی ڕژێمەکانی عێراق و تورکیاو ئێران و سوریا لەسەر میللەتی کوردیان هەڵنەداوەتێ، بگرە تاکە وەڵامی لاوچاکییەکانی نەتەوەی کورد سووتاندنی کوردستان و دزینی سەروەت و سامانەکەی بووە.

هەروەک چۆن جیهانی دەوروبەری کوردستان لەڕووی پێکهاتەی دەستکرد و قۆستنەوەی فرسەتی مێژووە لەلایەن نەتەوەی عەرەب و تورک و فارسدا، بەجۆرێک کلتووری داهێنان و خۆدروستکردن سیمایەکی سروشتی بەخۆوە نەگرتووە و ئەو نەتەوانە لە ئەنجامی گەشەکردنێکی ئابووری و خەباتێکی بێ وچانی قۆناغی ڕزگاری، دەوڵەت و حکومەت و کیانی سیاسییان بەدەستی خۆیان دروست نەکردووە و زۆرتر سێبەری ساغبوونەوە و ڕێککەوتنەکانی نێوان هێزە کۆلۆنیالیستەکانی ڕۆژئاوا هاتوونەتە دروستبوون و لەسەرپێ وەستان و مانەوە، بەجۆرێک ئەو واقیعە تاڵە زۆر خراپتر بۆ نەتەوەی کورد گەڕاوەتەوە و داگیرکەرانی کوردستان لە خت و خۆڕایی وڵاتێکی پڕ سەروەت و سامانیان کەوتووەتە چنگ و لە داوێنی چاوچنۆکی و دەسەڵاتی بەردەستیان هەرگیز بە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد ڕازی نەبوونە و نابن. بەجۆرێک ئەو کەش و هەوایە یەک بارودۆخی دەروونی و سایکۆلۆژی کردۆتە میراتی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان، کە بۆ دەیان ساڵی دیکەش دەروونی کزۆڵ و گیانی لاوازی مرۆڤی کورد هەر "کاڵا بەقەد باڵایە" و لە ئەنجامی ئەو شاڵاوە چەند سەرەییەی هێز و دام و دەزگای ڕژێمەداگیرکەرەکانی کوردستان بۆ سەر ڕۆحی نەتەوەکەمان کە هەتاکو هەنووکەش لە قاوخێکی هێچگار تەسک و دواکەوتووانە هەڵسوکەوت لەگەڵ نەتەوەی کورد دەکەن، بە جۆرێک لەپێشی پێشەوە تا بۆیان بکرێت بەهیچ شێوەیەک کورد وەک نەتەوەو نەتەوەیەکی جیاواز ناخوێننەوە و هەرچی ڕق و قینەی ناو دڵ و دەروونیان هەیە بەسەر ڕۆڵەکانی کوردی دادەبارێنن. هەتا ئەو ڕادەیەی دەروونی مرۆڤی کوردیان بنکۆڵ کردووە، کە تەنیا خاوەنی نەفسیەتێکی لەرزۆک و پڕ شەرم کردن و باوەڕ بەخۆ نەکردن بێت. نەفسیەتێک لە بەرانبەر دوژمناندا "داگیرکەرەکانی کوردستان" لەسەر چۆکانەوە بخشێ و لە ئاست خودی خۆیشیەوە تا بڵێی لووت بەرز، بەقەد باڵای شاخە سەرکەشەکانی کوردستان ڕەق و تەق بێت. چونکە هەتا ئێستاکەش کورد لەسەر خاکی خۆیدا لەزۆر شوێن هەر بە میوان و لایدە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و وەک مرۆڤی پلە دوو و سێ دەخوێندرێتەوە و هەتا لە ڕەگەزنامە و پێناسەی ئاسایی هاوڵاتیبوونی ئەو وڵاتە بێ بەش کراوە. لەپاڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا ڕۆڵەکانی کورد لە زۆربەی پارچەکانی کوردستاندا بۆی نییە بەزمانی زگماکی خۆی بخوێنێ و مافی وەرگرتنی هەموو پلەوپایەیەکی ئەو دەوڵەتەی نییە، ئەگەر ناسنامەی کەسایەتی "نەتەوەیی-کوردبوونی" خۆی بپارێزێ. مرۆڤی کورد هەر لە منداڵییەوە لەڕووی پێداگۆگی و پەروەردەو خوێندنەوە بە بەرنامەیەکی پان ئێرانیزم و تورانیزم و عەرەبیزم مێشکی دەئاخنرێ و هەست و نەستی نەتەوەیی خۆی تێدا زیندە بەچاڵ کراوە و دەکرێ. لەڕووی مەیدانی و بەرچاوەوەش ئێستاکەش کوردستان وەک ئۆردوگایەکی سەربازی بەهەزار و یەک خاڵی کۆنترۆڵ و پشکنین و مۆڵگەو تەپکەی سەربازی تەنراوە و بەناوی پاسەوانی سنوور و کۆنترۆڵ کردنی باری ئاسایش سەرباز و جەندرمەو هێزی ئاسایش هەر هەموو لە نەتەوەی سەردەستەو حوکمڕانی ناوچە کوردستانییەکانیان پێ سپێردراوە.

**بەشی سی و شەش**

**تێبینی:**
ئەو نووسینە لەبری بەشەکانی دیکەی یاداشتەکانی حاجی مەمۆ بڵاودەبێتەوە.

---

کە KNC ڕەقیبی ئەوانە، یان دەیەوێ جێگای ئەوان بگرێتەوە بۆیە ئێمە هەر لە سەرەتاوە کە KNC مان دامەزراند وامانکرد کە KNC تەنها لەئەمریکا بێت، بۆ ئەوەی هیچ حزبێکی سیاسی کوردی وا نەزانێ ڕۆژێک ئێمە دێینەوە بۆ کوردستان و حزب دروست دەکەین و بەربەرەکانێی ئەوان دەکەین لەهەموو پارچەکان نەک هەر لەوێ، ئێستاش KNC ماوە، بەڕای من حزبەکان ڕۆڵێکیان هەیە کە ڕۆڵی KNC کەم بۆوە، چونکە ئەندامەکانیان هان نەدا کە بچنەناو KNC ەوە، هەرچەندە ئەگەر بێینە سەر ڕاستی زۆربەی وڵاتانی جیهان پێیان خۆشە ڕێکخراوێکی جەماوەری لەو شێوەیە هەبێت بۆ ئەوەی نەک هەر بەناوی حزبەوە بەڵکو بەناوی میللەتەکەیانەوە کاربکەن، لەلایەکی تریشەوە کە پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم و نوێنەرایەتیەکەی پەیدابوو KNC خۆیشی نەیتوانی کاری خۆی بگۆڕێ، بەڕای من ئەو گۆڕینانەی کە بەسەری هات بووە هۆی ئەوەی کە KNC لاوازتر بێت و ئەندامەکانی کەمتر بێتەوە، ئێستاش KNC دەتوانێ کۆنفرانسی خۆی بگێڕێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕۆڵی KNC ئەو ڕۆڵە نییە کە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە تا ناوەڕاستی نەوەدەکان هەیبوو.

*** بە حوکمی ئەوەی کە جەنابتان ماوەیەکی زۆرە لە ئەمریکا دەژین، پێتوایە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان چی بکات باشە بۆکۆکردنەوە و یەکخستن و ڕێکخستنی دەنگ و هەڵوێستی کوردەکان لە ئەمریکا تا بە ئاراستەی بەرژەوەندی ئایندەی کورد و کوردستان بگەڕێتەوە؟**

- بە بڕوای من ئەوە دوو لای ئەوێ بۆ ئەوەی کارێکی وابکرێت، یەکەمیان ئەو ڕەوەندە کوردیەی کە لە ئەمریکا هەیە، دووەمیشیان حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئێمە لێرە باسی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەین، ڕەوەندی کوردی لەئەمریکا دەبێ بەشێوەیەک سەیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات نەک لەهەموو شتێکی ڕازی بێت، بەڵام ئەوکارە باشانەی کە دەشکرێن هاوکاری بکات، ئێمە بمانەوێ یان نەمانەوێ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیفەتی دیبلۆماسی نییە، ڕاستە پەیوەندی باش هەیە و کاری باشیش دەکەن، بەڵام ڕەوەندی کوردی دەتوانێ هەرکەسێک لە ناوچەکەی خۆی کۆنگریسمان و سەنەتۆری خۆی و سیاسییەکانی خۆی وا تێبگەیەنێ کە ئێمە نوێنەرایەتیمان هەیە، ئەم نوێنەرایەتیە ئەوان بە سیفەتێکی دیبلۆماسی و ئەمانە قسەیان لەگەڵ بکەن و بیناسن، نوێنەرایەتی هەرێمیش لەهەمانکاتدا دەبێت هەوڵبدات کە ئەو کۆمیونیتەی کورد کە لەدەرەوەیە بەرەو خۆی ڕابکێشێ بەشداری بکات، جار جار ڕاوێژی پێبکات لەکاروباردا، جار جار خەڵکیان بچنە سەردان و ئەمانە، هەرچەندە ئەمانە تا ڕادەیەک کراوە، بەڵام دەکرێ زیاتر بکرێت، شتێکی زۆر گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت هەر کوردێک لە دەرەوە سەیری بەرژەوەندی کوردستان بکات نەک ڕێکخراو و حزبەکەی چی دەست دەکەوێ یان من چیم دەست دەکەوێ و چی بۆ من هەیە.

*** ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییە کوردییەکان لە ئەمریکا چۆنە؟**

- ڕێکخراوی مەدەنی کوردی ئەوەندە نییە وەکو کوردستان، بەڵام هەشن، ڕێکخراوێک هەیە کە زۆر پەیوەندی بە پەناهەندە و کاری پەناهەندەگییەوە هەیە لە ناوچەی ڤێرجینیا پێی دەڵێن (کوردیش هیومان ڕایتس وۆچ)، هەڵبەتە ئینیستیوتەکەی ئێمەش ئینیستیوتێکی ئەکادیمیە بەناوی (ئینستیوتی کوردی لەواشنتۆن) ئەمە شتێکی ئەکادیمییە دەربارەی توێژینەوەو مافی مرۆڤ و دیموکراسی، ئەمە جگە لە پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی ئەمریکا وەک کۆنگرێس و کۆشکی سپی و حکومەت ومیدیای ئەمریکا.

*** ئینستیوتی کورد لە واشنتۆن چ پەیوەندییەکی بە ئینستیوتی کورد لە پاریس هەیە؟**

- هەریەکە سەربەخۆن، بەڵام هاوکاری یەکتر دەکەین، بۆ نموونە بەڕێز کەندال نەزان کە سەرۆکی ئینستیوتی کوردە لە پاریس ئەندامی بۆردی ئینستیوتی کوردە لە واشینتۆن، هەروەها من کە سەرۆکی ئینستیوتی کوردم لە واشینتۆن جێگری سەرۆکی ئینستیوتی کوردم لە پاریس، پەیوەندییەکانمان زۆر باشە، من پێموایە پێویستە ئەو جۆرە پەیوەندییانە لە نێوان هەموو ڕێکخراوە کوردستانیەکان هەبێت لەدەرەوەی وڵات، بەڵام بەداخەوە کەمە، تەنها ئێمە پەیوەندییەکەمان زۆر بەهێزە.

*** ئینستیوتی کورد لە واشنتۆن کەی دامەزرا و کارەکانی چین؟**

- ئینستیوتی کورد لە واشنتۆن لە ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە، ئەمە وەکو سەنتەرێک وایە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کورد، ئێمە ڕۆژانە ئەو هەواڵانەی گرنگن لەسەر کوردستان و ئەو شتانەی کە لە چاپەمەنی ئینگلیزیدا دەنووسرێ وەکو نامە ڕۆژانە دەینێرین بۆ هەزارەها کەس.

*** بڵاوکراوەی ترتان هەیە؟**

- بڵاوکراوەی ترمان نییە، ماوەیەک بڵاوکراوەیەکمان هەبوو وەک ڕۆژنامەیەک بەناوی زاگرۆس، بەڵام بەراستی پێویست نەبوو، چونکە ئێستا بڵاوکراوەی زۆرتر هەیە.

*** سایتی تایبەت بە خۆتان هەیە؟**

- بەڵێ سایتێکمان هەیە بەناو نیشانی www.ki.kurd.org .

*** وەک ئینستیوتی کورد لە واشنتۆن پەیەوەندیتان لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا چۆنە؟**

- پەیوەندییەکی باشمان هەیە ئەگەر کارێکی گرنگ هەبێ دەچینە وەزارەتی دەرەوە و کۆنگرێس و کۆشکی سپی لەگەڵیان دادەنیشین.

*** دەتوانین بڵێین ئینستیوتی کورد لە واشنتۆن جێگرەوەی KNC یە؟**

- نا نەخێر، دەزانی بۆ؟ چونکە ئینستیوتی کورد لە واشنتۆن ئەندامی نییە تەنها بۆردێکمان هەیە کە لە (٧) کەس پێکهاتووە و تەنها لە واشنتۆنە، KNC ڕێکخراوێکی جەماوەرییە ئەندامی هەیە، بەداخەوە خۆزگە ئەندامەکانی زۆرتر بوونایە، بەڵام ئێمە وەکو ئینستیوت بەشێوەیەکە ئەندامی نییە بۆ ئەوەی کە کارەکان بەباشتر بکەین پێویستیمان بە ئەندام نییە جگە لە بۆردێک.

*** زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان کە کاتی خۆتان بۆتەرخان کردین و سەرکەوتوو بن لە کارەکانتان.**

- سوپاس بۆئێوەش هەر سەر کەوتووبن.

---

مرۆ (١١٨)



حەمید بەدرخان

## میدیای ئازاد

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە ڕەوتی ڕۆژنامەوانیی ئازاد لە کوردستاندا بەتایبەتی ئەوێ دەمێ ساڵی ٢٠٠١ لەسلێمانی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان "سلێمانی" بە بڕیاری د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، وەزارەتی ڕۆشنبیری پڕۆژەیەکیان ئامادەو گەڵاڵەکرد، وابزانم لیژنەکە بریتی بوو لە"فەتاح زاخۆیی، محەمەد موکری، مامۆستا جەمال عەبدول، فەرید ئەسەسەرد..." هەر ڕۆژنامە یا گۆڤارێک یا بڵاوکراوەیەک یا بنکەیەکی ڕووناکبیری یا سەنتەرێک، بڕێک یارمەتی یا هاوکارییان بۆ دەستنیشانکرد، ئەوکات مانگانەی بەدرخان بڕی"٢٠٠٠"دوو هەزار دیناری چاپی سویسری بوو، لەپاش ٣ساڵ، لیژنەکە سوپاسی مانگنامەی بەدرخانیان کرد لەبەرامبەر دەرچوونی لەکاتی خۆی و هاوکارییەکەی میدیای ئازادیان کرد بە"٣٠٠٠" سێ هەزار دینار، پاش دوو ساڵی دیکە لیژنەیەک هات و هاوکارییەکە زیادکرا بۆ یەک ملیۆن دیناری چاپی نوێ، لەپاشان بە بڕیاری عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئەوکات بڕە هاوکارییەکە کرا بە "٢" ملیۆن دینار...

ئێمە زوو گوتوومانەو هەر دەیڵێینەوە، نامانەوێ کەس لەسەر هەڵەو کەم و کوڕی و گەندەڵی بەرگریمان لێبکات. بەڵام بە هەق و ڕەوای دەزانین لە بەرانبەر ئەو هەموو کارو چاپکراوە نوێ و بەتایبەتی مانگنامەی بەدرخان لە مانگانە بۆ زیاتر لە "٢" ساڵە بۆتە "١٥"ڕۆژ جارێک و لەکاتی خۆی دەردەچێ، بە ڕەنگاوڕەنگی و جۆری کاغەزو دەرهێنانی هونەریش بۆ خوێنەرانی جێ دەهێڵم.. لێرەدا هەقی خۆیەتی بپرسم. چەند ساڵە لیژنەیەک لە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ڕۆشنبیری نەهاتووە بزانێ ئێمە چۆن ئەو پارانە وەردەگرین و چۆنیش خەرجی دەکەین، ئاخۆ داهاتی دەزگای بەدرخان لەکوێوە دێت و ئایا ئەو "٢" ملیۆن دینارە بەشیان دەکات یان نا؟! من زۆر گوتوومەو دەیڵێمەوە، برسێتی چارەسەر دەکرێ، بێ شوێنیش مرۆڤ دەتوانێ ئۆقرە بگرێ، هەندێجار قسەی توندو بەزاندنی هێڵی سووریش ئازادیخوازەکان دەتوانن بیبەزێنن. بەڵام ئەوەی ناتوانین ئەنجامی بدەین و قبووڵی بکەین و هەرگیزاو هەرگیز سازشی لەسەر ناکەین و باجەکەشی هەرچەند بێت دەیدەین، ئەویش خۆشەویستیمان بۆ خاک و نیشتیمان و نەتەوەیە، ئەوەیان هێڵی سوورەو مومکین نییە بتوانین لەبەرامبەر هەر شتێک چونکە بەرژەوەندی باڵای میللەتەکەمان زۆر لەوە گەورەترە بەپارچە زەوییەک یا میوانداریێک یا سەفەرێک یا هەر ئیمتیازێک کە ناحەزان بیدەن دەستبەرداری بین. ئەگەر وا بۆ"١٠"ساڵ دەچێ، دەزگای بەدرخان بە قەرزو قوڵەو بێ شوێن و هەموو دەردەسەرییەکانی دیکە گوزەراندوویەتی، نە شەرم دەکەین باسی بکەین، نە بە شتێکی کەموکورتی دەزانین. بۆیە لێرەو لەوێ باسی چاوخشاندنەوە بە "مینحە"کان دەکرێ. نابێ و ناکرێ دیسان پاش"١٠"ساڵ دەزگای بەدرخان بە "٢" ملیۆن دینار بۆ "١" مانگ لەبەرانبەر "چاپکردنی بەدرخان و بڵاوکراوەو چالاکی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان" بەو بڕە پارەیە بەڕێوەبچێ. هەمووان دەزانن جگە لەوە مینحەیە کە مانگانە بەدرخان وەریدەگرێ و لەگەڵ هاوکاری ئەو برادەرە بە حورمەتە کە "١٠"ساڵە بە بەردەوامی ئاگای لە ئێمەو لە دەزگای بەدرخان هەیە، هیچی دیکەمان وەرنەگرتووە، ڕووناکبیران باوەڕمان پێناکەن، کە "٤" ساڵە یەک فلسمان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرنەگرتووە، بەڵام سەرسەختانە بەرگریمان لەکاری ڕۆژنامەوانیی و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیی کردووە.

ئەگەر خەرجییەکانی دەزگای بەدرخان باس بکەین جگە لەوەی کە "من" ١٠ ساڵە لە بەدرخان مووچەو پاداشتم نەبووە، ئەوا خەرجییەکان بۆ مانگێک بەمجۆرەی خوارەوەیە:

١- چاپکردنی بەدرخان دوو ژمارە"٨ و ٢٢"هەموو مانگێک لە چاپخانەی"تەوا" بە"٢٢٥٠٠٠٠"دوو ملیۆن و دووسەدو پەنجا هەزار دینار.

٢- دەستەی نووسەران "٩٢٥٠٠٠ هەزار دینار".

٣- بەشی هونەری "١١٥٠٠٠٠" ملیۆنێک و سەدو پەنجا هەزار دینار. ٤- کرێی نووسینگەو مەخزەن "٥٠٨٠٠٠" پێنج سەد و هەشت هەزار دینار.

٥- خەرجی نووسینگە "٣٥٠٠٠٠" سێ سەد و پەنجا هەزار دینار. ٦- بەشی ژمێریاری"٣٥٠٠٠٠"سێ سەدو پەنجا هەزار دینار. ٧- ئەگەر لە مانگێک دوو کتێب چاپ بکرێت"٤٠٠٠٠٠٠"چوار ملیۆن دینار. ٨- کۆی گشتی دەکاتە ٩٥٣٣٠٠٠ نۆ ملیۆن و پێنج سەد و سی و سێ هەزار دینار.

ئەوە تەنیا چەند ساڵە بە دەزگای بەدرخان کراوە. بۆیە لەگەڵ هەموو ئەو کارانە، دەزگای بەدرخان بەتایبەتی"حەمید"هەر قەرزارە، ئەمڕۆ دەپرسم و هاوار دەکەم، توخوا بەس نییە، ئەو دەردەسەری و مەینەتییە! لەبیرمە ساڵی ٢٠٠٤ کاتێ وەزیری ڕۆشنبیری عێراق و کوردستان و د. کەمال مەزهەر و سینەم خان و خوالێخۆشبووان سەلاح سەعدوڵلاو د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف و... هتد لە فێستیڤاڵی یەکەمی بەدرخان ٢٠٠٤/٤/٢٢ ویستیان دەزگای بەدرخان ببینن، منیش بێ دوودڵی لە بینای ڕەحیمی مەلا عەلی بووین دەزگای بەدرخان لە دووکانێکی"٢×٣"بوو، کاتێک شوێنەکەیان بینی و سەیرێکی منیان کرد د. کەمال مەزهەر وتی: لەو شوێنە بچووکە ئەو هەموو ئیشە مەزنە دەکەی؟ دڵنیابە لە داهاتوودا هەر سەردەکەوی.



www.warvin.org

## ڕای پێش وەخت



دڵزار حەسەن

دەبووا بەر لەوەی ئەو سەفەرە بکەین هەندێک پێشبینی خۆم لەسەر ئەو گەشتە بۆ وڵاتی یۆنان لەم گۆشەیە تۆمار بکەم، بەڵام بوار نەبوو بە نووسین ئەوە بکەم، بەس هەوڵمدا لێرە و لەوێ هەندێ سەرنجی خۆم لەبارەی بارودۆخی گەشتەکە لەلایەن برادەران دەربرم. یەکێک لەو پێشبینیانەم ئەوە بوو کە دەمگوت لەو سەفەرەدا بە ڕێگاوە زۆر ماندوو دەبین، بەڵام سەرباری ئەو ئەزیەتەمان، دواجار لەزەت و خۆشییەکی زۆر وەردەگرین. فەرموون لە برادەران بپرسن کە ڕاستە هیلاک بووین، بەڵام یادگارییەکانی ئەو سەفەرەمان هێندە زۆرە کە زۆربەمان خۆزگەی دووبارەبوونەوەی بۆ دەخوازین. هەروەها دەمگوت ڕووناکبیران و ئەندامانی پەرلەمان و ناوەندە کلتوورییەکانی وڵاتی یۆنان ڕەخنەمان لەسەر ئەوە لێدەگرن کە ستافی وەفدەکە تەنها لە پیاوان پێکهاتووە و ژنان و ئافرەتانی نووسەر و ڕووناکبیرمان لەگەڵدا نییە. واشدەرچوو، زۆر بە ئاشکرا ڕەخنەی ئەوەیان لێگرتین کە نەمانتوانیوە ژنان و ئافرەتانێک لەگەڵ خۆمان بۆ ئەو فیستیڤاڵە بەرین، هەرچەندە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە زۆربەی ژنانی ئێمە بە هۆی نەریتی کۆمەڵگاوە ناتوانن بەتەنها سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات بکەن. لەگەڵ هەندێک هۆکاری تەکنیکی دیکە کە هەوڵدەدەین لە فێستیڤاڵەکانی ئاییندە دەزگای بەدرخان چارەسەریان بکات. لەلایەکی دیکەوە پێشبینی ئەوەمدەکرد کە فیزەکەمان "شینگن" بێت، هەرچەند برادەر هەبوو لەمە نائومێد بوون، بەڵام خۆشبەختانە بە هەوڵی کاک حەمیدی بەدرخان و دکتۆر ئازاد حەمە شەریف توانرا فیزەی "شینگن" بۆ سەرجەم میوانانی فێستیڤاڵەکە وەرگیرێت.

لێرەدا با واز لە پێشبینیەکان بهێنین و بچینە نێو دۆخی فیستیڤاڵەکەوە کە بۆ خاتری زۆرێک کاری باش و جددی دەزگای بەدرخان و هەوڵ و ماندووبونی بەرپرسی دەزگا، کاک حەمید بەدرخان و میوانانی فێستیڤاڵ چ ئەوانەی لە کوردستانەوە لەگەڵماندا هاتبوون چ ئەوانەی لەوێندەری بە ئەرکی ڕێکخستنی فێستیڤاڵەکەوە بوون بە پێویستی دەزانم لە دەرگای ڕابردووەوە باسی زۆرێک کاری نێو ئەو بۆنەیە بکەم کە وایانکرد فێستیڤاڵەکە دەوڵەمەند و جوانتربێت. بێگومان وێڕای باشی بابەت و وتار و لێکۆڵینەوەکانی نێو فێستیڤاڵ کە لەلایەن ڕووناکبیران و مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستانەوە پێشکەشکرا. هەروەها یەکێک لە بابەتە گرنگ و سەرنجراکێشەکانی فێستیڤاڵی دەزگای بەدرخان لە وڵاتی یۆنان، فیلمێکی دیکۆمێنتی بوو کە لەلایەن "ستار محەمەد ئەمین"ەوە ئامادەکرابوو. ئەم فیلمە دەربارەی کار و چالاکییەکانی دەزگای بەدرخان بوو، کە لە ساڵانی ڕابردوودا وەک فێستیڤاڵ و گەشتی ڕۆشنبیری و هونەری چ لە ناوەوەی کوردستان چ لە دەرەوە ئەنجامی داون. هەڵبەتە کارە هونەرییەکەی ستار محەمەد ئەمین کە خۆی لە فیلمێکی دیکۆمێنتی دەبینیەوە، لە ڕێگەی ئامێری سکرینەوە لە هۆڵی تایبەتی فێستیڤاڵەکە لە ئەسینای پایەتەختی وڵاتی یۆنان نمایشکرا و دواجار بە ڕێگەی سیدییەوە کۆپییەکی وەک دیاری پێشکەش بە میوانان کرا. ئەم فیلمە تێکەڵییەک بوو لە لێدوان و وتە و وتاری ڕووناکبیران و نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسانی حکومی و حزبی هەرێمی کوردستان، کە ڕاو سەرنجی خۆیان لەبارەی کار و چالاکییەکانی ئەو دەزگایە دەربڕیبوو. ڕەنگە کارێکی ئەوها بۆ ئەو شوێنە بایەخی کلتووری خۆی هەبێت، بەتایبەتی بۆ لایەنی بەرامبەر، چونکە لەو جۆرە شوێن و وڵاتانە کاری دیکۆمێنتی بایەخی خۆی هەیە. ئەوان حەزیان لێیە وێنەکانی ئێمە لەڕێگەی ئەرشیف و دیکۆمێنت و کارە و چالاکییەکانەوە ببینن نەک تەنها بەقسە و وتار، بۆیە نیشاندانی فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر دەزگای بەدرخان کە دەزگایەکی گەورەی خاوەن بەرنامە و ئەتەکێتی تایبەت بە خۆیەتی، دواجار دەبێتە جێگەی خۆشحاڵی لایەنی بەرامبەر کە ئەوان شانازی بەوە بکەن لەکاتێکی ئەوهادا فێستیڤاڵێکی کلتووریان لەگەڵ دەزگای بەدرخان کردووە، کە چ لە ناو کوردستان و چ لە دەرەوە سەنگ و بەهای ڕووناکبیری و کلتووری خۆی هەیە. بەمە توانرا دەزگای بەدرخان ناسنامەی خۆی تێکەڵ بە دنیای دەرەوە بکات و بۆ هەمیشە هەمەهەنگ بێت لەگەڵ ناوەندە کلتووری و ڕوناکبیرییەکانی دنیادا.

# عەبدوڵڵا پشدەری: بارزانی هەرگیز چاکەو پیاوەتی خەڵکی فەرامۆش نەکردووە



عەبدوڵڵا پشدەری

ئەو جلک و پۆشاکی تایبەتی خۆی نەبوو وەکو پیاوە مەزنەکان، جلەکانی ئەو یا "قاتی پێشمەرگایەتی" یان "پشمەو بەرگووزی" بارزانیان، ئیتر ئەوەبوو ژیانی سەرۆک بارزانی نەمر، لە خواردن و جلک و پۆشاکدا هیچ جۆرە جیاوازییەکی لەگەڵ هی پێشمەرگەدا نەبوو و تا من خۆم بەدەیان جار لە ساڵی ١٩٦٢لە "دۆڵی خواکورک" ناوچەکانی "سیدەکان"دا دیتوومە کەوا خواردن و خەوتن و ڕابواردنی لە جەبهە وەکو هی ئێمەی پێشمەرگە بووە، هیچ جیاوازی ئیمتیازی نەدەدا بە خۆی لە هیچ ڕوویێکەوە، لەوانەیە خوێنەری بەڕێز باوەڕنەکات کە بۆی باس بکەم ساڵی ١٩٦٢ ئەو ماوەیە کەوا لە دۆڵی "خواکورک" بووین، شەڕبوو لەگەڵ عەشیرەتی برادۆستی و هەرکیدا، ئەوەبوو سەرۆک بارزانی بەخۆی و ٧٠٠-٨٠٠ پێشمەرگە تامی لە گۆشتی نەکرد. چونکە ئەو کاتەش سەرۆک بارزانی ئەوەندە پارەی بە دەستەوە نەبوو، کەوا "گۆشت" بۆ ئەو هەموو لەشکرە بکرێت، خۆشی بە تەنیا نەیدەخوارد و هەموو پێشمەرگەکانیش ڕازی بوون بەو ژیانە "کوولەمەرگییە" کەوا لە نان "تانی وشکی" زیاتر هیچ نەبوو، دەیان وت خۆ ئێمە لە سەرۆک بارزانی زیاتر نین، ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتریش ورەیان بەرز دەبۆوە، ئینجا جگە لەو هەموو شتانەی کەوا باسم کردن لە "شاکارەکانی" سەرۆک بارزانی نەمر، زۆر شتی تایبەتی واشی هەبوون، کەوا لە

هیچ کەسێکدا بەدی نەدەکران، وەکو خۆپێشاندان "تظاهر" یا خۆ جیاکردنەوە لە فەقیرو هەژاران، بارزانی نەمر هەمیشە دژی "کەشخەو فەخفەخە" بوو، حەزی دەکرد کەوا خۆی و هەموو هەڤاڵەکانی بەژیانێکی سادەیی و ساکاری ڕابوێرن، خۆیان لە "زەرق و بەرق" دوور بگرن، خۆیان بەخزمەتکاری میللەت بزانن، بارزانی هەرگیز حەزی لە ئۆتۆمبێلی تازە نەبوو، هەموو کات سواری ئۆتۆمبێلی کۆنی "لندرۆڤەر" دەبوو، تا ٧/٦ چەکداری بارزانیشی دەخستە ناو "پیکابە" زەردەکەیەوە وەکو "پاسەوان"، ئەوە هەموو "مەوکبی سەرۆکی شۆڕشی کورد بوو"، من ئاگادارم چەندین جاران ئۆتۆمبێلی تازەی ئاخیر مۆدێلی بەدیاری بۆ دەهاتن، سواری نەدەبوو، تا عەبدولرەحمان عارف سەرۆک کۆماری عێراق لە ساڵی ١٩٦٦ دا یەکێکی بۆ هێناو هەروەها ئەحمەد حەسەن ئەلبەکریش ساڵی ١٩٧٠ یەکێکی بۆ نارد ئەوەبوو هەردووکیانی بەخشین، بە لندرۆڤەرەکەی خۆی ڕازی بووو جگە لەوانەش کەوا باسم کردن، هەرگیز کەیفی بە "خانووبەرەی"جوان و ڕازاوە نەدەهات وەکو خەڵکی تر، بۆ وێنە ساڵی ١٩٦٥ ماڵی خۆی لە دۆڵە ڕەقەوە ناوچەی ڕانییە هێنایە ناوچەی باڵەکایەتی و لە "چۆلگەیەک" بە ناوی "دیلمان" خانووبەرەی دروست کردن بۆ ماڵی خۆی و پاسەوانەکانی، هەمووی لە "قوڕو بەرد"و "دارو پەردوو"و "دیوەخانە"یەکیشی بۆ میوانان قووت کردەوە، هەر لەوێ بزانە چۆن دیوەخانەیەک؟ مرۆڤ دەبووایە هەر بۆ سەیرو عەنتیکە تەماشای بکات، دیوار "قوڕو بەرد" سەرەکەشی گەڵای دارو خۆڵەبان. ئینجا ئەگەر میوان دەهات و شەوانە سەرۆک بارزانی نەمر دەڕۆیشتە لای میوانانی، لەو کاتەدا کەوا کیسەی تووتنەکەی خۆی بڵاو دەکردەوە بۆ "سیغار" پێچانەوە، چونکە ئەو سیگاری "لەفەی" دەکێشا، هێندێ

جاران "مشک" دەستیان دەکرد بە جووڵەجووڵ لە بنمیچەکانی خانووەکەوە، هەموو "گلۆخۆڵی" بانەکەیان دەخستە خوارەوە بۆ سەر تووتنەکەو جلەکانی سەرۆک بارزانیدا، ئەویش ناچار داوای یەکێک لە پاسەوانەکانی خۆی دەکرد، کەوا "تووتنە"کەی بۆ پاک بکەنەوە لەو "گڵ و خۆڵە"، ئیتر ئەوەبوو "کۆشک و سەراو پەردەی" سەرۆک و پێشەوای کورد، ئەوەبوو ژیانی و گوزەرانی ئەو مرۆڤە مەزنە. من لێرەدا پرسیارێک دەخەمە بەردەمی خوێنەری بەڕێزەوە و دەڵێم: ئایا "زەهدو قەناعەت و نکراتی زات" لەوە زیاتر چی هەیە؟ بگرە نەک سەرۆکی گەلی کورد، بەڵکو هەر کوێخای گوندێکیش بەو جۆرە ژیان و گوزەرانە ڕازی دەبێت؟ بەڵام لای ئەو زۆر کارێکی ئاسایی بوو، ئەگینا ئەگەر بیویستایەو حەزی بکردایە، خۆ ئەوەندە ئیمکانییەتە هەبوو، کەوا بتوانێت جێگاو ڕێگای زۆرباش و ڕازاوە بۆ خۆی و دەوراوپشتەکەی دروست بکات و بۆ وێنەش ئەوەبوو لە ساڵەکانی "١٩٦٦و ١٩٦٧"دا سەرمایەدارێکی بیانی "ئەرمەنی" بە ناوی "col Benkkian" هاتە لای سەرۆک بارزانی نەمر کاتی شەڕ وەستان بوو هەستا جوانترین "کۆشکی" بۆ سەرۆک بارزانی لە گوندی "قەسرو ماکۆس" لە ناوچەی باڵەکایەتی دروستکرد، بەڵام بارزانی نەمر، هەر نەرۆیشتە ناوی و هەر بە خانووە قوڕەکانی دیلمان شوکر بوو.

**دەربارەی وەفا:** سەرۆک بارزانی نەمر، هەرگیز چاکە و خزمەتی خەڵکی فەرامۆش نەدەکردو ئەوانەی کە تەنیا یەک ڕۆژ خزمەتیان کردبایە چ بەخۆی چ بە شۆڕشی کورد قەت و قەت لە بیری نەدەچۆوە، من دەتوانم لێرەدا بەدەیان کەس ناوبەرم لەوانەی کەوا بۆ چەند مانگێک نەک چەند ساڵێک لە خزمەتی دابوون، هەر کاتێ دەگەیشتنە لای ئەوپەڕی ڕێزی لێدەگرتن و بەپارەش یارمەتی دەدان، بە تایبەتی ئەو پیاوە کۆنانەی کەوا لە ڕابردوودا

هاوکارییان کردووە لە بەرەکانی شەڕو ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە خۆی دەینارد بە شوێنیانداو بە تایبەتی لەگەڵیاندا دادەنیشت و بەقسەی خۆش و پێکەنین زۆر زۆر دڵخۆشی دەکردن، بە دەستی خۆشی سیگاری بۆ دەپێچانەوە، لە کاتی گەڕانەوەشیاندا هێندێ یارمەتی دەدان.

**دەربارەی تواضع:** ئەوەبوو سەرۆک بارزانی هەر وەکو پێشتریش باسم کرد زۆر خۆی بەکەم دەگرت لە ئاستی فەقیرو هەژاراندا، هەروەها لەگەڵ هەڤاڵەکانی خۆشیدا، بگرە بچووکترین مرۆڤ دەیتوانی بڕواتە لای و زۆر ڕێزیشی لێدەگرت، شەوانە دیوەخانەکەی مۆنجی دەدایەوە هەر لە شێخ و مەلاوە، هەتا سەرۆک خێل و جووتیارو کرێکارو ڕەوەند، هەریەکەش بە پێی زانیاری خۆیان قسەی لەگەڵدا دەکردن، ئەوەبوو بارزانی هەرگیز ڕازی نەبوو بەناوی سەرۆک، پێشەوا، مامۆستا، قسەی لەگەڵدا بکرێت، هەمیشە دەیوت من مستەفام و بەس، ئەوەبوو جارێکیان ڕۆژنامەنووسێکی بیانی هاتبوو بۆلای دکتۆر مەحمود عوسمان وەکو وەرگێڕ لەنێوانیاندابوو، ڕۆژنامەنووسەکە هەردەم وشەی "لێدەری" بەکاردەهێنا، ئیتر بارزانی نەمر پرسیاری لە دکتۆر مەحمود کرد، وتی "لێدەر" چییە؟ ئەویش وتی قوربان لێدەر واتە زەعیم، ئەویش وتی بێژە ئەو مرۆڤە ئەز زەعیم نیمە، بەڵکو ئەز خزمەتکاری میللەتی کوردم، زۆر جاران خەڵکی ڕووشکێن دەکرد لەسەر پێدا هەڵدا گووتن پێی دەوتن واز لەو ئاخاوتنە پووچ و ناشیرینانە بهێنن، چونکە ئەز مرۆڤێکی هەژارم و گەورەی و باڵادەستی تەنها هەر بۆ خوای مەزن و دلۆڤانە، بەڵام سەیرەکە لەوەدابوو، کەوا سەرۆک بارزانی لە ئاستی کەسانی دەستەڵاتدارو خاوەن پلەو پایەدا زۆر بێ مووباڵات "متکبر"بوو، لێرەدا من تەنیا دوو بەڵگە پێشان دەدەم:

**یەکەمیان:** ساڵی ١٩٦٦ عەبدولرەحمان عارفی سەرۆک کۆماری ئەو کاتی عێراق ویستی بێتە لای سەرۆک بارزانی، داوای کرد کەوا بارزانی بچێتە ڕەواندز و لەوێ چاویان بەیەکتر بکەوێت، تەنیا بۆ باوەڕ بەیەکبوون و چەسپاندنی بناغەی دۆستایەتی و ئەو کاتە ڕێککەوتننامەی ٢٩ حوزەیران مۆرکرا بوو، هەرچی هەوڵیاندا مەلا مستەفا ڕازی نەبوو بچێتە ڕواندز، وتی: ئەگەر حەز دەکا با بێتە ناوچەی ڕزگارکراو، ئەگەر حەزیش ناکات کەیفی خۆیەتی، ئیتر ئەوەبوو سەرۆک کۆمار بە ناچاری هاتە "بەرزێوە" خاڵی تەماس، لەوێ یەکتریان چاو پێکەوت، مەبەستی سەرۆک بارزانی لەوەدا ئەوە نەبوو، کەوا ڕواندز جێگای مەترسییە، نا بە پێچەوانەوە هیچ مەترسی لێ نەبوو، تەنیا مەبەستی سەرۆک بارزانی نەمر، هەرخۆ بەزێدەگرتن بوو لە ئاستی سەرۆک کۆماری عێراق.

**دووەمیان:** لە ساڵی ١٩٦٩ کاتێک وتوێژ دەستی پێکرد لە نێوانی شۆڕش و حکومەتی بەعسدا "سەدام حوسێن"، کە هەر چەند ئەو کاتە "جێگری سەرۆک" بوو، بەڵام هەر خۆی هەمەکارەی عێراق بوو، هاتە لای سەرۆک بارزانی و پاش دوو کاتژمێری تەواو لە دانیشتنی ئەوجار سەرۆک بارزانی لە "دیلمانەوە" لە ماڵی خۆی هات بۆ لای سەدام حوسێن. ئەوانە بوون هەڵوێستە بەرزو بێ وێنەکانی بارزانی نەمر، کەوا هەمیشە خۆی لە شای ئێران و سەرۆک کۆماری عێراق بە گەورەتر دەزانی، هەر ئەوەش بوو کەوا بارزانی نەمر بەگەورەترین کەسایەتی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەناسراوە و هەروەها لەبەر چاوی خەڵکی بیانیش بوو بە "ئستورە"یەک و بەڕاستی خۆی ئاوێنەیەکی زۆر پڕشنگدار بوو و هەموو کوردستانی تێدا دەبینراو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەموو گەلی کورد پێوەی سەربەرزە، هەمیشە سەردانی گۆڕەکەی دەکەن لە بارزان و یادی بەخێری دەکەنەوە.

**بەشی بیست و شەش**

# عەلی حەسەن مستەفا: ئامۆژگاری گەلەکەم دەکەم خۆیان دووربگرن لە گیرفان پڕکردن



عەلی حەسەن مستەفا

**بەیاننامەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠**

گفتوگۆ لە نێوان ڕژێم و شۆڕشدا دەستی پێکردەوە، بەعسییەکان لە بەیاننامەکەیاندا تانەو تەشەریان لە ڕژێمەکانی پێش خۆیان دەدا، کەوا لە بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورددا بێ تواناو دەستەوەستان بوونو چارەیان بۆ داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد پێ نەکراوە.

بەعسییەکان ئاخاوتن و گفتوگۆکانیان درێژ کردەوەو دەیان گوت مافی نەتەوایەتی بارێکی بەردەوامی دیموکراتییە، هەروەها دانیان بەوە دادەنا کەوا دۆزی خواستە نەتەوایەتییەکانی کورد لە عێراقدا پێش هەموو شتێکی ترە، ئەمەش تەنیا لەبەر دوو هۆ بوو، کە بەعسییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد:

یەکەم: بۆ ئەوەی دەری بخەن حزبی بەعس دەست پێشخەرن بۆ ئەم مەبەستە.

دووەم: بۆئەوەی خۆیان سەقامگیر بکەن و جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست، لە کۆنگرەی هەرێمایەتی پارتی بەعس لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٩، کە (میشێل عەفلەق) سکرتێری گشتییان بوو، تێیدا بەشدار بوو، بڕیاریاندا کە ئۆتۆنۆمی بەکورد

بدەن. لە بەیانەکەشیان ئەوەیان دیاری کردبوو، کەبەعسییەکان پەیوەندییان بە بارزانییەکانەوە کردووەو لەسەر ئەم بەندانە ڕێک کەوتبوون:

١- زمانی کوردی لەو ناوچانەی، کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن لە قوتابخانەکانیان بە کوردی بخوێندرێ و زمانی عەرەبیش وەکو زمانی دووەم بەکاربهێنرێ.

٢- کوردەکان بەشداری هەموو پۆستە گرنگەکانی دەوڵەت لە وەزیرەوە تا سەرکردایەتی سوپاو جێگاکانی تر بەبێ جیاوازی دەکەن. ٣- أ- ڕاپەڕاندنی خێرای ئەو بەندەی کەپەیوەندی بەزمان و مافە کلتوورییەکانی گەلی کوردەوە هەیە. ب- گێڕانەوەی فێرخوازە دەرکراوەکان بۆ خوێندنی خۆیان.

ج- زیادکردنی قوتابخانە کوردییەکان. ٤- فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان دەبێت کوردبن. ٥- دەوڵەت ڕێگا بەگەلی کورد بدات، کە ڕێکخراوی جەماوەری سەربەخۆی هەبێت وەک: (خوێندکاران، لاوان، ژنان، مامۆستایان، کرێکاران، جووتیاران) هەروەها هەموو چینەکانی دیکەی کۆمەڵ. ٦- گەڕانەوەی کرێکارو فەرمانبەرە دەرکراوەکان.

٧- مووچەی خانەنشین بۆ خێزانە شەهیدەکان دابین بکرێت.

٨- گەڕانەوەی کوردەکان بۆ ئەو شوێنانەی، کە پێشتر لێی ژیاون و بەزۆر دوورخراونەتەوەو لێی بێ بەش کراون بە هەر بڕوبیانوویێک بێت. ٩- بەکار خستنی یاسای چارەسەرکردنی زەوی لە ناوچە کوردییەکاندا. ١٠- دەستووری کاتی بەم شێوەیە دەست کاری بکرێت:

- خەڵکی عێراق دوو گەلن کوردو عەرەب پێکەوە دەژین، هەموو مافێکیان هەیە و لە چوار چێوەی یەکێتی خاکی عێراق دەژین.

- یەکێ لە جێگرەکانی سەرۆک کۆمار دەبێت کورد بێت.

١١- ئێزگەی ڕادیۆی شۆڕش و چەکە قورسەکان دەبێت بدرێت بە میری، بەڵام ئەو کارە پاش جێبەجێ کردنی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە ئەنجام بدرێت. ١٢- یاسای پارێزگاو شارەوانییەکان. ١٣- دوای سەر ژمێرییەکی سەرتاسەری پارێزگا کوردییەکان بەڕێوەبردنیان ڕێک بخرێ. ١٤- گەلی کورد بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوان لە دەزگاکانی ڕاپەڕاندندا بەشداری دەکەن.

بارزانی پشتگیری شۆڕشی کوردانی بۆ ئەم بەیاننامەیە بە بروسکەیەک ڕاگەیاند، (سەدام حوسێن)یش، کە ڕۆڵی سەرەکی بینی لەم گفتوگۆیەدا گوتی: برایەتی ڕاستەقینەی کوردو عەرەب لەم ڕۆژەوە دەست پێدەکات. بەڵام وەکو دیارە زەمەن و گۆڕانکارییەکان سەلماندیان، کەوا (سەدام) درۆی کردو بەیاننامەی یانزەی ئازاریش پیلانێکی ساختەچێتی و چاوبەستەکی بوو لە گەلی کورد کرا، جگە لەویش ئامرازێک بوو بۆ جێبەجێ کردنی مەرامە گڵاوەکانی بەعس و هیچ خزمەتێکی بۆ کورد تێدا نەبوو.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش بەعسییەکان نۆ پیاوکوژی بە ڕواڵەت مەلایان بۆ کوشتنی بارزانی ڕەوانە کرد، بەڵام ئەوە بوو پیلانە گڵاوەکەیان سەری نەگرت، لەگەڵ تەواوبوونی ماوەی گفتوگۆ لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕیان بۆ سەدان جارە هەڵگیرساندەوە. پێویستە ئەو ڕاستییە بۆ مێژوو بڵێم، کە هەموو شکۆمەندی بۆ شۆڕشی ئەیلول دەگەڕێتەوە، ئەو شکۆمەندییەش هی کادیر و پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی

گەلەکەمان بووە، کە ببوونە درک بۆ چاوی دوژمنان. چونکە هەموو سەرۆک کۆمارو وەزیرەکان ئەگەر بۆ مەرامی تایبەتی خۆشیان بووبێ خۆیان داوای گفتوگۆیان لە سەرۆک و گەلی کورد کردووە.

ئیتر ئەوەبوو دەسەڵاتدارانی بەعسی لەماوەی ئەو چوار ساڵەی گفتوگۆدا، تەنانەت یەک بەندیان لە بەیاننامەکەیان جێبەجێ نەکردو ئۆتۆنۆمییەکی کارتۆنییان لە هەردوو ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن و یاسادانان دروست کرد. بارزانیش لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی گفتوگۆ داوای نەکرد هیچ بەندێک جێبەجێ بکرێ، دوای تەواوبوونی چوار ساڵەکەش داوای کرد ساڵێکی تر گفتوگۆ درێژ بکرێتەوە، بەڵام ڕژێم قبوڵی نەکردو شەڕ دیسانەوە ماڵی کوردو چیاکانی کوردستانی گرتەوە. منیش خۆم و خزمەکانم لەلای ئامر هێزی بێتواتە (عەلی شەعبان)ەوە کرامە ئامر مەفرەزەی نزیکەی چل چەکدارێک، هێرشی گڵاوی ڕژێم بۆ سەدان جار دەستی پێکردەوەو بەبێ بەرگری کردن شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو.

لە زستانێکی تەڕو تووش و بەفراویدا هەر درێژەمان بە خەبات داو لە بەرگری مان و نەماندا بووین، بەڵام بەداخەوە هێرشەکەمان سەرنەکەوت و ڕێکەوتننامەکەی جەزائیر خوێندرایەوەو پشتی شۆڕش و خەبات شکاو پێشمەرگەکان لە بەرگریکردندا ورەیان نەماو پەرتەوازە بوون و بێزار بوون لە شۆڕش، چونکە سەرکردایەتی شۆڕش ئا لەوکاتدا ورەی بەرداو بڕیاری ئاشبەتاڵیدا.

**چاوپێکەوتنێک لەگەڵ عەلی شەعبان**

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٧٤ لەگوندی (بێشێل) سەرکردایەتی شۆڕش بانگی هەریەک لە ئامر هێزەکانی دەشتی هەولێر (فارس باوە)و (عەلی شەعبان)و (ڕەسوڵ فەقێ)ی گەرۆتەیی کە پاراستن بوو کرد بۆ چاوپێکەوتن، لەو ڕۆژەدا کە لەلایەن ڕژێمەوە ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتی هەریەکەیان دەستی بەسەرداگیرابوو، بۆیە لەخۆیان دەترسان کە سەرکردایەتی شۆڕش زیندانیان بکات، چونکە ئەوان هەموو ناوچەکانیان بەبێ بەرگری کردن دابووە دەست سوپای ڕژێم، بۆیە لەوە دەترسان داخۆ هەڵوێستی سەرکردایەتی بەرامبەر بەوان چۆن بێت و لێ پرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە خەڵات کران و پارەی تمەنی ئێرانیان دانێ پێیان گووتن بگەڕێنەوە لای هێزەکانتان لەگەڕانەوەیاندا عەلی شەعبان چاوی بە من کەوت گووتی: کاک عەلی ئێمە لە ناو دەچین، چونکە ڕام وایە هەموو سوپای عەرەبت بهێنابووایە نەیان دەتوانی هاوشانمان بوەستن و وڵاتەکەمان داگیر بکەن، بۆیە دەڵێم لە ناو دەچین، چونکە ئەگەر ئێمە هەرسێکمان بخراینە زیندانەوە و سێ ئامر هێزی تریان بخستایەتە جێگامان قەناعەتم وابوو ئەو کات بارودۆخەکە بەجۆرێکی تر دەگۆڕاو دوژمن نەیدەتوانی ئاوا هێرش بێنێتەوە سەرمان و کوردستانەکەمان داگیربکات، ئەمەی سەرەوە دەقی وتەیەکی نهێنی عەلی شەعبان بوو لەگوندی (بێکێل) بۆمنی گێڕایەوە!!منیش ئەوا بۆ مێژووی دەینووسمەوە هەتاکو ئیتر ڕۆڵەکانی گەلەکەمان پەندو ئامۆژگاری وەربگرن لە خیانەت و پیلان گێڕان بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسو گیرفان پڕکردن و فرۆشتنی کوردو کوردستان.

**بەشی بیست و نۆ**

# حاکم سەردار عەبدولکەریم باس لەهەڵبژاردنی ئەوجارەی عێراق و خاسیەتەکانی دەکا

**حاکم سەردار عەبدولکەریم ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، وەکو ئەندامێکی کارای کۆمسیۆن باس لە هەڵبژاردنی ئەوجارەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و خاسییەتەکانی دەکا، پلان و بەرنامەی کۆمسیۆنیش بۆ ئەو هەڵبژاردنە دەخاتە ڕوو.**

**ئا: بەدرخان**



حاکم سەردار عەبدولکەریم

*** جیاوازی لەنێوان لیستی کراوە و داخراو چییە؟**

- جیاوازی لەنێوان لیستی کراوە و داخراو ئەوەیە کە ناوی پاڵێوراوەکان بە شێوەی تاک تاک و بەجیا دەنگیان بۆ دەدرێ لە لایەن دەنگدەرەوە، ئەویش بەشێوەیەکی وا کە کارتی دەنگدان بە شێوەیەکی وا دیزاین دەکرێ کە دەنگدەر دەتوانێ لەو کاتەی دەنگ دەداتە قەوارەیەکی سیاسی لە هەمان کاتدا دەنگ بدا بە یەکێک لە پاڵێوراوانی ئەو قەوارە سیاسییە، ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی دەنگدەر دەسەڵاتدار بێ بۆ ئەوەی ئەو کەسانە هەڵبژێرێ کە دەبنە ئەندامی پەرلەمان، بۆیە ئەم جۆرە سیستەمە زیاتر خەڵک هاندەدا بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، بەڵام داخراو ئەوەیە کە دەنگدەر بە کۆ دەنگ دەداتە هەموو پاڵێوراوانی دیاریکراو و تاکە خەیاڵ بۆ دەنگدەر ئەوەیە کە یەکێک لە حزبەکان هەڵبژێرێ، حزبەکە خۆی بڕیار دەدا کە کێن ئەوانەی دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران.

*** لیستی کراوە لە قازانجی لیستەکان یا هاووڵاتی دایە؟**

- مەسەلەی قازانجی هاووڵاتی و لیست دەتوانین بەوە لێک جیا بکەینەوە، کە لە لیستی کراوە دەنگدەر خاوەن بڕیار دەبێ لە دەستنیشان کردنی ئەو کەسانەی دەبنە ئەندامی پەرلەمان، دیارە ئەو هەڵبژاردنەش لەسەر بنەمای ئەوە دەبێ کە دەنگدەر پێشتر یا لەسەر بنەمای ناسین یا شارەزاییەکی پێشووی لەگەڵ ئەو پاڵێوراوە هەیە دەبێ، کە لە بوارێک لە بوارەکاندا پاڵێوراوەکەتوانیویەتیسەرکەوتوو بێ یا لە بواری ئیشکردن و ئیداریدا سەرکەوتوو بووە، لەسەر ئەو بنەمایە حیساب دەکرێ کە دەنگدەر پاڵێوراوێک دەستنیشان دەکا بۆ ئەندامیەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کە کەسێکی بە توانا و شایستە بێ، بەڵام بە حیسابێکی دیکە ئەوە زیان بە حزب ناگەیەنێ، بە پێچەوانەوە لەوانەیە ئەوە لە بەرژەوەندی حزبەکانیش دابێ، چونکە لەو حاڵەتەدا کەسانێک دەچنە پێش و دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران کە متمانەی خەڵکیان وەرگرتووە، حەتمەن واش پێشبینی دەکرێ کە ئەوانە لە کارکردنی داهاتوویان بە جۆرێک خزمەت بکەن کە لە کۆتاییدا سوود بە حزبەکانی خۆشیان بگەیەنن.

*** بەڵام زۆرجار حزبێکی بچووک داوای لیستی کراوە دەکا، لە بەرامبەر حزبێکی خاوەن جەماوەری قەوارە گەورە، بۆ؟**

- وا حیساب دەکرێ کە حزبی گەورە وا دەخوازێ دەسەڵاتدار بێ لە دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی دەچنە ناو پەرلەمان، چونکە بەڕاستی ئەوە هی ئەوەیە قسەی زۆری لەسەر بکەین و ئەگەر لێی ورد بینەوە رەنگە رایەک هەیە کە قیادەی حزبەکە خەڵکانێک دەستنیشان بکا کە خزمەتی ئەو بەرنامە داڕێژراوە بکەن کە حزب کاری بۆ دەکا بۆ ئەوەی لە ئەدای سیاسی خۆیدا ئیلتیزامی پێ بکا، بەڵام کاتێک ئەو بڕیارە لەدەست حزب دەچێتە دەرەوە و دەچێتە دەسەڵاتی دەنگدەر، لەوانەیە دەنگدەر ئیعتباراتی دیکە پاڵی پێوە بنێ بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران، لەو حاڵەتەدا بڕیار لەدەست حزب دەچێتە دەر و پێشبینی ئەوە دەکرێ ئەو قسەیە هەیە دەگوترێ لەوانەیە دەنگدەر بە شێوەیەکی عاتیفیانە خەڵکانێک هەڵبژێرن، بەڵام لە ئەساسدا لەوانەیە خوێندنەوەیەکی تەواویان نەبێ لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەوانە ئەدایان چۆن دەبێ وەکو ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران، ئایا ئەو کەسانە دەتوانن خزمەتی خەڵک بکەن، یانی ئەوە بۆچوونە کە من باسی دەکەم، مەبەست ئەوە نییە من لەگەڵیم یان دژیمە، من تەنها بۆچوونەکان دەخەمەڕوو، یانی ناتوانین بە شێوەیەکی لێبڕاوانە بڵێین کاتێک حزب خاوەنی دەسەڵات دەبێ لە دەستنیشانکردنی نوێنەرەکان لەوکاتەدا بەرژەوەندی حزب تەحقیق دەبێ و لەوکاتەی خەڵک دەبێتە خاوەنی دەسەڵات بەرژەوەندی حزب تەحقیق نابێ، ناتوانین ئەوەش بە تەواوی بڕیاری لەسەر بدەین، چونکە لەوانەیە لەکاتی کارکردندا ئەو بۆچوونانە هەمووی پێچەوانە بنەوە.

*** بەپێی سەرژمێری وەزارەتی بازرگانی، سلێمانی رێژەی کورسییەکانی وەکو خۆی ماوەتەوە و هەولێر یەک کورسی و دهۆک ٢ی بۆ زیادکراوە، لە بەرامبەر ئەوەی موسڵ ١٢ کورسی بۆ زیادکراوە، تۆ چی دەڵێی؟**

- جاری بەر لە هەموو شتێک کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەزگایەکی جێبەجێ کردنە، هەر یاسایەکیش دەربچێ بۆ رێکخستنی ئیش و کاری کۆمسیۆن، کۆمسیۆن ناچارە بەبێ قەید و شەرت پابەندیان بێ، مەسەلەی پشت بەستن بە ئاماری وەزارەتی بازرگانی ئەوە بڕیارێکە تەنها لەدەسەڵاتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، لە راستیشدا پێشتر بۆ ئەوەی یاسای هەڵبژاردن دیار بکرێ ئێمە وەکو ئەنجوومەنی باڵای کۆمسیۆن پەیوەندیمان هەبووە لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان و هەندێک لە ئەندامان بە شێوەی تاک تاک و کۆ، یەکێک لەو بابەتانەی قسەمان لەسەر کردووە ئەوەیە کە لەبەرئەوەی سەرژمێرییەکی گشتی نییەو ئەو دەقەی، کە دەڵێ بۆ ١٠٠٠٠٠ کەس ئەندامێک هەبێ، ئێمە دەتوانین ئەو دەقە جێبەجێ بکەین، بەڵام هەر پشت بەو ئامارانەی پێشوو ببەستین، لەبەرئەوەی تا ئێستا ئاماری وردمان لەبەردەستدا نییە، یانی وا حیساب بکرێ کە چۆن پێشتر وا دانرابوو ژمارەی دانیشتوانی عێراق ٢٧ ملیۆن و نیوە ئاوا ٢٧٥ کورسی بووایە، ئەوە رای زۆری لەسەر بوو، بەڵام دواتر کە یاساکە ئیقرار کراو خاڵێکی تێدایە کە دیاریکردنی ژمارەی کورسییەکان لەسەر دوا ئاماری وەزارەتی بازرگانی دەبێ، ئەمەش مانای وایە دەبێ کۆمسیۆن پابەندی هەر ئامارێک بێ، کە بە ناوی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی بازرگانی بۆ کۆمسیۆن بنێردرێ دەبێ جێبەجێی بکاو ناتوانێ گفتوگۆی لەسەر بکا، بەڵام فعلەن ئەوەی جێی سەرنجە ئێمە دەبینین هەندێ لە پارێزگاکانی عێراق زیادبوونێکی زۆری تیایە، بۆ نموونە لە موسڵ زیادبوونی دانیشتوانەکەی بۆتە هۆی ئەوەی ١٢ کورسیان بۆ زیاد بکرێ، کەچی لە پارێزگایەکی وەکو سلێمانی هیچ زیادبوونێک دیار نییە، ئەوە بابەتێکە هی ئەوەیە بەدواداچوونی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی بە تەواوی ساغ بێتەوە کە ئایا ئەوە راستە یا خەلەلی تیایە، لێرەدا خاڵێک هەیە حەزدەکەم ئاماژەی پێ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دوای هەوڵێکی زۆر لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی وێنەیەکی داتا بەیسی ساڵی "٢٠٠٧"ی لە وەزارەتی بازرگانی کڕییەوە، کادر و شارەزایانی ناو کۆمسیۆن دەستیان کرد بە کارکردن لەناو ئەو داتا بەیسە بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە سەر سیستەمێک کە کاری لەسەر بکرێ، بینرا کە ئەو داتا بەیسە کۆمەڵێک دیاردەی تێدا هەبوو، لەوانە هەبوونی ژمارەیەکی زۆر ناوی وەهمی و دووبارە، بریکاری خۆراکی وەهمی، کە بە کۆمەڵ ناوی وەهمی تیابوو، هەروەها هەبوونی ناوی ژمارەیەک عەرەبی غەیرە عێراقی کە ئەوانیش وەکو عێراقی حیسابیان بۆ کرابوو، ئەگەر جیانەکرابووایەوە دەبووایە ئەوانیش وەکو هەر دەنگدەرێکی عێراقی حیسابیان بۆ بکرابووایە، ئەوە شتێکی مەشروع نەبوو، ئەوە لەگەڵ کۆمەڵێک حاڵەتی مردن، دەرکەوت کە ناویان نەکوژێنراوەتەوە لە داتا بەیسی وەزارەتی بازرگانی، ئەوە کۆمەڵێک حاڵەت بوو کە کۆمسیۆن توانی بۆ تۆمارنامەی ناوی دەنگدەران پاکی بکاتەوە، لەگەڵ خستنەڕووی ناوی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیەو لەوکاتدا تەمەنیان لە سەرووی ١٨ ساڵ بوو، ئەوانە ئەو ئیشانە بوون لە لایەن کادیرانی کۆمسیۆن ئیشی لەسەر کرا بۆ پاککردنەوەی ئەو داتا بەیسە بە جۆرێک کە بکرێتە بنچینەیەک بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکرێ، چونکە لە یاسا تاکە سەرچاوە داتا بەیسی وەزارەتی بازرگانییە.

*** پێتوایە لە کاتی خۆی ١/١٨ هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت؟**

-کاتی خۆی ئەوەی بۆی دیاریکرابوو ١٦ی کانوونی دووەمە، بەڵام هەر دوای دەرچوونی یاساکە ئێمە لە کۆمسیۆن داوامان لە سەرۆکایەتی کرد سەڵاحیاتی خۆیان بەکاربێنن بۆ دانانی کاتێکی دیاریکراو، ٢١ی مانگمان داواکردبوو، بەڵام تا ئێستاش کە قسەت بۆ دەکەم سەرۆکایەتی کۆمار وەڵامی ئێمەی نەداوەتەوە.

*** کۆمسیۆن دەتوانێ بڵێ بۆ نموونە لە موسڵ ١٢ کورسی زیاد کراوە زۆرە ئێمە قبوڵی ناکەین، یا تەنها لایەنی جێبەجێکارە؟**

- با ئێمە دوو شت لەیەک جیابکەینەوە،ئەوئامارەیوەزارەتی بازرگانی کە هی ساڵی "٢٠٠٩"یەو بەپێی یاسا دەبێ پشتی پێ ببەستین تەنها بۆ دیاریکردنی کورسییەکانە، تۆمارنامەیەک کە بەکاربێ لای دەنگدەران، تەنها ئەو تۆمارنامەیە کە لای کۆمسیۆن ئامادە کراوە، بێگومان جیا لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیشەوە لە تۆمارنامەی دەنگدەران بەشێوەیەک رێکخراوەکە هەر بنکەیەکی دەنگدان چەند وێستگەیەکی تیایە، لەوانەیە ٤-٥-٦ وێستگە بێ، وا دادەنرێ هەر وێستگەیەک ٤٠٠ ناوی تیابێ (هەڵبەتە تا ئێستا ئەو شتە تەواو نەبووە، بەڵام وا پێشبینی دەکەین هەر وێستگەیەک بتوانین "٤٠٠" ناوی بۆ دابنێین، ئەگەر هەر ٤٠٠ کەس چوون دەبێ ٤٠٠ کارتی دەنگدان بەکاربێ، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی ئێمە هەمانە ئەستەمە هیچ وێستگەیەک هەر ٤٠٠ کەس بچن، حەتمەن چەند کەسێک ئامادە نابن لە دەنگدان، هەر بنکەیەکیش چەند کارتێکی زیادی هەیە، ئەوە بۆ حاڵەتی ئەوەیە لە کاتی دەنگدان کەسێک هەڵەیەک بکاو پێویستی بەوەبێ کارتەکەی رەت بکرێتەوە، هەتا دەبێ هۆکارەکەشی دیاربێ ئەو کارتە بۆ رەت کرایەوە، ناشبێ کارتەکە فڕێ بدرێ، دەبێ بگەڕێندرێتەوە، ئەوە هەموو جودا دەکرێتەوە، لەوانەیە بە حوکمی نەخوێندەواری یان هەڵە چەند کارتێک رەت بکرێنەوە و دواتر هەمووی دەخرێتە زەرف و دەنووسرێ چەند کارتی پێشنیاز بەکارهاتووە و چەند زیاد ماوەتەوە، ئەو زانیارییانە دەبێ لەسەر ئیستیمارەی دوا ئەنجام بنووسرێ،ئەگەربەیانی شەکوایەک هەبوو لەسەر ئەو وێستگەیە ئەو زانیارییانە هەمووی دەخرێنە ڕوو، ئەو کارتانەش لە سندوقێک دەکرێ و لە پارێزگاکەی خۆی دەپارێزرێ، بەڵام ئەوەی دیکە دەچێتە ناوەندی گشتی، ئەگەر هەر شتێک هەبێ و خەلەلێک هەبێ ئەو سندوقە دەکرێتەوە و پێموایە تێناپەڕێ، ئەوا لێکۆڵینەوەی تیا دەکرێ، یانی ئەو ئیجرائاتە کراوە بۆ ئەوەی دووربێ لە تەزویر و لەپاڵ ئەوەی کە رۆڵێکی زۆر دراوەتە نوێنەری قەوارە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی، کە بتوانن چاودێرییەکی وردی پرۆسەکە بکەن و هەر شتێکیان بینی راپۆرت بنووسن و نوێنەری قەوارە سیاسییەکانیش دەمودەست لە کارتی سکاڵا، سکاڵا بنووسن.

*** لە هەڵبژاردندا پرۆسەی کۆمەڵگای عێراقی یا کوردستانی کامیان بەهۆشیارتری دەزانی بەپێی ئەزموونی ئۆپۆزۆسیۆن؟**

- لە راستیدا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئێمە وەزعێکی جیاوازمان بینی، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لایەنە سیاسییەکان هاوکارییەکی باشیان کرد هەم بە وشیارکردنەوەی خەڵک و هەم لەوەی خەڵکیان هاندا لە کرداری نوێکردنەوەی تۆمارنامەی دەنگدەران گەرموگوڕ بن، خەڵکێکی زۆر سەردانی بنکەکانیان کرد و یەکەمجار بوو لە عێراق خەڵکێکی وا زۆر سەردانی بنکەی نوێکردنەوەی تۆمارنامەی دەنگدەران بکەن، ئێمە لە کۆمسیۆن پێمانوایە هێزە سیاسییەکان لە کوردستان رۆڵیان بینی، هەروەها هۆشیاری هاووڵاتیانیش لێرە لە ئاستێکی باشتردایە و هاووڵاتیان بە چاودێرییەکی زۆرەوە چاوەڕێی دەنگدانیان دەکرد و بایەخێکی تایبەتیان بەو مەسەلەیە دەدا، بۆیە ئەو جیاوازییانەی کە بینیمان بەشێک لە هۆکارەکانی ئەوانەبوون کە باسمکرد.

**لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئێمە وەزعێکی جیاوازمان بینی، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لایەنە سیاسییەکان هاوکارییەکی باشیان کرد هەم بە وشیارکردنەوەی خەڵک و هەم لەوەی خەڵکیان هاندا لە کرداری نوێکردنەوەی تۆمارنامەی دەنگدەران گەرموگوڕ بن**



جەوهەر کرمانج

## بێ پێیە بەستەزمانەکان

دەڵێن بەس خوا لەیەک قایدە دەمێنێ و هەموو شتێک گۆڕانی بەسەردا دێت و وەک خۆی نامێنێت تەنانەت پەندە کوردییەکانیش واتای جارانیان نەماوە ..بۆ نموونە:((بەپێیان بگرن بێ پێ هی خۆمانە ..!)) ئێستا هەڵگەڕاوەتەوە بەتایبەتیش لەدەست نیشانکردنی پۆستە حزبی و حوکومییەکاندا، ئەو بێ پێیە بەستەزمانانەی کەناتوانن یەک هەنگاو چییە لەدەرگاو دەروازە گەورەکان دووربکەونەوە و گۆد بووینە هێندەی دانیشن . بەکڵاو دەگیرێن..بەپێیەکانیش وەکو بەرزەکی بانان بۆخۆیان لەم سەر بۆ ئەو سەر دەخولێنەوە بێ ئەوەی کەس لەخۆی ڕاببینێ بیانگرێ..!ئەوانە وەکو مامزی سرکیان لێهاتووە و داوگیر نابن ..لەولاشەوە بێ پێیەکان بەکەماڵی سەڵتەنەت چاوەڕێی دەستێک دەکەن بەپەنجەیەک ئیشارەتێکیان بۆ بکات لەوێ هەڵسێ و لەوێ دابنیشێندرێ،جا با ئەو شوێنەی لێشی دانیشتووە سەر کورسی بێت، ئاخر زۆر لەسەر کورسی دانیشتنیش لەلایەک مرۆڤ گۆد دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە کورسی بەستەزمانیش پێویستی بەچاکسازی و پاک کردنەوە و نۆژەن کردنەوە هەیە، بەڵام سەرئەنجام بەدبەختیەکە هەر قۆڵی کورسی دەگرێ و یەکێک لەسەری لادەبرێ و یەکێکی دیکە دەچێتە سەری ..! کێشەکەش لە زۆری و لاساری بە پێیەکانە کە وەکو ماری بێ ئیجازە بەهیچ تەریقەت و مەریقەتێک ناگیرێن و بێ پێیەکانیش لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕ ناکەن و بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە دەدەن،بۆیێ هیچ زەحمەتێکی تێدا نییە وەک داشی دامە لەم خانەوە بیانگوێزیتەوە بۆ ئەو خانە گرنگیش نییە بەکەڵکی ئەو شوێنە دێت یان نا ..بەڵکو گرنگ ئەوەیە شوێنەکە بەکەڵکی ئەو بێ..! ئاخر چارەیەکی دیکەش نییە ئەم قوڕە هەر ئەم تۆزەی لێ هەڵدەستێ و دوکانەکەی بەکر و دوو قاڵب سابوون..ببورن ئەم پەندەش وەک و خۆی نەماوە..سابونی لۆکسی بۆنداروو سابوونی((ڕەقی)) لۆکستان دەوێ فەرموو ئەوە ((ڕەقی)) و ڕەقیتان دەوێ هەر لەخزمەتتاندایە.

## ستۆدیۆکەی بژار دیلان لە وڵاتانی دراوسێ وێنەی نییە



**تایبەت بە بەدرخان**

هونەرمەندی میوزیکژەنی کورد بژار دیلان دوابەدوای ئەوەی لە ماوەی رابردوو بە سەردانێک گەڕایەوە کوردستان و دواتریش بڕیاری گەڕانەوەی یەکجارەکیداولەگەڵ ئەوگەڕانەوەیەکجارەکییەشیدا ستۆدیەکی تۆمارکردنی بەرهەمی هونەری بۆ هونەرمەندان لە شاری هەولێر کردۆتەوە، کە بەرای بەشێکی زۆری هونەرمەندان ئەو ستۆدیۆیە رێ لە چوونە دەرەوەی هونەرمەندان دەگرێ.

دەربارەی پێشکەوتوویی ئامێرەکانی ستۆدیۆکەی و بەراوردی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ گوتی: ئەو سیستەمەی من هێناومە زۆر تازەیە، بە دەقیقی نازانم تورکیا لێیەتی یان نا، بەڵام وڵاتانی دیکەی دراوسێ نیانە، بۆ نموونە ئێران لەدەنگ زۆر دواکەوتووە و ناتوانین بەراوردی بکەین، لەو ناوچەیە تەنیا تورکیا تۆزێک پێشکەوتووە، بەڵام ناتوانین جیاوازی تورکیاش لەگەڵ ئەوروپا بکەین، چونکە لە ئەوروپا خۆیان دروستی دەکەن، بەڵام تورکیا دەیکڕێ و بەکاری دێنێ، کەواتە دوو شتی جیان، بەڵام ئەوەی من هێناومە سیستەمێکی تازەیە هەستمکرد ئەو سیستەمە بۆمن دەستدەدا.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا بژار دیلان باسی لە خەمنەخواردنی وەزارەتی رۆشنبیری لە کلتووری کورد کرد.

جێی ئاماژەشە بژار دیلان ماوەی چەندین ساڵ لە وڵاتی سوید ژیاوەو کاری هونەری کردووە، ئێستاش بڕیاریداوە بە یەکجاری لە کوردستان نیشتەجێ بێ و لەرێگای ستۆدیۆکەیەوە خزمەت بە هونەری کوردی و هونەرمەندانی کورد بکا.

لەژمارەکانی داهاتووی بەدرخان دیدارێکی تایبەتی بژار دیلان بخوێننەوە.

# چارەی قەرز هەر دانەوەیە وەزارەتی پەروەردە؟!!

**باوکی لێزان**

ماموستا ئەم وشە پڕ بەهاو بەنرخەیە هەمیشە رۆژانە لێرەو لەوێ بەسەر زمانی هەموو کەسێک دادێت بۆ رێزلێنان و بەگەورە زانینی بەرانبەر. ئەم چینە لە خۆبردووە لە پێناو تەنگ هەڵچنین بەتاریکی و جەهالەت وەک مۆم دەتوێتەوەو رێگای تاریک و شەوەزەنگ رەوشەن دەکاتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش لەهەموو شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی میللەتەکەمان پێشەنگی رێگای خەبات بووەو لەم پێناوەش قوربانی زۆری بەخشیوە.

ئەوان بوون لەرۆژە سەختەکانی سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای راپەرین بەبێ مووچە وانەیان دەگوتەوەو بەردەوامیان بە پرۆسەی خوێندن دا و نەیانهێشت بۆ ساتێکیش قوتابیان و خوێندکاران داببڕێن لە خوێندن.

هەر بۆیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکۆڕوکۆبوونەوەکان هەمیشە ئەم دەستەواژەیە دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت ئێمە قەرزاری مامۆستایانین!!

لەسەرەتای دەست پێکردنی دەوامی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠) وا بڕیار بوو مامۆستایان مانبگرن و نەچنە ناو هۆڵەکانی خوێندن تا ئەو کاتەی داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکرێت و بریتییە لە گەڕانەوەی برە پارەی (٥٠٠ هەزار دینار) کە لە مووچەکانیان بڕدرابوو، سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان وەک لایەنێکی پەیوەندیدار دوای تاوتوێکردنی کێشەکە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای پەروەردەی کابینەی پێنجەم گەیشتە رێککەوتنێک بە گەڕانەوەی ئەم برە پارەیە بۆ مامۆستایان.

بەرێز وەزیری پەروەردەی کابینەی پێنجەم خودی خۆی لەبەردەم کەناڵەکان مژدەی خەرجکردن و گەڕانەوەی ئەم برە پارەیەی بە مامۆستایان دا، ئەوە وایکرد مامۆستایان هەڵوەستە لە بڕیارەکەی خۆیان بکەن و دەوامی ئاسایی خۆیان دەست پێکردەوە. بەڵام تا ئەم سات و کاتە ئەم بەڵێنەی جەنابی وەزیر جێبەجێ نەکراوە، بۆیە دەبێت بەدواداچوون بکرێت لەسەر ئەم کێشەیەو بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەن.

ئەگەرنا بێمتمانەیی لە نێوان مامۆستایان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، چارەی قەرز هەر دانەوەیە!!



ستراتیژ

سمکۆ محەمەد

## یاسای بەدیموکراسیکردن

ئەگەر ئەو یاسایەی ئێستا لەعێراقدا هەیە و جێکەوتە بێت، لێرەبەدواوە دەتوانین بڵێین دیموکراسیەت جێگەی دەبێتەوە لەسیستمی سیاسی عێراق، کە تائێستا هەر بەناو دەوڵەتی فیدرالی و دیموکراسیەت بوو، چونکە پێشتر کیان و هێز و حزبە سیاسییەکان، ئەوەی بەهەڵبژاردن و سیستم و یاسا قەبوڵیان نەدەکرد و پێیان نەدەکرا، دواتر بە تەوافوقی سیاسی و لەپشتی پەردەوە لەسەری ڕێدەکەوتن، ئەمەش لەدەرەوەی مافی هاوولاتیان بوو، کە بەشێک بوون لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکان، بەڵام دیارە بەقەبوڵ کردنی هەڵبژاردن بەلیستی جیاواز، هەروەها زامنکردنی مافی هەموو کەسێک کەبتوانێ لەدەرەوەی لیستەکان خۆی کاندید بکات، توانرا لەرێگەی یاساوە عێراق بەدیموکراسی بکرێت.

هەڵبەت ئەم هەڵبژاردنە لایەنی پۆزەتیف و نیگەتیفیشی هەیە، ئەوەی کە پۆزەتیڤە گۆڕینی عەقڵیەتی تەواوی کیان و حزب و مەزهەبە سیاسییەکانە، وێنەیەکی تر نیشاندەدات کەهەڵبژاردن تەنها بەو سیستمە کۆنکریتییەی چەند ساڵی رابردوو ناکرێت، ئەلتەرناتیڤێکی تر و وێنەی تریشی هەیە، تائەو رادەیەی کە بۆ خودی دەنگدەریش مەنفەعەتی زیاترە، چونکە دەنگدەر دەتوانێ بەئارەزوومەندانە و بەبێ هیچ فشارێکی سیاسی دەنگ بەو کەسایەتیانە بدات کەخۆی بڕیاری لەسەرداوە، لەلایەکی ترەوە ئەو هەیمەنەیەی نەهێشت کەپێشتر حزبەکان دەنگەدەریان ناچار دەکرد دەنگیان پێبدەن، لایەنە پۆزەتیڤەکەش کە لە فرەبازنەیی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق دەیبینین، ئەوەیە کە بۆ کوردەکانیش جۆرێک کرانەوەیە، ئیتر قۆرخکردنی سیاسەت نەما، مەترسییەکانی دەرەوەی سیاسەت نەما، کلاسیکیەتی سیاسەت و کوشتنی جیاوازییەکان نەما، بەو مانایەی کەئەو جەنگە ساردەی کە لەنێوان کیانە سیاسییەکان و کوردەکان هەبوو، قۆناغێکی بڕی و بەمەنفەعەتی هەموو لایەک دەکەوێتەوە.

هەرچی لایەنی نیگەتیڤە بۆ کوردەکان، ئەوەیە کە زۆرینە لەپەرلەمانی عێراق، دەتوانێ گوتاری سیاسی بەمەنفەعەتی خۆی بگۆڕێت، تائەو رادەیەی کەدەتوانێ هاوکێشە سیاسییەکان بگۆڕێ، ڕەنگە بتوانێ بەپێی ئەو دەسەڵاتە یاساییەی، کە پێی دراوە و لەرێگەی دەنگەکانەوە بەدەستیهێناوە، جوگرافیای پارێزگایەک دابڕێنێت لەکوردستان، ئەم هەوڵە یاساییە بەشێکە لەسیستمی پارێزگاکان لەعێراق، کە بەو میکانیزمە نەبووایە نەدەهاتە دی، یاخود بەو ستایلە سیاسییە نەبووایە نەکوردەکان و نە شیعە و نە سوننە قەناعەتیان نەدەکرد ئەو سیاسەتە پەیڕەو بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر گۆڕان یان لیستی یەکگرتوو لەکۆی ١٨ کورسی لەسلێمانی توانی لانی کەم ١٣ کورسی بەدەستبهێنێت لە پەرلەمانی عێراق، ئەوا دەتوانێ هەرچی لەئەجێندای خۆیدایە بەپێچەوانەی ئەجێندای هاوپەیمانی کاری پێبکات، بەبێ ئەوەی هاوپەیمانی بتوانێ فشاری سیاسی بکاتە سەر لایەنە حزبییەکان، جگە لەمەش هەڵبژاردن بەفرە بازنەیی ئەو زەمینەیەشی خۆشکردووە، کە کەسایەتییەک لەدەرەوەی پارتە دەسەڵاتدارەکانی عەرەبی سوننە یان کورد یان عەرەبی شیعە، لەبازنەیەکدا خۆیان کاندید بکەن و سوود لەو سیستمە وەربگرن. هەڵبەت ئەم هەوڵە سیاسییە پێشتر لەسەردەمی پۆل بریمەر کاری بۆکرا، مەبەست لەو نەخشە سیاسییە بوو کە عێراق لەرووی فیدرالییەوە بکرێت بەسیستمی پارێزگاکان، بۆیە ئەوکات قەبوڵ نەکرا، بەڵام ئێستا بەپێی یاسایەک خەریکە گەمەکە سەردەگرێ.

ئەوەی کە لایەنێکی تری نێگەتیڤە بۆ کوردەکان، ئەوەیە کەپارێزگای تر لەبەرامبەر سێ پارێزگاکەی کوردستان قوت کراوەتەوە، مەسەلەی زۆری دەنگدەر لەپارێزگاکانی تکریت و موسڵ و دیالە، لەبەرامبەریشدا کەمبوونی دەنگدەر لەدهۆک و سلێمانی و هەولێر، رێگرییەکی ترە لەبەردەم بەفیدرالی کردنی کوردستان، بۆیە کوردەکان بەهەر نرخێک بێت دەبێ یەک گوتاری کوردی بپارێزن.

# ڕۆژ بە ڕۆژ



**هەڵبژاردەی تۆماری ڕووداوەکانە لە دەفتەرە تایبەتییەکانمدا، پاکنووسی هەیڤی چوارەم لە نێوان ڕۆژانی ٢٣ی سپتەمبەر تا ٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

**شێرزاد هەینی_ ستۆکهۆڵم**

**ڕۆژی ٢٣ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٩٨ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٣٩ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (کوردستان) ی ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ژمارە ١٨٩ دەرچوو.

**ڕۆژی ٢٤ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٩٩ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ی حزبی شیوعی ژمارە ١٢ دەرچوو.
* گالۆنی بەنزین گەیشتە ٣٥ دینار، گاز کەمە و ئۆتۆمبێلەکانی گواستنەوە زۆر کەم بووە و هاتوچۆی نێوان شار و شارۆچکەکان زەحمەتە.
* قسەی وا هەیە کە ئەمریکا و بریتانیا و فەرەنسا داوا بکەن پارەی بلۆککراوی عیراقی لە بانکەکان سەرف بکەن، دیارە ئەوەش بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی دەوێت.
* بەردەوام ئاژانسەکان بایەخ بە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە سەلاحەددین دەدەن، دیارە کەوا شوێنی بەستنی کۆنگرەکە لە رووی ئەمنییەوە زۆر باش کۆنترۆڵ کراوە.
* ئیمڕۆ بەیانی رادیۆی مۆنتی کارلۆ پەخشی کوردی هەبوو، تێیدا چەند نامەی خەڵکی کوردی ناوچە ئازادنەکراوەکانی خوێندەوە، دیارە ئەوانیش بە پۆستی حکومەت بۆیان ڕەوانە کردبوون. ئەو ئێستگەیە ماوەیەکە پەخشی کوردی هەیە، بەڵام بەرنامە و بۆچوونەکانی ئاینی تەبشیری بوون، وا دیارە بەرنامەکانی گشتی بووە و بابەتی هەمەڕەنگی داناوە.

**ڕۆژی ٢٥ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٠٠ دەرچوو.
* بەنزین گالۆنی بە ٣٧ دینارە.
* کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە سەلاحەددین بەردەوامە، ئاژانسەکان باس لەوە دەکەن گوایە کورد جەخت لەسەر شێوەی فیدراڵیزم دەکەن بۆ داهاتووی عیراق، بەڵام هێشتا هیچ بڕیارێکیان لەو بابەتەوە وەرنەگرتووە، بەڵام شیعەکان داوای عیراقێکی دیموکراتی فرەحزبی دەکەن. دیارە کەوا کۆبوونەوەکان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کاک مەسعوود و مام جەلالە، سامی عەبدولرەحمان و دکتۆر کەمال فۆادیش نوێنەری بەرەی کوردستانین. شەوانە تەلەڤزیۆنەکان دیمانەی لەگەڵ بەشداربووەکان بڵاودەکاتەوە، بۆچوونی ئەندامە عەرەبەکان کەم باس لە فیدراڵیەت دەکەن، بەڵام کوردەکان شێوەی حکومی فیدراڵیان پەسندە.
* وەزیری دەرەوەی حکومەتی عیراقی محەمەد سەعید ئەلسحاف لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانی لە عیراق باسی کێشەی سوتەمەنی ناوچەی کوردستانیان کردووە، ڕەنگە بۆ گەیاندنی سوتەمەنی بۆ کوردستان بگەنە چارەسەرییەک.
* ئەوە سێیەم ڕۆژە کارەبای هەولێر باش نییە، ماوەکەی کەم دەکرێتەوە. شەو و ڕۆژ تەنها سێ چوار کاتژمێر کارەبا هەیە.
* ئاژانسەکان باس لە کوشتارێک دەکەن لە ناوچەی شرناخ بەردەوامە، دەڵێن سێ سەربازی تورک و سێ هاوڵاتی کوژراون، حکومەتی سلێمان دیمیریل لەو ڕەوشە ترسناکە تەنگاوە.

**ڕۆژی ٢٦ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* مامۆستایان موچەی دوو مانگیان بە یەکەوە وەرگرت.
* بڕیارە کۆنگرەکەی سەحەلاددین کۆتایی پێ بێت، لەو کۆبونەوەیەدا لیژنەی سەرکردایەتی و جێبەجێکردنیان بۆ دوارۆژی عیراق دەستنیشان کردووە، بڕیاریشە لە چەند هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەکانی ئەو لیژنەیە بەردەوام بێت. سەبارەت بە دابینکردنی کۆمەک و خواردەمەنی بۆ کوردستان کاک مەسعوود وتبووی: ناکرێ ئەو گەمارۆیە لەسەر کورد وا بەردەوام بێت، دەبێ سەدام ناچار بکرێت گەمارۆیەکەی سەر کوردستان هەڵگرێت. مام جەلالیش وتبووی ناکرێ بوار بدەین بەردەوام پترۆڵمان لەبەر چاوی خۆمان بسوتێندرێت و گەمارۆمان لەسەر بێت، ئێمەش دەستەوەستان بین.

**ڕۆژی ٢٧ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستان نوێ) ی ژمارە ٢٠١ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازدای) ژمارە ٤١ دەرچوو.

**ڕۆژی ٢٨ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٠٢ دەرچوو.
* ژمارە ٨ ی ڕۆژنامەی (سەرهەڵدان) ی مەڵبەندی بادینانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەرچوو.
* مام جەلال لە پەرلەمانی کوردستانی باسی سەفەرەکەی خۆی بۆ دەرەوەی وڵات کرد، وەڵامی پرسیاری پارلەمانتارانیشی دایەوە. هەر لەو دانیشتنەدا باسی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عیراق لە سەلاحەددین و وەزعی پەکەکەی کرد.
* گالۆنی بەنزین بە ٣٠ دینارە.

**ڕۆژی ٢٩ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٠٣ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (نیشتیمان) ی ژمارە ١ دەرچوو.
* لە ڕۆژنامەی ئیمڕۆی کوردستانی نوێ لە دوا ستووندا پێشنیارێکم نووسیبوو، کە پرسە گەرمەکەی شەهید دکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی لە مزگەوتی (البکر) کرا، ئەو ناوەش هەر دەبێ بگۆڕدرێت، چونکە مەعقوڵ نییە ئەو مزگەوتە گەورەی ئەوقاف بە ناوی کۆنە سەرۆکی عیراقی ئەحمەد حەسەن ئەلبکر بمینێتەوە، بۆیەش وا باشە ناوی مزگەوتەکە بکەنە مزگەوتی شەرەفکەندی. بەرپرسان و خەڵکێکی زۆر پێشنیارەکەیان لا باش بوو.
* لە ناوچەی هەکاری شەڕێکی خوێناوی و دژوار لە نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا هەبوو، بەپێی هەواڵەکان کوشتاری هەردوولا گەیشتبووە ٨٢ کەس. سوپای تورکیا جۆرەها چەک و فڕۆکەیان بەکارهێنابوو.
* محەمەد باقر ئەلحەکیم سەرکردەی شیعەکانی عیراق بە رادیۆی مۆنتی کارلۆی ڕاگەیاندبوو، کەوا ئێمە لەگەڵ شێوەی حکومی فیدراڵی نین بۆ کوردەکان، جارێ با کار بۆ ئەوە بکەین ڕژێمەکە بگۆڕین هێشتا کاتی ئەوە نییە.
* مام جەلال بۆ تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی دهۆک بە شێوەزاری بادینی قسەی دەکرد، باسی سەفەرەکە و ڕەوشی ئێستا پەکەکەی کرد.

**ڕۆژی ٣٠ ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٠٤ دەرچوو.
* لە پارێزگای هەولێرەوە ئاگاداری خاوەن بەنزیخانەکان کرایەوە، کەوا بەیانی کاتژمێری نۆ لە دیوانی پارێزگا ئامادەبن.
* سلێمان دیمیریل بە ئاژانسەکانی جیهانی ڕاگەیاند، کەوا تورکیا بە هەموو هێزێکەوە شەڕی پەکەکە دەکات، ئامادەین بنبڕیان بکەین، گوێ نادەینە نارەزاییەکانی دەوڵیش.
* دەنگوباسی وا هەیە گوایە هێزەکانی پارتی و یەکێتی بە ژمارەیەکی زۆر و بە جۆرەها چەکی سووک و قورسەوە بەرەو سنوورەکانی تورکیا بەرێدەکەون، ئامادەن لە بنکە و بارەگاکانی پەکەکە بدەن، ئەوەش ئەگەری شەڕی ناوخۆی لێ دەکەوێتەوە، چونکە هەردوولا کوردن، دیارە کەوا دوژمن لەوەیاندا سەردەکەوێت، سەرکردایەتی هەردوو حزب بە ڕوونی باس لەوە دەکەن نابێ چەکدارەکانی پەکەکە لەسەر سنوورەکان بمینێن و لەناو خاکی ئێمەوە دزەی ناو تورکیا بکەن، چارەنووسەکە نادیارە و جۆرەها بۆچوون هەیە.

**ڕۆژی ١ ی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٠٥ دەرچوو.
* دەڵێن هێزەکانی پەکەکە ٢٥ ی کەسیان لە گوندێک کوشت و ٢٥ کەسیان بریندار کردووە، ئاگریان لە گوندەکەش بەرداوە.

**ڕۆژی ٢ ی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٠٦ دەرچوو.
* گۆڤاری (دەنگی ئافرەتان) ی ژمارە ٧ ی دەنگی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە چاپی جوان و قەشەنگ دەرچوو.
* ئیمڕۆ ئەنجومەنی ئاسایش بە زۆرینەی دەنگەکان و بە دەنگنەدانی وڵاتی چین، بڕیار دەدەن پارەی بلۆککراوی عیراقی لە بانکەکان بۆ مەسرەفی پرۆسەکانی فریاگوزاری و لایەنی تر سەرف بکەن.
* پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری هێزەکانی پەکەکە دەکاتەوە، ئەگەر بنکە و هێزەکانیان لە ناو خاکی هەرێم کوردستان نەکێشنەوە، ئەوان بە چەک دەریان دەکەن، ئەو هەواڵە لە ئاژانسەکان بە گەرمی باسی دەکرا.
* دیسان نرخی بەنزین بەرز دەبێتەوە و گالۆنی دەگاتە ٣٨ دینار.

**ڕۆژی ٣ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* سەید عەلی بەرزنجی کە بە ناوی (موحەمەد ئەلمهدی ئەلمنتزر) ە داوای پێغمبەرایەتی کردبوو، بۆ ئەو پەیامەش کتێبێکی دەرکردبوو، هێز و لایەنە ئیسلامییەکان زۆر باسیان دەکرد، خەڵکی ناویان دەهێنا، ئیمڕۆ لە هەولێر لەگەڵ چوار کەسی تر بە کوژراوی تەرمەکانیان دۆزرانەوە، لە بەیانێکدا وەزارەتی ناوخۆ ڕایگەیاند، کەوا ناکرێ لەسەر بیروبۆچوون خەڵک بکوژرێت، بۆیەش سۆراخی بکوژەکان دەکەین.
* بەیانی زوو لە بەرامبەر گومرگ نارنجۆکێک دەتەقێتەوە و لە ئەنجامدا ١٣ هاووڵاتی بریندار دەبن.
* وەزارەتی ڕاگەیاندنی حکومەتی عیراقی بە ناوی حکومەتەوە سەبارەت بە دەستکاریکردنی پارە بلۆکدراوەکانی بانکەکان وتبووی: ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش جۆرێکە لە دزی و بەتاڵان بردنی سامانی عیراقی، بەتوندیش نارەزاییمان هەیە و داواکارین بەو بڕیارە دابچنەوە.

**ڕۆژی ٤ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٠٧ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٤٢ دەرچوو.
* لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان پاش ئەوەی ماوەیەک ریکلامی بۆ بڵاوکردنەوەی بەیانێکی مێژوویی و گرینگ کرد، بە دەنگی (عەباس ئەلبدری) دەقی بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستانی خوێندەوە، کە تێیدا بە درێژی باسی مێژوویی پڕ سەروەریی خەڵکی کوردستانی کرد، هەر لە حوکمداری شێخ مەحموود و پەیمانی سیڤەر و قۆناخەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان، تا ڕاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە ئەنجامدا پەرلەمانی کوردستان بڕیار دەدات سستەمی فیدراڵیەت بۆ کوردستان لە چوارچێوەی یەکپارچەیی عیراق ڕابگەیەنێت، پاش ڕاگەیاندنی بەیانی فیدراڵییەکەی پەرلەمان پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆن تایبەت بوو بە ئاهەنگی شادومانی بەو بۆنەیە. هەروەها بڕیار دەدرێت بە یادی ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە مێژووییە گرینگە بەیانی پشووی ڕەسمی بێت.
* وەزیری دارایی حکومەتی عیراق داوا دەکات بانکەکانی جیهان پارەی بلۆککراوی ئێمە دەستکاری نەکەن، گوێ نەدەنە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، ئێمەش بۆ مەسەلەی دابینکردنی پارەی پێویست بە لایەنە مرۆڤایەتییەکان داواکارین پترۆڵمان بفرۆشین و پارەکەش لەو بەرنامەیە سەرف بکەین، بەڵام ئەنجومەن ڕازی نابێت.

**ڕۆژی ٥ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢**

* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٠٨ دەرچوو. بە مانشێتی گەورە پیرۆزبایی فیدراڵیەتیان نووسیبوو.
* تەلەڤزیۆنەکان بە ڕۆژ بەرنامەی خۆشی و ئاهەنگی فیدراڵیەتیان نمایش دەکرد.
* لە ئاژانسەکانی هەموو جیهان بەتێکڕا باسی ڕاگەیاندنی فیدراڵیەتی کوردستانیان لەلایەن پەرلەمانەوە دەکرد.

**ڕۆژانەکە بەردەوامە**
**بەشی حەوتەم**




بینای پارێزگای هەولێر لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو

## گەمەی خوێندنی باڵا

**دارا مەحموود عەبدوڵڵا**

بەپێی ئەو زانیارییە وردانەی کەهەمانە دەستکارییەکی یەکجار زۆر لە تاقیکردنەوە توانستی وەرگرتنی قوتابیانی خوێندنی "باڵا" "ماستەر.دکتۆرا" کراوەو حزب دەستێکی یەکجار باڵای هەیە بۆ گەمەکردن بە پلەکانی تاقیکردنەوەی توانستی، جا ئێمە پرسیارێک دەکەین کە ئەوانەی وەرگیراون ئایا بە مستەوای خۆیان وەرگیراون و زانیارییان لەسەر ئاستی تاقیکردنەوەکە "هەموویان نا" جیاوازی زۆر لە نێوان ئەوانەی کە وەرنەگیراون کراوە لەگەڵ ئەوانەی کە وەرگیراون،دەستکاری لەپلەکانی توانستی کراوەو دوای "٥٣" ڕۆژ ئینجا نمرەکانی تاقیکردنەوە ڕاگەیەندرا. جا ئەو هەموو ڕۆژە بۆچی نمرەکانی تاقیکردنەوە ڕانەگەیەنراوە دەبێ لە ماوەی ئەوچەند ڕۆژە چەند یاری بەنمرەکان کرابێ؟! جاپێویستە لێژنەیەک دابندرێ بۆ دووبارە تاقیکردنەوەی ئەو قوتابیانە. ئینجا ئەو کاتە بەدەردەکەوێت کە چەند لە قوتابیان بۆ جارێکی تر لە تاقیکردنەوە دەردەچن یان نا؟!

## لە قسە خۆشەکانی مەلا محەمەدی عەلیاوەیی


مەلا محەمەدی عەلیاوەیی

# حاجی بلەی شێخ ڕەزایی و پەری

کابرایەکی شێخ ڕەزایی هەبوو لە شاری هەولێر دادەنیشت، لە دەوروبەری (١٩٤٥)ز لە ژیانا بوو، کابرایەکی بە هەیکەل چوار شانە و بەسەرو سیما، شان و عەبای تۆپێ سەوز لە پشتی و تۆپێ لە سەری، کابرا بارگینێکی شێی هەبوو سوار دەبوو لە دێهات و هۆبەو ڕەشماڵ دەگەڕا، کتێبی دەگرتەوەو نوشتەی دەکرد، ناوی: حاجی بلە بوو مەعلوم حەجیشی نەکردبوو. جارێک لە هەولێر لە حەساری شێخی چۆلی کە ماڵی لەناو بوو ژنێک جوان و جاحێر، قنجیلانە، مێردێکی هەبوو ژنە زۆر حەزی لە منداڵ بوو، چونکە دەترسا مێردەکەی ژنی بەسەر بێنی لەبەر منداڵ نەبوونی.

دەخالەتی بە حاجی بلە کرد کەوا دوعایەکی بۆ بکات دەشقەم خوا منداڵەکی دەداتێ، حاجی بلەش دڵی چووە ژنەو چەند نوشتەی بۆ کرد،لە پاشان وتی: شەرتەکی تر مایە دەبێ بیکەی ژنە وتی: بەسەر چاو، وتی: ئەمشۆ بەنێک لە قاچی خۆت بخەو سەری لە دەرێ بێت، واتە لەدەرەوەی ژوورەکەی خەوتن، شەوێ پەریەک دێت و بەنەکە ڕادەکێشێ و تۆش بەخەبەر دێی، تەشریفت وەرە حەوشە پەریەکە دێتە لات و نەختێک گەمەت لەگەڵ دەکات بیلامانێ وەکو برێی سوارت دەبێ، بەڵام واش نییە، پەریەکەش هەر لە من ئەچێ ئەمنیش نیمە.

نەیسە ژنە بڕوا دەکات و قەناعەت دەکات، هێوارێ زوو دەرپێی دادەکەنی و بەنێک لە پەنجەی دێخی و سەری لە دەرێ، تومەز کابرای مێردی هەستی بەم ئیشە کرد وتییە ژنە ئەم بەن و گەندە چییە؟ ئەدی بۆ چ دەرپێت فڕێ داوە؟ ژنەش وتی چ نییە.

نەخێر کابرا لێی توند کرد تا ژنە بەسەروبەر ئیشەکەی بۆ گێڕاوە، کابرا وتی بڕواشت کرد؟ وتی: ئەرێ وەڵا.

کابرا وتی قەیدی نییە هەرستا بەنەکەی لە پەنجەی خۆی گرێ دا و مەترەقەکی لە کنە خۆی دانا، شەو ڕاکشا بەنەکە ڕاتەکاندراو کابراش دەستی دا مەترەق و چووە دەرێ دیتی، زەبەلاحێک خۆی تەنها کردووەو مەترەقی ڕەق کردووەو ڕاوەستاوە، کابراش بەبێ سێ و دوو کابرای دا بەر مەترەقان و لێدە، هاوار کورە تۆ کێی؟ وتی من حاجی بلەم، نەخێر تۆ پەری، حاجی بلە نی.

لێدەو بکوتە، تاکو یەخستی، هەر مەترەقەکی لێ ئەداو ئەیگۆت، بسم الله، واتە پەرییە، حاجی بلە لەوێ کەوت و دەستی کرد بە ناڵە ناڵ، توند بەستییەوە تاکو سوبیانێ منداڵە هوورتکەو ژنی لێ خڕ بوونەوە، دایانە بەر تف و لنگە پێڵاو.

کابرا روحمی پێ کردو خەبەری حکومەتی لێ نەدا، جا رووی کردە ژنەکەی و وتی: وەڵلا .... لێ بەئاگا نەهاتبامایە ئەم سەگە، پەری چی، شتی چی؟ جارێ تر شتی وا نەکەی ئەمە فڕوفێرو درۆو دەلەسەیە هتد.

**ئا: د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی**

# یۆنانتان باش و بەدرخانتان پیرۆز

**ستار محەمەد ئەمین- یۆنان**

ماوەی چەند ساڵێکە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بووە بە نەریت و هەر ساڵە و لە وڵاتێک یادی ڕۆژنامەگەری کوردی و چالاکی ڕووناکبیری دەکاتەوە . ئەوەی من دەمەوێ لەم چەند دێرەدا باسی بکەم لەوانەیە کەسانێک هەبن بە ماستاو و خۆ بە ڕەپێش کردنی بزانن، گرنگ نیە چ ناوێکی لێ دەنێن بابایەکی وەکو ئێمە نەکەس دەناسین لە پشت کورسی بێ نەکەسیش دەبینین لە دوای خۆمان کە بەفیکەیەک هەرچی مان بوێ، کوێشمان بوێ لێ بنیشینەوە، بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا. لێرەوە من دەستخۆشی لە (حەمید بەدرخان ) دەکەم،ئەگەر دەزگای بەدرخان نەبوایە ئێمەش ئەو هەموو شتە جوانانەمان نە دەبینی . ئەو چالاکی و فێستیڤاڵانە پێویستن وەکو چۆن مرۆڤ پێویستی


ستار و ئازاد سادق- یۆنان

بە ئاوو هەوا هەیە بۆ ئەوەی پێی بژی ڕۆژنامەنووسان و ڕووناکبیران و هونەرمەندانیش ئاوا پێویستیان بەبینین و ئاشنا بوون بەهەموو ئەو دنیایە جوانەی کە ڕۆژئاواو دەوروبەر هەیانە . ئەوەی ڕاستی بێ من چەند جارێکی تر لە سنووری کوردستان بەدوور کەوتومەتەوە و بەڵام هیچیان بە قەت ئەو سەفەرە جوانتر باڵکێشتر نەبووە،

لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ و ڕۆژنامەنووس، نووسەر و هەتا دوایی، هەر لە هەولێرەوە کەبە ئۆتۆمبێل بەڕێکەوتین بۆ وڵاتی تورکیا لەوێشەوە بەفرۆکە بۆ ئەسینای پایتەختی یۆنان، هەموو دیمەنەکان جوان بوون پێم وایە پیاو ئەگەر بێویژدان نەبێت خۆشی و ناخۆشییەکان هەمووی دیمەنی جوان بوون، چ لەو ساتە وەختانەی لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەسینا کە هاتینە خوارەوە و ئەو پێشوازیە گەرم و گورەی لەلایەن کوردانی دانیشتوی وڵاتی یۆنان و کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) لێمانکرا و لەفڕۆکەخانەش بە پاسێکی تایبەت لە فرۆکەخانەوە بۆ ئەو ئوتێلەی کە بۆمان ئامادەکرابوو لە نێوان فرۆکەخانەو ئوتێلەکە ماوەی ٣٠ خولەک تێپەربووین بەناو شاری ئەسینا لە سەرەتا لە پەنجەرەی پاسەکەوە هەموو


ستار محەمەد ئەمین - ئەنقەرە

شتە جوانەکان دیار بوون، بەڵام ئەوەی لە هەموویان جوانتر، ئەو تەبایی و برایەتی و خۆشەویستیەی ئەو تیمە کە لەنێو پاسەکەدا دەتبینی لە هەموو دیمەنەکان سەرنجڕاکێشتر بوو. ١٠/١٩ /٢٠٠٩ یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی شەشەمین فێستڤاڵی بەدرخان بوو ئەو ڕۆژە تەزاهورەیەکی ڕۆشنبیری گەورە بوو هەموو ڕەنگەکان و نەتەوە جیاکان ئامادەببوون، هەڵبەت ئەو هەموو ڕەنگە جیاوازەی بەدرخان کۆیکردبوونەوە و لەوێوە بڕیاری من ئەوەبوو ئەم دەزگایە شایستەی هەڵگرتنی ئەم ناوە گەورەیەن بەتایبەتیش پاش ئەوەی سیاسەت مەدارێکی گەورەی حزبی پاسۆکی یۆنانی بەناوی (کاراس ) لەدوا ساتەکانی تەواو بوونی ڤسیتڤاڵی بەدرخان لەسەر تەختەی شانۆ پڕ بە قورگی خۆی لەبەردەم ئامادەبوونی کورد و یۆنان و عەرەب بڵێ منیش کوردم، هەر لەوێوەوە منیش دەڵێم تەمەن درێژی بۆ (کاراس ) و بەدرخانیش لە ئێمە پیرۆزبێ و یۆنانیش هەروا باش و جوان بێ، نوخشەش لە چالاکی دیکە.

**یۆنان ٢٠٠٩/١١/٢١**

## باهەبێ (٣٣)


سەنگەر زراری

### مۆبایل و ئەخلاق

نامەوێ لێرەدا قسە لەسەر ئەو مشتومڕە زۆر و فیکرییانە بکەم، کە دەربارەی سوود و زیانەکانی تەکنەلۆژیا دەکرێ، وەک یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی دنیای مۆدێرن.

هەروەها ناشچمە ناو قولایی "ئەخلاق" وەک یەکێک لە چەمکەکانی ناو کایەی زانستە مرۆییەکان، کە هەر بیرمەندە و ڕوانینی تایبەتی خۆی بۆی هەیە.

ئەوەی دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، نموونەیەکی ئەو دیاردەیەیە کە دەشێ بە دیاردەیەکی نائەخلاقی ناوی ببەم و لە ناو ئێمەدا بۆتە باوێکی دزێو و ناشیرین.

بۆ ئەوەی بزانن مەبەستم چییە؟ ئەم نموونە ڕاستەقینەی ناو ژیانی خۆمان دەگێڕمەوە: لەم ماوەیەدا کوڕێکی گەنجی کارەباچی، لەسەر عەموودی کارەبا دەبێت و کارەبا لێی دەدات، لەودەمە خەڵکیشی لە دەورە بووە، ماوەی نیو سەعاتێکی پێچووە تا ئەم گەنجە لەسەر عەموودەکە گیانی دەرچووە و خەڵک بەدیارییەوە بوونە!!! گریمان ڕزگارکردنی ئەم گەنجە زۆر زەحمەت بووە، یان بەهۆی ناخۆشی کارەساتەکەوە، خەڵک بیریان بۆ ئەوە نەچووە کە لایەنێک ئاگادار بکەنەوە بۆ ڕزگارکردنی گەنجەکە و خۆشیان هیچیان لە دەست نەهاتووە و بەم جۆرەش ئەم گەنجە بۆتە قوربانی، ئەمە بۆ خۆی کارەساتێکە. لەوە کارەساتتر ئەوەیە، کاتێ کەسوکاری ئەم گەنجە دەگەنە لای تەرمی کوڕەکەیان، تەماشا دەکەن خەڵکەکە نەک هەوڵی هێنانەخوارەوەی ئەو تەرمە نادەن لەسەر عەموودەکە (کە هێشتا بە عەموودەکەوەیە)، بەڵکو زۆربەیان خەریکن بە مۆبایل وێنەی تەرمەکە دەگرن و سەیری دەکەن.

پێشتر ئەگەر لە شوێنێک، ڕووداوێکی بەو شێوە کارەساتاوی ڕوویدابا، شارێکی دەهەژاند و زۆر کەس قوربانیان دەدا بۆ ڕزگارکردنی کەسێک لە مردن، بەڵام ئێستا لە کاتی ڕوودانی هەر کارەساتێک، مۆبایل و وێنەگرتن بە مۆبایل، تاکە شتێکە لە بیری زۆربەی ئەو کەسانە دایە کە لەوێ و لە کاتی ڕووداوەکە یان لە دوای ڕووداوەکە ئامادەن، ڕووداوێکی هاتووچۆ ڕوودەدات بێ گوێدانە قوربانییەکان، مۆبایل دەردێنن و وێنەی دەگرن، کارەساتی سروشتی و ئاگرکەوتنەوە و..هتد، ڕوو دەدەن، بەرلەوەی خەڵکەکە ئەوەی بیر بێتەوە کە قوربانی دراوە و دەبێ ئەو قوربانیانە چارەسەریان لێ بکرێت، ئەوەیان بیر دێتەوە کە چۆن وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی ڕووداوەکە بگرن و بە خەڵکی پیشاندەن و پێیان بڵێن: من وێنەی ئەو کارەساتەم لایە و خۆم وێنەکەیم گرتووە. ئایا ئەمە دوورکەوتنەوە نییە لەو بەها ئەخلاقیانەی کە پێویستیان بە پاراستن هەیە؟! یان ئەمەش شتێکی مۆدێرنە و پێشکەوتنە؟! ئایا ئەگەر ئەمە پێشکەوتن بێت، هەزار پێشکەوتنی لەم جۆرە دینارێکی قەلب دێنێ؟! گەر ئەمە پێشکەوتن بێ حەقی خۆیەتی لەگەڵ حەمدی ساحێبقڕان هاوار بکەین و بڵێین:

گەر وابێ تەمەدوون، من و وەزعییەتی وەحشەت
سەد خۆزگە بە زوڵمەت ئەمەبێ حاڵی عەدالەت

# خوێندنەوەیەک بۆ چوار چاپکراوی نوێی نووسەران

**ئا: بەدرخان**

## نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول

نووسینی یاداشت یەکێکە لەوکارە پڕ بایەخ و گرنگانەی لە تەواوی دنیا پێڕەوی لێکراوەو شوێنی خۆشی گرتووە، هەڵبەتە کارەکەش هەروا گواستنەوەی ڕووداوو کارەسات و مێژووی ڕووتی نەتەوەو کۆمەڵگاو حزب و وڵاتێک نییە، بەقەد ئەوەی پەل و پۆ دەهاوێژێ بۆ زۆر لایەن و بابەت و وردەکاری دیکەو دەشبێتە پەندو عیبرەت و هوشیارکردنەوەی نەوەی تازەو ڕۆژانی داهاتوو.

بێگومان نەتەوەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، بەتایبەتی زیاتر کەسایەتی و مرۆڤە سیاسییەکان و ئەوانەی بەشداری شۆڕش و حزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردییان کردووە، خۆیان لە قەرەی نووسینەوەی یاداشت و ڕۆژانی ڕابردوو داوە، ئەگەر زۆر ئەکادیمی و زانستیش نەبووبن، بەڵام بەم کارەیان خزمەتێکی گەورە بەخۆیان و نەتەوەکەشیان دەکەن، لەم ناوانەش کەسێکی پڕ ئەزموون و شاهێدی ڕووداوەکان و کەسێکی یەکجار نزیک لە مەلا مستەفای بارزانی، عەبدوڵلا پشدەرییە، کە بەوپەڕی ڕاستگۆیی و دیقەت و بێ گوێدانە ئەم و ئەو ڕۆژژمێری پەڕە سەوز و زەردەکان، ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکان، کارەساتە تاڵ و شیرینەکان دەنووسێتەوە، ئەوەتا بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانی خۆی بەناونیشانی"نسکۆی شۆڕشی ئەیلول" لە دووتوێی"١٩٢"لاپەڕە بەسەر شەش بابەت و چەند چل و پۆپێک دابەشکردووە، چاپ و بڵاو دەکاتەوە، کە لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی"ی.ن.ک"ە.

وەک لە ناونیشانی بابەتەکەشیدا دیارەو زەقکراوەتەوە باس لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و ڕەوشی کورد لەو سەردەمە تا ڕۆژە تاڵەکانی دوای نسکۆ لە ئێران و چۆنییەتی ئاژاوەو ڕووداوەکانی ئێران و بەلاوەنانی شای ئێران و هاتنە سەر تەختی ئیمام خومەینی و حکومەتی ئیسلامی ئێران و هەروەها باس لە سەردانی بارزانی بۆ ئەمریکاو مانەوەی بۆماوەی سێ ساڵ بۆ چارەسەری و دواتر کۆچی دوایی کردنی و گەڕانەوەی تەرمەکەی و ئەو نارێکییەی بارودۆخی سیاسی و سەربازی و ئابووری ئەوکاتەو نائومێدی کوردان لەپاش ئەم نسکۆیە.

وادیارە بە پێویستیشی زانیوە باسی کورتەیەک لە ژیاننامەو هەڵسەنگاندنی کەسایەتییەکەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ئیمام خومەینیش بکات.

وێڕای کۆمەڵێک بابەتی دیکەو چەند وێنەو دیکۆمێنتێکیش خەرمان بەرەکەت. کاک عەبدوڵلاش هەر تەمەن درێژ بێت بۆ تەواوکردن و نووسینەوەو لەچاپدانی بیرەوەرییەکانی خۆی، بە تایبەتی بەرگی چوارەمی کە ١٠ ساڵە چاوەڕوانی لەچاپدانییەتی.

بەدرخان بە هیوایە لە ئایندەیەکی نزیک ئەو دەستنووسەی بیرەوەرییەکانی پشدەری دەست بخاتەوە و لە دووتوێی چاپێکی قەشەنگ چاوی خوێنەرانی پێ ڕۆشن بکاتەوە.




## غەمرەوێن

دوابەدوای ئەوەی مەلا محەمەدی عەلیاوەیی لە ژیانی خۆیدا چەندین بەسەرهاتی ڕاستەقینە و نوکتەی خۆشی ناو مەجلیسی مەلاکان و حوجرەکان لە دەفتەرە تایبەتییەکانیدا نووسیەوە، لە ماوەکانی ڕابردووشدا لە هەفتەنامەی بەدرخان بە ئەڵقە چەند دانەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە، ئەوجارەیان لە دووتوێی کتێبێکی "١٦٠" لاپەڕەییدا لە ئامادەکردنی دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوەیی و پێشەکی دکتۆر فوئاد مەعصوم بەچاپ گەیەنراو ئێستا لە کتێبخانەکانی کوردستان دەستدەکەوێ.

لەو کتێبەدا چەندین نوکتەی خۆشی مەلامحەمەدی عەلیاوەیی لەژێرناوی "غەمرەوێن" چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کە دیزاین و بەرگی ئەو کتێبە لەلایەن خۆشنووسی دەستڕەنگین محەمەد زادە کراوە.

جێی ئاماژەیە مەلا محەمەدی عەلیاوەیی یەکێک بووە لەو مەلا ناسراوانەی لە کوردستان ناوی هەبووە و باوکی دکتۆر عەبدوڵلا عەلیاوەیییە، کە ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە.




## چاودێریی دادوەری و پرەنسیپی مەشروعییەت

دادوەر عوسمان یاسین، نووسەرێکی هێمن و لەسەرخۆو کارا لەبواری نووسین و ڕۆشنبیریدا، ئەو سەرەتای دەست دانە قەڵەم و نووسینی لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیرییەوە لە کۆتایی هەشتاکان هاتۆتە پێشەوە"، بەڵام دواتر ڕووی داوەتە بواری یاسایی و کتێب و چاپکراوەکانی ئێستای زیاتر لەم بوارەیە، کە هەنووکە دوای ماستەرەکەی خوێندکاری دکتۆرایە لە بواری یاسادا لە زانکۆی سەلاحەددین.

دوایین کتێبی هەر لەبواری یاسایە، کە ئەم کتێبەی باس لە چاودێری دادوەری وپرەنسیپی مەشروعییەت دەکات، کەلە دەروازەیەک و چوار بەش پێکهاتووە، لە دەروازەی ئەم کتێبەدا نووسەر باسی یاسای کارگێڕی و قەزای کارگێڕی لە عێراق و لە کوردستاندا دەکات.

لەبەشی یەکەمدا باس لە چالاکی کارگێڕی دەکا. لەبەشی دووەمیشدا باسی لە پرەنسیپی مەشروعییەت کردووە، بەڵام بەشی سێیەمی باس لەپەیوەندی و جیاوازی دەسەڵاتی کارگێڕی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکەدا کراوە، لەبەشی چوارەمیشدا باسی لەدەسەڵاتەکانی جەنگ و بارودۆخە نائاساییەکان کردووە.




## خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی شەهید مەئموون دەباغ

ئەمە دوایین کتێبی نووسەرو مامۆستای زانکۆ د. ئازاد عوبێد ساڵحە، کە توێژینەوەیەکی مێژووییە لەسەر یەکەم شەهیدی قوتابیان و شەهیدی جوانەمەرگ مەئموون دەباغ (١٩٣٦-١٩٦٣). هەڵبەتە لە دووتوێی پێشەکییەک و کۆمەڵێک زانیاری لەسەر ڕێوڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی و ژیانی کەسێتی و خەباتی سیاسی و خەملینی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی شەهید مەئموون دەباغ.

ئەمە وێڕای چەند زانیارییەکی زۆر بەپێز کە لەشێوەی پاشبەند لە دووتوێی کتێبەکەدا هاتووەو لەکاتی خۆیدا لە هەفتەنامەی بەدرخان بەشێکیان بەشێوەی زنجیرە بڵاوکراوەتەوە کە لەلایەن هەریەکە لە: مومتاز حەیدەری، تاریق جامباز، ئەسعەد عەدۆ، عەدنان نەقشبەندی، یوسف میران، ئەحمەد شێخ تاهیر نەقشبەندی، جەوهەر غەمگین، ئەحمەد سەلام و د. فوئاد ئەحمەد بابان و لەپاڵ شیعرێکی سامی شۆڕش کە کراوەتە کلیلی بابەتەکان. جگە لە کۆمەڵێک وێنەو دیکۆمێنت هەر سەبارەت بە شەهید مەئموون دەباغ بڵاوکراوەتەوە.





## فەرهەنگی ناوو نازناوو ناتۆرە

عەبدولوەهاب شێخانی

**نازناوی وەرزشوان**
وەرزش یان وەرزشوانی بۆتە نازناوی ئەو كەسەی، كە ئاسنی بەرزكردۆتەوە، دوو نازناویان هەبوو.
١- پاڵەوان: نازناوی ئاسن بڵندكردن بوو، ئەنوەر پاڵەوان.
٢- ریازی:. هاشم ریازی، نەوزاد ریازی.

**نازناوی زاڵم و ئازاردەر**
جەلاد: نازناوی ئەو پیاوانەی ئاغاو میرنیش و رژێمی دیكتاتۆری، كە خەڵكیان ئازار دەدا، وەكو. جەمیل جەلاد، سەدیق جەلاد

**نازناوی قاچاخچی**
قاچاخچی: كاتی خۆی ئەوەی كاری تووتنی كردبێ بەقاچاغچی ناوی دەركردووە، دەبوو نازناوی ئەو كەسەی كە ئەو كارەی دەكرد. حوسێن قاچاخچی.

**نازناوی چەنبەر**
چەنبەر:. حەسەن ناوێك نۆكەر بوو، نازناوی چەنبەری لێنرابوو.- شەرەف- ل٤٤٦

**نازناوی خانوو**
خانووی پاشاو مەلیك و ئاغا و میرو بەگلەرییەكان، هەریەكەیان نازناوێكیان هەبووە، كە وەك پلەیەك بە خانووی پاشاو مەلیك و شا و خان وتراوە، وەك:
١- دەربار:. نازناوی تەلاری شای ئێران بووە.
٢- ئەستانە: نازناوی تەلاری سوڵتانی عوسمانی بووە.
لە ئەستانەی بەرزی سوڵتان سەلیم خانەوە- شەرەف- ل٥٤٩
٣- كۆشكی كۆماری:. تەلاری سەرۆك كۆمار.
٤- دیوان: نازناوی قەڵای بەگەكان بووە.
٥- دیوەخان: كوچك: نازناوی تەلاری ئاغاكان بووە.

**نازناوی نەخۆشی و كەموكورتی لەش**
نەخۆشی تووشی مرۆڤ دەبێ هەروەها كەم ئەندامی لەش دەبێتە نازناوی ئەو كەسەی كە تووشی مرۆڤ بووەو بووەتە نازناوی ئەو كەسەو بەو نازناوەوە دەناسرێتەوە، وەكو ئەمانەی خوارەوە:
١- رەق: لە روڵاوازی مرۆڤ و زەعیفی دەبێتەوە نازناو. محە رەق تۆ خۆنگە واری.. بێور- ل١٠٨
٢- تۆپاڵ: شەل:. یەحیا تۆپاڵ
٣- خرە:. زەلامی كورتیلەی قەڵەو.
عەلیە قەڵەوی پورزای حاجی قادری- مێژوو. -٢- ل ٢٦١
٤- بێ قۆل: كاكل بێ قۆڵ
٥- دەست گۆچ: عەبدۆك دەست گۆج
٦- كەڕ: گوێگران: باپیرە كەڕ برای عەلی دووپێ- مێژوو-٢- ل٢٤٢
٧- قەمبوور: پشت كووڕ:
سابیر قەمبوور. مێژوو-٢-ل١٩٨
عەبدوڵلا پشت كووڕ
٨- درێژ: باڵابەرز
تۆفیقە درێژ. مێژوو-٢- ل٤٦
٩- مل درێژ
مام ئەورەحمانی مل درێژ- مێژوو-٢- ل ٢٧٢
١٠- مل خوار: ئەستۆخوار- محەمەد مل خوار
١١- زلە: گەورە- وەسمانە زلە دەی گوت.- حەمەدۆك-٢- ل ٤٣١
١٢- شێت: پەتیار
لەم سەین و بەینەدا بوو "خەپەشێت" پەیدابوو- غەوارە- ل١٤٢
١٣- شەل: شل
عەلییە شەلی لە دەرگای ماڵی سەلمانە زلەی داو گوتی- حەمەدۆك-٢-ل ٢٦٨
١٤- كۆر: كوێر: سەعید حەمەد عەلیاغامان دەگەڵ بوو كە پێمان دەگوت سەعیدە كوێرە... مجێور- ل٤٦٦
١٥- یەك چاو: عەزیز یەك چاو
١٦- خێل: مام خێلە "بەكر عەلی".ئامێر- ل٥٤
١٧- كەچەڵ: پرچ رووتاوە
سەری یەكێك لە یاغییەكان مووی پێوە نەبوو، وەك بەری دەست لووس بوو، ئەو پیاوە یاغییە كەچەڵ بەناوبانگ بوو.. حەمەدۆك.-٢- ل٣٠١
١٨- بەژن كورت: كچكە: گچكە
قالە گچكەی ئەمین چاوشین- مێژوو-٢- ل ٢٦٤
١٩- كۆسە: موو لێ نەهاتوو: عەلی كۆسە
٢٠- سەرمابردی: سەرما بردوو: سمایل سەرمابردی- ئامێر- ل٣٨
٢١- ئەنگوست: دەبێتە نازناو: حەسەن نۆپل، عومەر شەش ئەنگوست.
٢٢- لاڵ: بێ زمان:لار: دڵنیا بووم كە خدرە لار بێ ئاگایە- خاك-٢- ل٢٢٦
٢٣- چنگ زێڕ: نازناوی ئەمیرخان بوو
ئەمیرخان چووە لای شا زۆر رێزی لێ ناو دەستێكی زێڕی بۆ دروست كردو نازناوی "چەنگ زێڕی" دایە. شەرەف- ل٥٥٣
٢٤- بەڵەك:. نەخۆشییەكی پێستە: عەدە بەلەك
٢٥- خەوە: زۆری خەوهاتووە: عەبدە خەوە
٢٦- كەژێ: رەنگی بزن: قادر كەژێ: پرچی دوو ڕەنگ بوو.
٢٧- لاسوتای: قادر لاسوتای
٢٨- گرژی و تووڕە و تۆسنی بووەتە نازناو و دەبێتە لەقەب.
حەسەن ناخۆش، عەلی خەنجەر
٢٩- شل و خاوی لە رۆیشتن: كەریم شلومل
٣٠- كوڕی تاقانە: دەبێتە نازناوی: دلێر تاقانە.
٣١- گورجوقیت رۆیشتن: بەكرە قیت
٣٢- قوت: بەژن كورت: عوسمانە قوت
٣٣- قۆپچە سۆر: ماڵی قۆپچە سۆری.
٣٤- لەلە: بەخێوكەر
قاسم بەگ.. بەخێوكردنی كوڕە پاشایەكی پێ سپێردراوە، لەوساوە ناوی لەلە قاسمی بەسەردا براوە.. شەرەف- ل٣٦٧.
٣٥- قشتۆ:. جوانی بچووك: محەمەد قشتۆ.

**بەشی نۆیەم**

# زاهیر رۆژبەیانی: هەمیشە دژی ئەوەبووم یەكێتی نووسەران لەگەڵ سیاسەت تێوەگلێ و باجی ئەوەشم داوە

**زاهیر رۆژبەیانی یەكێكە لەو نووسەر و رەخنەگرانەی تەمەنێكە لەنێو دنیای نووسین و ئەدەبدا كار دەكا، ئەو تا ئێستا خاوەنی چەندین كتێب و بابەتی رەخنەییە بەتایبەتی لەبارەی چیرۆكەوە، جگە لەوانەش جێگری سەرۆكی یەكێتی نووسەرانی كوردە، دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی و پرسی نەكردنی یا سازنەدانی كۆنگرەی یەكێتی نووسەرانی كورد و چەند پرسێكی ئەدەب دواندمان...**

**ئا: حەمید بەدرخان و مەسعودی مەلا هەمزە**



زاهیر رۆژبەیانی - سلێمانی ٢٠٠٩

*** لە منداڵیدا هێمن و لەسەرەخۆ یا هاروهاج بوویت؟**

- من لە گوندێكی نزیك كەركووك لەدایكبووم (لەیلان)، "٢٠كم"ێك لە كەركووكەوە دوورە، من هێشتا ٣-٤ساڵان بووم و باوكم و خێزانەكەمان لەگەڵ ئاغای گوند نێوانیان تێكچوو، بە شێوەیەك كە ئێمە نەمانتوانی لەجێگاو رێگای خۆمان بژین، بەڵام خێریشی پێوەبوو بەو بۆنەیەوە هاتینە ناوشاری كەركووكەوە، ئیتر لەوێ دەرفەتی خوێندن و ژیانی شارستانیم بۆ مسۆگەر بوو، ئەگینا لەوانەیە شوانێك یا جووتیارێك بوومایە وەكو خەڵكی دیكەی گوندەكەمان، لە ناوەندیشەوە بەپێی تەمەنی خۆم كاتێكی زیاترم لە تەمەنی خۆم تەرخان كرد بۆ خوێندنەوە، تووشی هەندێ مامۆستای هەڵكەوتەی كەركووك بووم لە قۆناغی ناوەندی وەكو مامۆستا عابدین رەشید، لە قۆناغی ئامادەیی وەكو چیرۆكنووسی جوانەمەرگ لەتیف حامد، چیرۆكنووس سەدرەدین عارف، مامۆستایەكی هەرەبی هەڵكەوتەم بۆ هەڵكەوت وانەم پێ بڵێ ئەحمەد وەهبی كوڕی مەلا مەجیدی قوتب سەرۆكی زانایانی كەركووك، بەڕاستی ئەوانە هەڵكەوتەی شارەكە بوون لە بواری نووسین و رۆشنبیریدا و بە تایبەتی مامۆستا لەتیف حامد و سەدرەدین عارف لەبواری چیرۆكدا، بۆ خۆشم خولیایەكی ئەزەلیم هەیەو لە لەدایكبوونەوە لەگەڵم لەدایكبووە

## هەمیشە توانیومە وەكو سیاسی بە رەوتێكا بڕۆم و وەكو ئەدیبیش ئەدیب و یەكێتی نووسەرانم بە ویژدانی زیندووی میللەتی كورد زانیوە

كە گوێگرتنە لە چیرۆك و لەناو بنەماڵەكانی رۆژبەیانی دەوروبەری كەركووك دیاردەیەكی بەرچاوە، وەكو هەموو شوێنێكی دیكەی كوردەواری، ساڵی ١٩٦٧ لە تەمەنی "١٧" ساڵیدا بووم چوومە ریزی یەكێتی قوتابیانی كوردستانەوە، هەر زوو پێگەیشتم، چونكە زۆر بە چالاكی و دڵسۆزی كارمدەكرد، بەڵام زیاد لە برادەرەكانی دیكەم خوم دایە سیاسەت، لە ئەنجامی ئەو شەڕوشۆڕەی لە كەركووك راستەوخۆ كاریگەری لێمان دەكرد و لەبەر چاومان بوو، ئەو وەختە ئەگەر تەعریبیش وەكو ئەو دواییە نەبوو، بەڵام من هەستمدەكرد كە كەركووك شارێكی هەڕەشە لێكراوە، بۆیە زۆر بەجدی داخیلی كاری سیاسی بووم، ساڵی ١٩٦٩ بوومە سەرۆكی لقی كەركووكی یەكێتی قوتابیانی كوردستان، دوایی بوومە ئەندامی ئەنجوومەنی تەنفیزی لە كۆنگرەی ٦ و ٧ی یەكێتی قوتابیانی كوردستاندا، دواتر دەستمكردە نووسین و یەكەم نووسینم لە ساڵی "١٩٧٣" بوو لە گۆڤاری خەباتی قوتابیان بەناوی كەركووك لە كۆنەوە تا ئەمڕۆ، ئەو نووسینە دواتر بایەخی پێدراو لە چەندین نامەی دكتۆراو ماستەر ئیشارەتی پێ دەكرێ وەكو نیشانەیەك بۆ هەستی پێشوەختەی قوتابیانی كورد بۆ ئەو بارودۆخەی دواتر بەسەر كوردستاندا هات، من لەو نووسینەدا ناوی شار و شارۆچكەكان و قەزاو ناحیەكان و عەشیرەتە كوردییەكانم هەمووی تۆمار كردووە.

*** یەكەم نووسینی ئەدەبیت ساڵی چەند بڵاوكردەوە؟**

- یەكەم نووسینی ئەدەبیم لە ساڵی ١٩٧٩ نووسیوە دەربارەی كۆمەڵە چیرۆكی "رێگا"ی حوسێن بەفرین، كە بۆ منداڵانی نووسیبوو، ئەوە سەرەتای نووسینی ئەدەبیم بوو كە وتارێكی رەخنەیی بوو.

*** ئەی نووسینی ئاسایی؟**

- نووسینی ئاسایی زۆرتر سیاسیم نووسیوە، بەڵام لە كۆتایی شەستەكاندا دوای خوێندنەوەی رۆمانێكی زۆر گەیشتمە دۆزینەوەی نهێنی رۆمانی گەورە و بەرچاو، ئەویش ئەوەیە شكاندنی تاپۆی باسكردنی سێكس و ئایین و سیاسەت، بەڵام كە رۆمانێكم نووسی و هەموو ئەوانەشی تێدابوو، كە دیقەتم دا رۆمانێكی سەرنەكەوتووە بە ناچاری لەكۆڵ خۆمم كردەوە بۆ ئەوەی نەبێتە ماڵ لەسەرم. لەوساوە بۆم دەركەوت كە جیاوازییەك هەیە لەنێوان سەنعەتسازی رۆمان و تەكنیك بەبێ بەهرە مومكین نییە لایەنی سەنعەتسازییەكە ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەقی باش. لەبەرئەوە تێكەڵی خوێندنەوەی تەكنیكی چیرۆك و رۆمان بووم بۆ ئەوەی فێربم و بتوانم رۆمانێك بنووسم، بەڵام ئەوەندەم خوێندەوە و ئیتر رۆمانم بۆ نەنووسرا، هەستمكرد ئیشێكی زۆر موعەقەدە و بە تەنها خوێندنەوە فێری نابیت و توانات بەسەرا ناشكێ، هەر لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەی من بەردەوام بوو لە هەموو بوارەكانی رۆشنبیریدا لە مێژوو، جوگرافیا، سەربازی، ئابووری، دەروونناسی، پاش ماوەیەك تێگەیشتم ئەوە كاتی من بەفیرۆ دەدا، حەزدەكەم خەڵكی دیكەش ئەو تەجروبەی من دووبارە نەكەنەوە، دەبێ مرۆڤ رێچكەیەك بدۆزێتەوە و لەو بوارەدا خۆی ماندوو بكا، لەوە باشترە هەموو لایەنێكی مەعریفی بخوێنێتەوە و بەسەر هیچیشدا زاڵ نەبێ، بەڵام من ئەو رووبەری پانی خوێندنەوەیە وایلێكردم كە دوایی لەكاری رۆژنامەنووسیدا زۆر سوودم لێی بینی، لە كاری رەخنەییشدا هەمیشە زەمینەیەك و باگگراوندێكم هەبووە لە رۆشنبیری گشتیدا، كە لە رۆژنامەنووسی و رەخنەی ئەدەبیشدا بە كەڵكم هاتووە، من ساڵی ١٩٧٣ سەرنووسەری گۆڤاری باوەگوڕ گوڕ بووم لە كەركووك، ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ یەك دوو برادەری دیكە گۆڤاری نێرگزمان دەركرد و رۆڵی سەرنووسەرم تیا بینی، دوایی بوومە سەرنووسەری هەفتەنامەی كوردی خەبات ئەوكات ئۆرگانی پارتی بوو، پاشان بوومە سەرنووسەری گۆڤاری تیوری مەركەزی پارتی دیموكراتی كوردستان، دواتر بوومە سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی و گۆڤاری هاواری كەركووك، دوایی بوومە سەرۆكی دەزگای گوڵان كە ٣ گۆڤار و تەلەفزیۆن و رادیۆیەكی هەبوو، سێ گۆڤارەكە رامان و گوڵانی عەرەبی و هەفتەنامەی گوڵان بوون.

*** ئەو كەسەی لە تەمەنی مێردمنداڵی بۆ یەكەمجار ناسیت و خۆشتویست كێ بوو؟**

-بانەبێتە مەدح، من پێموابوو مەسەلەی شەهادەتم لەهەر ساتێكدا بكوژرێم، ئیشی سیاسی زۆر ترسناكم دەكرد لەناو شاری كەركووك، بە حوكمی ئەوەی كە سەرۆكی لقی كەركووكی یەكێتی قوتابیانی كوردستان بووم كۆمەڵێك كچی قوتابخانەكانیش كاریان لەگەڵما دەكرد، بەڵام من هەر پێموابوو ئەمڕۆ یا سبەی یا دەگیرێم یا دەكوژرێم، ٣-٤ جار لەناو شار تەقەم لێكراوە و ٢ جار دەستگیر كراوم و ٢ جار حوكمی ئیعدامم بۆ دەرچووە، ئەمە وایلێكردم دووركەومەوە لە مەسەلەی سۆزداری و عاتیفی.

*** یانی دڵداریت نەكردووە؟**

- بەڵێ كردوومە، بەڵام دوای دارووخانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٥ ئینجا كە هەستمكرد بەجێماوم لە ئەركێكی ئینسانی خۆم، دوامخستبوو تا ئەو وەختە، ئەو دەمە گەڕامەوە بۆ لای یەكێك لەو كچانەی كاتی خۆی لەگەڵما كاری سیاسی كردبوو، كە ئێستا خێزانمە "فەوزیە عزەدین رەشید" ئەودەمە من بەرپرسی لقی كەركووكی یەكێتی قوتابیانی كوردستان بووم و ئەو بەرپرسی قوتابیانی ئامادەیی كەركووكی كچان بوو، دیارە لەكاتی نهێنیشدا زۆر بەیەكەوە دەگونجاین، كاتێكیش رازی بوو شووم پێ بكا من بەبێ لێبووردنی گشتی خۆم تەسلیمی رژێمی بەغدا كردەوە لە سەماوە لە بەندینخانەی خەناق حوكمی ئیعدامم بۆ دەرچوو بوو، دوای چوار مانگ بەر لێبووردنێكی گشتی كەوتم و رزگار بووم.

*** یانی خۆشەویستیت تەنها لەگەڵ فەوزیە خان بووە؟**

- بەڵێ.

*** مەهاباد قەرەداغی تۆ بە باوكی رۆحی خۆی و مەسەلە روناكبیرییەكان دەزانێ، تۆ چی دەڵێی و پێتوایە تەنها مەهابادە یان خەڵكی دیكەش هەن؟**

- لە راستیدا مەهاباد بەو قسانە قەرزاری كردووم، كە لە كتێبەكەشیدا نووسیویەتی، من كە مەهابادم ناسی سەرنووسەری گۆڤاری نێرگز بووم و شیعرەكانیم بینی و لە برادەرانم پرسی مەهاباد كێیە؟ لەوێوە ژیانی مەهابادم زانی كە ئەو كچە وەكو تێكۆشەرێك لەسەر قەسیدەیەك لە قۆناغی ناوەندی ساڵێك دەستگیر كراوە، ئیتر ئەوە وایلێكردم عاتیفیەن سۆزێكم بۆی هەبێ، من خۆشم بەندینخانەی سەردەمی رژێمم بینیبوو، ئەمە وایلێكردم كە هەوڵدەم بیناسم، كە ناسیم دیقەتم دا ئەوە دەهێنێ هاریكاری بكەم و دەستی بگرم، ئێمە كتێبخانەیەكی زۆر گەورەی چاكمان هەبوو، كە شتێكی دەگمەن بوو، كتێبخانەی من و فەوزیە بوو، كە من بەكوڕی و ئەو بە كچی كۆمانكردبووەوە، بۆ ئەوەی رۆشنبیرانی كەركووك كە بە كوردی ناخوێننەوە بێنە ماڵی ئێمە بخوێننەوە، هەموو رۆژانی هەینیش زۆربەی چیرۆكنووس و ئەدیب و هونەرمەندانی كەركووك لە ماڵی ئێمە كۆدەبوونەوە و دەبووە كۆڕێكی گەورە، جاری واهەبوو لە ٢٠ كەس تێدەپەڕی، خەڵك لە هەولێر و سلێمانی و بەغدا و شارۆچكەكانەوە دەهاتن، ئەو دەمە تەعەدایەكی گەورە بوو بۆ رژێمی بەعس لە سەرەتای هەشتاكان، لەوێ گۆڤارێكمان دەركرد بەبێ ئاگاداری حكومەت، گۆڤاری "نێرگز" كە من و كاك عومەر مارف گوڵ و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و كۆمەڵێك خەڵكی دیكە كۆبووینەوە، ئەو كۆبوونەوانە وایكرد مەهابادیش خوو بەو دانیشتنانەی رۆژانی هەینییەوە بگرێ و دانیشتنەكان زۆرتر لە بۆنەیەك دەچوو، من هەستمدەكرد زۆر لەو كچانەی هاتنە ناو ئەدەبی كوردی بەداخەوە لەبەر هاوڕێیەتی یان سلوكی خراپی هەندێ لە ئەدیبانی دیكە و پاڵنانیان بۆ عەبەسیەت، ئەوە زۆر دەرفەتی سەركەوتنی لەدەست ئەو كچانە و ئەدەبی كوردیش دا، لەبەرئەوە جیاوازی تەمەنی خۆم و مەهابادم بە دەرفەت زانی لەوەی دەستگیرۆیی بكەم، نەك تەنها لە ئەدەب بەڵكو لە گواستنەوەی زانیاری و پەیداكردنی كتێب و هاریكاریكردنی مەهاباد بۆ ژیانی ئاسایی كە تازە لە بەندینخانە بەربووبوو لەسەر قەزیەیەكی شەرەفمەندانە كە كوردایەتی و ئەدەب بوو.

*** ١٨ ساڵە بەهۆی یەكێتی نووسەرانی كوردەوە زاهیر رۆژبەیانی قەتیس ماوەو كەس نازانێ كێ دەبێتە فریادڕەس؟**

- حەزدەكەم راستگۆ بم لەگەڵ جەنابتا، پێش راپەڕین یەك رۆژیش چییە لە یەكێتی نووسەران كارم نەكردووە، بڕوام پێی نەبوو پێموابوو حكومەتی بەغدا هەموو كاتێك دەرفەتی هەیە دەستی تێوەردا، بەڵام كە هاتمە كۆنگرەی راپەڕین لە شەقڵاوە، من بەرپرسی تەنزیمی ناوشاری حزب بووم، بە نهێنی هاتبووم، بەڵام لەوێ بینیم ئەو لیستەی پارتی و یەكێتی "بەرەی كوردستانی" بەیەكەوە پێشكەشیان كردووە لاوازە هەر لەناو هۆڵەكەدا بەبێ ئەوەی خۆم رابگەیەنم و سەر بەهیچ لایەنێكی سیاسی بم خۆم راگەیاند و خەڵك دەنگیان دامێ، وەكو جەنابت دەڵێی ئەوە وایكرد بێمە ناو دەستەی باڵاوە، لەناو دەستەی باڵاش دوایی وارێككەوت ببمە جێگری سەرۆكی یەكێتی نووسەرانی كورد، بەڵام هەمیشە دژی ئەوەبووم یەكێتی نووسەران تێوەگلێ لەگەڵ سیاسەت و باجی ئەوەشم زۆر زۆر داوە، بۆ ئەو دەستتێوەردانە من هەمیشە توانیومە وەكو سیاسی بە رەوتێكا بڕۆم و وەكو ئەدیبیش ئەدیب و یەكێتی نووسەرانم بە ویژدانی زیندووی میللەتی كورد زانیوە، ساڵانی شەڕی ناوخۆش فشارێكی یەكجار زۆرم لەسەر بوو لەسەر بەرزترین ئاستەكانی ناو حزبی خۆم، كە كۆنگرە ببەستین لەبەرئەوەی سێ لقی یەكێتی نووسەرانی كورد "هەولێر، دهۆك، كەركووك" لەناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا بوو، من قەت كۆڵم بۆ ئەوە نەدا و لەهەموو چاوپێكەوتنەكانیش هەتا رامان چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ كردم بۆ ئەوەی بۆ قیادەی سیاسی دەربڕێ كە تا ئێستاش من رێزی دكتۆر عزەدین دەگرم، من گوتم دكتۆر عزەدین سەرۆكی منە و سەرۆكی یەكێتی نووسەرانی كوردە، نەمهێشت یەكێتی نووسەران پارچە بێ و بەدەر لە هەموو رێكخراوەكانی دیكە.

*** ئەو هەڵوێستە باجی هەبوو؟**

- بەڵێ...

**بەشی یەكەم**



زاهیر رۆژبەیانی - سلێمانی ٢٠٠٩

# ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

**د. جاسم تۆفیق خۆشناو-ئیتاڵیا**

ئەم بابەتەی لێرە بڵاودەکرێتەوە پەیوەندی زۆر کەم بەو وتارو بابەتانە هەیە کە لەم هەفتەنامەیە بڵاودەکرێنەوە، بابەتێکی ئەکادیمی و تایبەت بە خوێندنی زانکۆیە، لێرەش ناوەناوە زۆر وتاری ئەکادیمی و بە پێز بڵاودەکرێنەوە و مایەی دەستخۆشی لێکردنن.

لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٤ گەڕامەوە کوردستان بە نیازی مانەوە و خزمەتکردن لە بواری زانست و زانکۆ، ئەوە بوو یەکسەر لە زانکۆی هەولێر، لە کۆلێژی "زانستە رامیارییەکان" دەست بەکار بووم. هەر زوو هەستم کرد لەم وڵاتە "غەریب"م، زۆربەی ئەو جوانییانەی من لە کوردستان دیبووم و خەونم پێوەیان دەبینی نەمابوون و لە پووکانەوەدابوون.

ئەو کات ژیان زۆر سەخت بوو، بەلای کەمی بۆ من، موشکیلەی کارەبا، سووتەمەنی و ئاو هەموو لایەکیان هەراسان کردبوو، بۆ من گرفتەکان دوو ئەوەندە بوون.

هەوڵمدا خۆم بە کاری زانکۆ خەریک بکەم، بڕیارمدا کەلەنێکی بچووک لە کەموکورتییەکان پڕ بکەمەوە، دەستمکرد بە ئامادەکردنی "مەلزەمە ـ کتێب" تایبەت بە وانەی "ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان"، هەفتانە پرۆگرامی خوێندنم بە کوردی بەسەرخوێندکاران دابەش دەکرد.

لە هەمان کات بڕیارمدابوو ساڵی خوێندن تەواو بێت بگەڕێمەوە ئیتاڵیا و واز لە زانکۆ بهێنم. لە تاقیکردنەوەکانی کۆتای ساڵ ٥ خوێندکار لە وانەکەی من دەرنەچوون و مانەوە بۆ خولی دووەم. بەشێک لە مامۆستاکان وتیان "ئەوە شێتی، ئەو ٥ کەسەشت بۆ ناجح نەکرد، مادام نیازی ئەوەت نییە ساڵەکی تر دەوام بکەیت، بۆ خۆت ماندوو دەکەیت و جارێکی تر پرسیار دابنێی و بگەڕێیتەوە". ئەوکات عادەت نەبوو خوێندکار "ساقیت" بکرێت، ئەو ساڵ لە هەردوو کولێژی یاسا و رامیاری هەولێر کەس "ساقیت" نەکرا. ئەوەبوو من یەکسەر گەڕامەوە ئیتاڵیا و لە سەرەتای ئەیلولی ٢٠٠٥ دووبارە گەڕامەوە کوردستان بۆ تاقیکردنەوەی خولی دووەم، لەو ٥ خوێندکارانەی مابوونەوە ٤ سەرکەوتن و تەنها یەک دەرنەچوو. ئیتر بە یەکجاری گەڕامەوە ئیتاڵیا و کەم و زۆر پەیوەندیم بە زانکۆی هەولێر نەماوە.

لەم رۆژانە ناسیاوێکم پێی راگەیاندم کە مامۆستایەکی زانکۆ نیازی هەیە "نووسینەکەت" لە کتێبەک بە ناوی خۆی بڵاوبکاتەوە. لە راستی من پاش گەڕانەوەم لە کوردستان، لە ئەیلوولی ٢٠٠٥، سەرقاڵی زۆر شتی تر بووم، ئەو نووسینەم هەر لەبیرکردبوو، لە زرۆ رووەوە ناتەواوی پێوە دیارە. بۆیە بە پێویستم زانی بڵاوی بکەمەوەو و دڵنیاشم خوێندکارێکی زۆری زانکۆکانی کوردستان ئەو هەفتەنامەیە دەخوێننەوە.

کاتی خۆی لە ساڵی ٢٠٠٢ "سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی" کتێبێکی بەندەی بە ناوی "مەسەلەی کورد و یاسای نێودەوڵەتان" بڵاوکردەوە، بەبێ ئاگاداری من دەستکاری زۆر شتیان کردبوو، دوو بابەت و چەندەها پەرەگرافیان، بە ئارەزووی خۆیان بڕیبوو. لە ساڵی ٢٠٠٤ "دەزگای ئاراس-هەولێر" کتێبێکی بەندەی، بە ناوی "دەخالەتی مرۆڤانە لە کوردستان"، چاپکرد. ئەگەر لەوەی سلێمانی خۆم ئاگاداربووم ئەوە لە هی هەولێر کەم و زۆر ئاگادار نەبووم، نە بە قسە و نە بە نووسین کەسم رانەسپاردبوو بۆ بڵاوکردنەوەی لە "دەزگای ئاراس" کە بەئارەزووی خۆیان دەستکاری شێوە و زمانی نووسینەکەیان کردبوو. لە هەردوو حاڵەتیش هەتا چەند دانەیەکم لە کتێبەکە، بە تایبەتی هی سلێمانی، بەدەست کەوت ئەوە ئارەقەی رەش و سپیم هەڵڕشت و بەرد بە کەرتک بوو. ئەگەر مۆراڵ هەبوایە، لە هەردوو حاڵەت، دەبووایە پێش چاپکردن سەرنج و رای بەندەیان وەربگرتایە.

مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەم "مەلزەمە- کتێبە" تەنها ئەوەیە کەس ناهەقیم بەرامبەر نەکات و، خوێنەریش، بە تایبەتی خوێندکارانی زانکۆ، دەسخەڵەت نەکرێت و تەنها خۆشم لە کەموکورتییەکان بەرپرسیارم.

**تێبینی: لە ژمارەکانی داهاتووی بەدرخان بەشەکانی ئەو بابەتەی دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو بخوێننەوە.**

**بەدرخان**

# کاردینا محەمەد: کاریگەری هیچ شاعیرێکم بەسەرەوە نییەو دەمەوێ خۆم بم

**کچە شۆخ و شەنگەکەی شاری سلێمانی کاردینا محەمەد دوابەدوای ئەوەی لە هەردوو درامای ئارەزوو و خەرەند وەکو ئەکتەر بەشداری کرد، ئەوجارەیان بەشیعر لە "١٣"ەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەشداری کرد و شیعرەکەی خۆی خوێندەوە، دەربارەی شیعر و دوا کاری هونەری دواندمان...**

**ئا: بەدرخان**

*** چۆن بڕیارتدا بەشداری لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بکەی و ئامانجیشت لە بەشداریکردنت چی بوو؟**

- ئەوە ٨-٩ ساڵ دەبێ دەنووسم، بەڵام وەکو بڵاوکردنەوەی دیوان، کە ئەمڕۆ زۆربەی کەسەکان بەو شتە خۆیان دەناسێنن، من خۆم شیعرەکانم چاپ نەکردووە و دامناوە بۆ کاتێکی دیکە، بەڵام بۆ فێستیڤاڵی گەلاوێژ هەمیشە حەزمدەکرد دەرفەتێک هەبێ بۆ ئەوەی بەشداری لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بکەم، بە خۆشحاڵییەوە ئەمساڵ بۆ یەکەمجار دەقێکم پێشکەشی فێستیڤاڵی گەلاوێژ کرد و وەرگیرا و دەقەکەم خوێندەوە.

*** دەقەکەت دەقێکی ژنانە بوو، ئامانجتە ئەدەبی ژن و پیاو لەیەک جیابێ و وەک ئافرەتێک دەرکەوی؟**

- نەخێر، بە بۆچوونی من پێویست ناکا شتێک هەبێ بەناوی ئەدەبی ژنان، لەبەرئەوەی ئەدەب هەر ئەدەبە، بەڵام لە کاتێکدا ژمارەی ئەو ژنە شاعیرانەی هەمانە کەمن و ناگاتەوە بە ژمارەی پیاوەکان، بۆیە ئەمە جیابۆتەوە، یانی کاتێک ژنێک هەوڵی شکاندنی کۆسپ دەداو بە جورئەتەوە شت دەنووسێ بەڕای من ئەوە شتەکەی جیا کردۆتەوە، من کاتێک دەنووسم دەمەوێ دەنگێکی جیاواز بم و هەر کەسێک کە دەقێکی من دەخوێنێتەوە بزانێ هی کاردینایە و کۆمەڵێک ئاراستەی خۆم هەیە، کە دەمەوێ کاردینا بم و جیاواز بم و ئەگەر لە ئێستاوەش حیسابی کەن هەنگاوێک بم بتوانم ئەدەبی کوردی بەرەو پێشەوە بەرم.

*** وەکو بڵاوکردنەوەی شیعر لە بڵاوکراوەکان، بەرهەمت کەم دەبینرێ، کەمتەرخەمی یا حەزی لێ ناکەی؟**

- نەخێر، بەشێک لە شیعرەکانم لە ماڵپەڕەکان و گۆڤار و رۆژنامەکانیش بڵاوکردۆتەوە، بەڵام زیاتر لە ماڵپەڕەکان بڵاومکردۆتەوە.

*** قسەی رەخنە چی بووە لەسەر بەرهەمەکانت؟**

- هەر یەکێک لە ئێمە بە رەخنەوە دروستبووە، ئەگەر رەخنەی بنیاتنەر نەبێ هیچ کەس ناتوانێ پێشکەوێ لە نووسین، بەدڵنیاییەوە من لە ٥-٦ ساڵ لەمەوبەرەوە هەموو ئەو شتانەی دەمنووسی دەمخستە ژێر دەستی ئەوانەی ئەزموونیان هەیە، کە گەیشتوومەتە ئەو ئاستەی ئێستا هەموو دەستخۆشیم لێدەکەن، لەبەرئەوەی من لەیەک ئاستا نەماومەتەوە، هەموو کاتێک کە دەقێک دەنووسم دەمەوێت ئەو دەقەی دوای ئەو دەینووسم باشتر بێت، ئەمە وایکردووە لە سەرەتا خۆم رەخنەگرێک بم لەخۆم. دواتریش پیشانی کەسانێکم داوە کە شارەزاییەکیان هەبووە و ئەزموونێکیان هەبووە لە دنیای ئەدەبی و بە تایبەتیش شیعر تا تێبینی خۆیانم پێ بڵێن، ئەمە هاوکاری منی کردووە و خۆم هەوڵمداوە خزمەت بەخۆم و شیعرەکەم بکەم، تا بتوانم گۆڕانکاری رووبدا لە شیعرەکانی مندا و هەوڵیشمداوە.

*** وەکو کاریگەری کاریگەری چ شاعیرێکت بەسەرەوەیە و موعجیبی بە شیعرەکانی کێ؟**

- کاریگەری هیچ شاعیرێکم بەسەرەوە نییەو دەمەوێ هەر خۆم بم، بەڵام ئەوە جیایە کە من شیعری شاعیرێک دەخوێنمەوە، ئەوە جیایە کە من شیعری شێرکۆ بێکەس و قوبادی جەلیزادە دەخوێنمەوە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ من کاریگەری ئەو شاعیرانەم بەسەرەوە.

*** بۆچی قوبادی جەلیزادە، وەکو ئافرەتێک خۆت لەناو شیعرەکانی قوباد دەبینییەوە؟**

-کاتێک شیعری قوباد دەخوێنمەوە بەلای من بەشێکی سەربەخۆیە لە ئەدەبی کوردی، ئەو بەشەی زۆربەی شاعیران فەرامۆشیان کردووە، قوبادی جەلیزادە پڕی کردۆتەوە.

*** "کاردینا حەمە عەلی، کاردینای سپی، کاردینا محەمەد"ئەو هەموو ناو گۆڕینە بۆ؟**

- ناو گۆڕین نییە، بەڕاستی وەکو کاری هونەری بە کاردینا محەمەد یا کاردینا حەمە عەلی هاتووە، بەڵام لەگەڵ بەڕێز حەمە عەلی خان ناوەکانمان تێکەڵ دەکرێ و دەڵێن کچی ئەوی، بۆیە بڕیارمدا هەر کاردینا بێ بە تەنیا، بەڵام وەکو نووسین من لە کۆڕەکان یان لە فێستیڤاڵی لاواندا بەشداریم کردووە و بە کاردینای سپی رۆیشتووە، من کاردینای سپیم وەکو ئەدەب و شیعر بەکارهێناوە، بەڵام دواجار ئەوان چی دەنووسم ئەوە نازانم، وەکو خۆشم یا کاردینا یا کاردینای سپیم پێ باشترە.

*** لە دنیای نووسیندا حەزدەکەی تەنها شاعیر بیت، یا حەزدەکەی دەست بۆ نووسینی رۆمان و چیرۆک و جارجارە وتاری رۆژنامەوانیش بەری؟**

- من توانایەکی تەواوم نەبێ لەو بوارەی دەستی دەدەمێ قەت دەستکاری شتێک ناکەم، کە توانام زاڵ نەبێ بەسەریدا، من خۆم وەکو شاعیر بینیوەتەوە و دەمەوێ بەس شاعیر بم.

*** بەشداریکردنت لە گەلاوێژ بۆ خەڵاتە یان هەر بەشداریکردن و تەواو؟**

- بەر لەهەموو شتێک من دەمەوێ ئەوانەی دێنە ئەو فێستیڤاڵە هەناسەیەکی کاردینا بکەم بەگوێیانا و کاردینا بناسن و بڵێن دەنگێکی تریش هەیە کە ناوی کاردینایە، ئەوە هەموو ئامانجی منە بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵ، ئیتر دواتر ئەوەیان بۆ رای لیژنەو خەڵک دەگەڕێتەوە کە چۆن بڕیارێک دەدەن.

*** وەکو تێکەڵبوون، زۆر تێکەڵی لەگەڵ شاعیر و نووسەر و رۆشنبیرە پیاوەکان، ئەوە چۆنە؟**

- من هەموو ئەو کەسانەی دەیانبینم مرۆڤن، مرۆڤیش بۆ ئەوە دروست کراوە پەیوەندی هەبێ، من زۆرترین پەیوەندیشم لەگەڵ هەردوو رەگەزەکە هەیە، هەموو کاتیش بەوە ناسراوم پەیوەندیم خۆشە لەگەڵ هەردوو رەگەزەکەدا، ئەوە مایەی خۆشحاڵییە بۆ من کە ناتوانم جیاوازی بکەم لەنێوان ئەوەی ئەوە پیاوە و ئەوە ژنە، دەبێ ئەو شتە لەمنەوە دەست پێبکا، گەر من ئەو جیاوازییە بکەم ئەی بۆچی لۆمەی کەسێک بکەم کە لە دەرەوەی دنیای ئەدەبە و بڵێم جیاوازی مەکە، من دەبێ ئەوە لەخۆمەوە دەست پێ بکەم.

*** یانی کەواتا لەوکاتە تۆ حیساب بۆ کۆمەڵگا ناکەی؟**

- ئەوە حساب کردن بۆ کۆمەڵگا نییە، ئەوە خزمەتکردنە بە کۆمەڵگا، من کاتێک جیاوازی نێوان ژن و پیاو نەهێڵم پیرۆزترین ئەرک دەکەم کە لەناو کۆمەڵگاکەمە، بەوە کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە دەچێ، ئەوە کارێک نییە کۆمەڵگا لە کەداربکا، ئەوە کارێکە کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە دەبا.

*** بێینە کارە هونەرییەکانت بەرهەمی نوێت چییە؟**

- دوای درامای ئارەزوو بەشداریم لە درامای خەرەند کرد، ئێستاش بۆ چەند کارێکی دیکە پێیانگوتووم بەڵام هێشتا بڕیارم نەداوە بۆ ئەنجامدانی.

*** لەو دوو درامایەی رۆڵی سەرەکیت هەبووە لەگەڵ ئەرسەلان دەروێش کارت کردووە، بۆچی ئەرسەلان دەروێش؟**

- دیاریکردنێک نەبووە، بەڵام کاتێک لەگەڵ کاک ئەرسەلان ئیشم کردووە، لە سەرەتا کە ئەو سیناریۆیە خراوەتە بەردەمم خوێندوومەتەوە و ئەو کەسایەتییەم بەدڵ بووە تەنها ئامادەش بووم لەو کەسایەتییە ئیش بکەم، بە خۆشحاڵییەوە ئەو رۆڵەی پێ بەخشیوم و بەیەکەوە زۆر ئاسوودەین، دوای ئەوەش گوتوویەتی من سیناریۆت بۆ دەنێرم حەزدەکەم خۆت کەسایەتی هەڵبژێری و من بەختەوەرم ئیشمان لەگەڵ بکەی، منیش ئیشم کردووە، من ناتوانم لەگەڵ هەموو دەرهێنەرێک کاربکەم تاکو نەزانم سیناریۆکە چۆنە، دەبێ بەشێکی سەرکەوتنی خۆم لەو ئیشە ببینمەوە ئینجا کاربکەم.


کاردینا محەمەد

## ڕۆژەڤ


عەبدولغەنی عەلی یەحیا

# کێ دەیەوێ مەسیحییەکان قووتبدات؟

بەگوێرەی هەواڵێک،هەندێ لەسیاسەتمەدارانی ئاشووری، بەدەنگێکی بڵندەوە مەترسی قووتدانی مەسیحییەکانی عێراقیان راگەیاند، بەڵام بێ ئەوەی دەستنیشانی ئەو لایەنەی کار لەپێناو قووتدانیان دەکات، بکەن. زۆربەی سیاسەتمەدارە مەسیحییەکان، ئەوەش جێی داخە، بەئاشکرا ناوی"ئەلقاعیدە" یان"بەعس"وەک تاوانبار دەرهەق مەسیحییەکان ناهێنن، ئەو سیاسەتمەدارانە باشدەزانن کێ هەوڵی قووتدانیان دەدات، بەڵام ئاشکرایان ناکەن!!

**کردەوەیەکی سەیر!**

"عەبدولعەزیز بۆ تەفلیقە"ی سەرۆکی جەزائیر، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی وەرزشوانە جەزائیرییەکان لە "سوودان" و هاندانیان، بڕیاری گواستنەوەی"١٠٠٠٠"هەزار هاووڵاتی جەزائیری بۆ"سوودان"بۆئەوەی سەرکەوتن لە تیپی وەرزشی تۆپی پێی میسر بێنن، گواستنەوەکەش بەهۆی هێڵەکانی ئاسمانی ئەنجامدەدرێت، تۆ بڵێی چەند پارەی لێ خەرج بکرێت، هەر باس مەکە، ئەرێ باشتر نییە بۆ جەزائیر بڕە پارەکەی لە گواستنەوەکە خەرج دەکرێت، لەسەر گەلی جەزائیر خەرج بکرێت، کە ساڵانێکە لەبرسان و لەترسان دەناڵێنێ؟!

**داوایەکی سەیر!**

دوای ئەوەی"سعودیا"بەتووندی کەوتە پەلاماردانی"حوسییەکان" سەرۆک کۆماری "سۆماڵ" خێرا داوای لە سعودیا کرد یارمەتی بدات دژ بە نەیارانی حکومەتی سۆماڵ، لەکاتێکدا تائێستا ئەنجامی شەڕی سعودیا دژ بە حوسییەکان نادیارە، وێڕای ئەمەش لەم بڕوایەدام سعودیا، سەربازێک چییە رەوانەی سۆماڵ ناکات.

**دوور لە راستییەکانی مێژوو**

لەیادی دامەزراندنی شاری"بەغدا" لەلایەن"ئەبو جەعفەر ئەلمەنسوور"ەوە، عەرەبی سوونە زۆر مەدحی ئەبو جەعفەریان کردو دەوڵەتێکی دراوسێش، بێ ئەوەی ناوی ببەن بە شێواندن و سڕینەوەی"عرووبەتی"! بەغدایان تاوانبارکرد. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانیش"بەغدا"ناوێکی عەرەبی نییە، بەڵکو فارسییە یان کوردی کاتێ مەدحی ئەبو جەعفەریش دەکەن، وەک بڵێی نەزانن ناوبراو زاڵمێکی بێ وێنەبوو، بەرلەوەی کۆچی دوایی بکات، وەسییەتی کرد"١٠٠"گۆڕی بۆ ئامادەکەن و بە نهێنی لە یەکێ لە گۆڕەکان بیشارنەوە، نەوەک ناحەزانی لە زوڵملێکراوەکان، گۆڕەکەی بدۆزنەوەو هەڵیتەکێنن و سووکایەتی بە ئێسک و بروسکی بکەن، وەک سزایەک لەسەر ئەو زوڵمەی لە خەڵکی دەکرد، نازانم بۆچی ئیدانەی دیکتاتۆری هاوچەرخ دەکرێت، کەچی زوڵمی دیکتاتۆری کۆن فەرامۆش دەکرێت؟.

**دوو هەواڵی ناوەڕۆک جیاواز!**

یەکێ لە رۆژنامەکانی"هەولێر"پێش چەند هەفتەیەک وتی: تەحسین بەگی میری ئێزیدییان پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی "ئەڵمانیا" کردووە، ئیقامە بە ئێزیدییەکان نەدەن و وەک پەنابەر وەریان نەگرن، دوای چەند رۆژێک لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە، سایتێکی ئێزیدییەکانی"باشیک" و "بەحزان"لە ئینتەرنێت وتی: تەحسین بەگ داوای پەنابەری لە ئەڵمانیا بۆخۆی و ئەندامانی خێزانەکەی کردووە!!.

**دابەشکردنی چەک بەسەر هاووڵاتیانی"ئەبوغرێب"!**

لەدوای هێرشە دڕاندانەکەی تیرۆریستان دژ بە خەڵکی ناوچەیەک لە قەزای"ئەبو غرێب"ی رۆژئاوای"بەغدا"کە بووە هۆی کوشتن و سەبڕینی ١٣هاووڵاتی، حکومەتی"بەغدا"بڕیاریدا چەک بەسەر خێزانەکانی ناوچەکە دابەش بکات، بۆ هەر خێزانێک پارچە چەکێک!! لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین: کوانێ رۆڵی حکومەتی لە پاراستنی گیان و سامانی هاووڵاتیان؟ ئەگەر کوشتنی ١٣ هاووڵاتی ببێتە هۆی دابەشکردنی چەک بەسەر خێزانەکانی ناوچەی"ئەبوغرێب" بۆچی هەمان شت روونەدا کاتێ لە"٦٠٠"کوژران لەناوچەی"گرعوزێرو سیبا شێخ خدر-ی"؟ بۆچی چەکیان لەسەر دانیشتوانی:"خەزنە" و "وەردەک" و"تەلەعفەر"و "شنگال" و..تد دابەشنەکرد. لەکاتێکدا قەوارەی کارەسات و لێقەوماوییان زۆر گەورەتربوو لەو کارەساتەی لە"ئەبوغرێب"روویدا. ئا ئەمەیە"بانێک و دوو هەوا"!.

# تەنز


شاخەوان عەلی حەمەد

دووربەو پووربە. دوای چەند مانگ دوورکەوتنەوەم لە ماڵی باوکم و پاشان گەڕانەوەم بۆ ماڵیان، من و نەمام و دایک و باوکم تا کەلەشێر قووقاندی بەیەکەوە دانیشتین، دایکم لە بچمی ڕا دیاربوو حەزی دەکرد بە پەلارێکیش بێ، پەلاری خۆی لە نەمام بدا گوایە من ساویلکەو ئەویش ئاگری بنکایە، بێ هیچ پێشینەیەک چۆن دەڵێن بووکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێبێ، ئاوا رووی تێکردم و هەڵیدایێ:"کورم لەو قسانە گەرێ با من قسەیەکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە، دەڵێن لە گوندێکدا کابرایەک مەڕێکی دابەستەی راگرتبوو، ویستی بۆ ئاغای ئەو گوندەی تەنیشتیان ببا، یەکێ لە خزمەکانی حەزی نەدەکرد ئەو مەڕە بۆ ئاغا بێ و ئاغا بیخوا، بەهەڵپەیەکەوە پێی دەڵێ:"دەزانی ئەو مەڕە ئەگەر دەستنوێژی لێهەڵنەگری و تۆ بۆی ببەی، دواتر خەبەر بگاتەوە ئاغا، کورە لێت بە رقدادەچێ و دڵنیابە ئەو مەڕە ناخوا".

کابرا چونکە ساویلکەو خۆشباوەڕ بوو، دەستی بۆی بەسینگ داداو وتی: "وەڵڵاهی قسەکەت تەواوە".

کات: چلەی زستان بوو، بەو سەرماوسۆڵە مەڕەی بەستەزمانی هێنا، چەند جارێ خستییە نێو حەوزی ئاوەوە تا حەیاتی حونکەی لێبڕا.

ئەو هەواڵە گەییە دەم ئاغا گوایە کابرایەک دیاری بۆ ئامادەکردووە بۆی بیا، کەچی دەچێ دەستنوێژی لێهەڵدەگرێ.

جاری یەکەم مەڕەکە دەخاتە ئاوە ساردەکەو دەریدێنێ، مەڕە لە سەرمان دەپشمێ و دەترێ، دەستنوێژی دەشکێ.

جاری دووەم مەڕەکە دەخاتە ئاوە ساردەکەو دەریدێنێ، مەڕە لە سەرمان دەپشمێ و دەترێ، دەستنوێژی دەشکێ.

جاری سێیەم مەڕەکە دەخاتە ئاوە ساردەکەو دەریدێنێ، مەڕە لە سەرمان دەپشمێ و دەترێ، دەستنوێژی دەشکێ، سەرەنجام رەق دەبێتەوەو مردار دەبێتەوە. ئاغا جواب بۆ خەڵکی ئەو گوندە دەنێرێ دەڵێ: لە مەودوا هەر کەسێک ویستی مەڕم بە دیاری بۆ بنێرێ، با دەستنوێژی لێهەڵنەگرێ، بۆ بەرەکەتی زیاتر خۆم دەستنوێژی لێهەڵدەگرم".

نەمام یەکسەر لەفیتی خۆی گەیشت، ئەو بەری دڵی گیرا، هۆپێکی لەخۆی زانی و بەهێواشی هەڵسایە سەر پێ، چووەوە ژوورەکەی خۆی. منیش بەدوایدا راست بوومەوەو چوومە لای، بینیم ناوچەوانی گرژو مۆن کردووە، گوتم: "ئافرەت ئەوە خێرە گووت گیراوە؟".

وتی: "بڕۆ لە دایکە نازدارەکەت بپرسە، بڵێ دایە ئۆینبازەکەم ئەو تالیق و تالیقکارییە چییە لەو کچە بە یەغبارەی دەدەی؟ پیاوەکە بەڕاستی وابڕوا لەو ماڵە ئیدارە ناکەم و ناچاردەبم بچمەوە ماڵی باوکم، لەوێش پاروە نانێک بەسەلکە پیازێک دەبێ بمدەنێ".

کەڵلە رەقەکەی نەمام وایدەخواست لە ئاستیدا ئارامبم و بکەومە دڵدانەوەی، تا بێتەوە سەرخۆی، چۆن دەڵێن دەمە لەچیت کەمە، هەر بەدرۆ پێموت: "ئافرەت تەبیعەت دەرمانی نییە، خووی شیری، تا پیری. تۆش جیقڵدانت ئەوەندە بچووکە هەر قسەیەکت لەلادا بکرێ بەهەزارو یەک شێوەی لێدەدەیەوە، دەی پێبکەنە، هەڵپەڕە، گۆرانی بچڕەو وابزانە دایکم گوێک بوو خواردی و تەواو، ئێستا دڵت داکەوت؟".

بە وشەی گوخواردن کەیفی هاتێ، قیچێ هۆشی هاتەوەبەر بزەیەکی نایە سەر لێوو ماچێکی مزری کردم.

هونەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٤٠ - ١٢٩ - یەک شەممە ٢٠٠٩/١١/٢٢ی زایینی

## پرۆفیشناڵ



مەسعودی مەلا هەمزە

### وەفدی هونەری

گومان لەوەدا نییە لەدوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ بە گشتی و دوای رووخانی رژێمی بەعس بە تایبەتی دەرگای وڵاتان بەڕووی کورددا کرایەوە، کە بێگومان کوردیش تا رادەیەک سوودی لەو دەرفەتانە وەرگرت و توانی پەیوەندی لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی دنیا دروست بکا، جا پەیوەندییەکان چ "سیاسی، هونەری، کلتووری، ئەدەبی، ئابووری...هتد" بێ، گرنگ ئەوەیە لە کۆتاییدا ئەو پەیوەندییانە لە بەرژەوەندی کورد تەواو دەبێ.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە قسەی لەسەر بکەم، ئەو وەفدە هونەرییانەن کە لە کوردستان بۆ کاری هونەری و ئاڵوگۆڕی هونەر دەچنە وڵاتانی ئەوروپا و دەوروبەر، کە نکۆڵی لەوە ناکرێ سوودێکی زۆری دەبێ بۆ رەوشی ئەمڕۆی هونەری کوردی، لەبەرئەوەی ساڵانێکە هونەرمەندی کورد تەنها لەرێگای هەواڵ و خوێندنەوەوە ئاگاداری پێشکەوتنە هونەرییەکانی دنیا بوون، کەچی شوکر بۆ خوا ئەوا ئەمڕۆ پەیوەندییەکان بەهێز بوونە و جیهان بچووک بۆتەوە، هونەرمەندی کورد دەتوانێ لە رێگای سەردان و وۆرک شۆپە هونەرییەکان ئاگاداری ئەو ستایلە نوێیانەی هونەربێ و زانیاریش دەربارەیان پەیدا بکات.

وێڕای ئەو باشییانە ئەوەی قسە هەڵدەگرێ و جێگای گلەییە، زۆرجار ئەو وەفدە بەناو هونەرییانەن کە بەشداری لە چالاکییە هونەرییەکانی دەرەوە دەکەن و دەبنە نوێنەری هونەرمەندانی کورد لە دەرەوە، بۆ نموونە:

* بۆچی دەبێ چوار کەس بەناوی هونەرمەندی سینەماییەوە بەشداری لە فێستیڤاڵێکی سینەمایی بکەن، کە بەشی هەرە زۆریان یان هونەرمەندی شانۆکارن یان کەسی ئیداری و خزمی نزیکی بەڕێوەبەری گشتی سینەمای وەزارەتن؟؟!!

* بۆچی دەبێ بۆ مۆنتاژکردنی فیلمێکی سینەمایی لە تاران جگە لە دەرهێنەر کەسێکی یاسایی و کەسێکی ئیداری لەگەڵی سەفەر بکەن، بۆچی لە شوێنی ئەوان دوو هونەرمەندی وا نەدەنێردرا کە شارەزاییان لە مۆنتاژ و سینەما هەبێ و ئەو گەشتە بۆ ئەوان ببێتە وۆرک شۆپێک و سوودی لێ وەربگرن.

* بۆچی دەبێ وەزارەتی رۆشنبیری لە بەشی هەرەزۆری ئەو جۆرە چالاکییانەی لە دەرەوە بەشداری دەکا، کەسێک یان دووانێکی نا هونەرمەند بنێرێ و ئەوان بەناوی هونەرمەندانەوە بەشداری لە چالاکییە هونەری و وۆرک شۆپەکان بکەن.

* بۆچی دەبێ راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەت تا ئێستا چەندین گەشتی کردبێ و تەنها ئەو کەسانەی بۆ گەشتەکان بردبێ کە کەسی نزیکی خۆین و ئەو هونەرمەندانەی دیکەش، کە هەن و بە توانان کەچی کەس نییە بیانباتە دەرەوە و ئاشنابن بە هونەری گەلان.

* بۆچی دەبێ جیا لە هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکە بەڕێوەبەرایەتی مۆسیقا کەمتەرخەمترین بەڕێوەبەرایەتییە لەڕووی دروستکردنی ئەو پەیوەندی گەشتانە، لەپاڵ ئەوەدا بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر کاراترین بەڕێوەبەرایەتییە و تا ئێستا چەندین هونەرمەند سوودیان لە پەیوەندی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە وەرگرتووە.

هەموو ئەو بۆچییانە وەڵامی خۆیان گەرەکە، بەڵام کێ وەڵامی ئەو بۆچییانە دەداتەوە و پێمان دەڵێ ئەوانە لەبەر چ هۆکارێک رەوانە کراون، ئایا وەزارەتی رۆشنبیری لەو هەموو شارەزایە کەسی وای نییە بیاننێرێ، یان ئەو هەموو گەنجانەی خەریکە تێکەڵی دنیای هونەری دەبن بۆ ئەوان رەوانە ناکرێن؟!

# فرمێسک مستەفاو تارمایی ژنێک

**دوابەدوای ئەوەی ژنە شانۆکاری کورد فرمێسک مستەفا شانۆگەری تارمایی ژنێکی لە وڵاتی ئەڵمانیا نمایش کرد، ئەوجارەیان لەسەر داوەتی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر دوو جار لە رۆژێکدا ئەو شانۆگەرییەی لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر نمایش کرد، دەربارەی ئەو شانۆگەرییە و نمایشکردنی و چەند پرسێکی دیکەی شانۆیی دواندمان...**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** بۆچی ئەو دەقەت هەڵبژارد کە کاری تیا بکەی؟**

- خۆی دەقەکە ناوە راستەقینەکەی "ژنێک لە تاریکیدا"یە، ئەوەبوو ژنێک لە تاریکیدا یانی هەر ئەو ژنەیە لە تاریکیدا، بەڵام کە ناوەکەم کردە تارمایی ژنێک تارمایی زۆربەی ژنەکانی دیکەش دەگرێتەوە، یانی تارماییەکە دەبێتە تارمایی چەند ژنێکی دیکە، لەبەرئەوەی ئازاری ژن لە هەموو دنیا دەچێتە چوارچێوەی ئەوەی بەجێ بهێڵدرێت یا گرنگی پێ نەدرێت، یاخود فەرامۆش بکرێت و لە دامێنی ژیان دابنرێت، ئەو ئازارە ئازارێکی گشتییە، تەنها لەناو کورد و عەرەب نییە، بەڵام لە کلتووری ئێمە بەهۆی داب و نەریت و ئایین و زۆر شتی دیکە ئەو پاڵەپەستۆیە زۆرترە لەسەر ژنی ئێمە.

*** دەگوترێ هەرکەسێک خۆی لە دەقێک نەبینێتەوە ناتوانێ کاری تیا بکا، وەک خۆت چەندە خۆت لەو دەقە دۆزییەوە و کارت تیا کرد؟**

- هەندێک شت هەیە خۆت تیا دەبینییەوە، هەندێ شتیش هەیە هاوڕەگەزی خۆت تیا دەبینییەوە، ئەوەش دەبێتە خەمی خۆت.

*** یانی ئەو هەڵبژاردنەت خۆ دۆزینەوە بوو یا دۆزینەوەی هاوڕەگەزان بوو؟**

- هاوڕەگەزی من بوو، یانی بڵێم وەکو خەمی تایبەتی فرمێسک بەڵێ لەدەستچوونی تیایە، بەڵام زۆر وردەکاری هەیە نەخێر، هەندێ کات هەبوو لە هەندێ دیمەندا هاوڕێیەکی خۆمم بیر دەکەوتەوە، یانی من هاوڕێم هەیە مێردی بەجێی هێشتووە و ژنی بەسەر هێناوە و لێی دوور کەوتۆتەوە، یانی کە دەیگێڕمەوە یەکجار ئەو دێنمەوە یادم کە چۆن دانیشتووە و بۆی باسکردووم، هاوتای ئازاری ئەو و خەمی ئەوم باسکردووە.

*** بۆچی دەقێکی عەرەبیت هەڵبژارد و کارت تیاکرد، لە بەرامبەر ئەوەدا هیچ دەق یا شیعر و چیرۆک و رۆمانێکی کوردی نەبوو کاری تیابکەی؟**

- من پارساڵ چیرۆکێکی مەهاباد قەرەداغیم ئامادەکرد بۆ سەر تەختەی شانۆ، بەناوی مەرگی وەنەوشەییەوە بوو، ئەویش هەمان شت باسی لەوە دەکرد کچێکی ١٤ ساڵی دەکوژرێ لەژێر پلانی باوکی و بەدەستی براکەی، کە لەناویش دەچێت دەچێتە قالبی شەرەفەوە و هیچ یاسایەک نییە سزای براکەی بدا، هەمان شت ئەگە باسی "خەمی دوعا" بکەین، خۆ خەمی من نەبوو خەمی دوعا بوو، هاوڕەگەزی من بوو ئازارەکەی وایلێکردم کارێکی بۆ بکەم، یاخود خەمی وەنەوشە خەمی من نەبووە، خەمی هاوڕەگەزی من بووە، ئێستاش هەمان شت ئەو دەقە تەواوکەری دەقی مەهاباد بوو، تەواوکەری قەزیەی دوعا و زۆربەی زۆری قەزیەکانی دیکەیە، قەینا دەقەکە عەرەبییە، بەڵام دەقێکی زۆر زۆر ئینسانییە، تا بڵێی دەقەکە کلتووری ئێمەشی تیایە، نەدەبووا بڵێم ئەو دەقە مادام عەرەبییە نابێ هەڵیبژێرم، ئێمە زۆرجار کارێکی شکسپیر هەڵدەبژێرین زۆر زۆر لە ئازار و ئەندێشەی خۆمانەوە نزیکە، لەگەڵ ئەوەی شکسپیر نووسەرێکی بەریتانی و جیهانییە، لەوانەیە لە ژیانیدا ئاشنا نەبووبێ بە کورد، بەڵام کورد خۆی تیا دەبینێتەوە، ئەگینا کێشەکە ئەوەنییە تۆ دەقێکت هەڵبژاردووە هی کۆمەڵگاکەی تۆ نییەو دوورە لەتۆ، بە پێچەوانەوە زۆر ژن کە دەهاتن دەستخۆشیان دەکرد ئازاری خۆیان بوو.

*** تارمایی ژنێک بەر لەوەی لە هەولێر نمایش بکرێ لە ئەڵمانیا نمایشت کرد، پێشوازی رەوەندی کوردی و ئەڵمانەکان لە کارەکەت چۆن بوو، چۆنیش بڕیارتدا ئەو کارە بهێنییە هەولێر و نمایشی بکەی؟**

- ئەو پرۆژەیە هەر لە سەرەتاوە کە پێشکەشی وەزارەتی رۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی شانۆم کرد بە گەرمی پێشوازییان لێکرد، بەڕاستی سوپاسیان دەکەم کە بەو شێوازە پێشوازیان لێکردم و پشتگیریان لێ کردم، لەوێش پرۆژەکە خۆم بەرهەمهێنا، کە لەوێش کارم کرد هەڵبەتە دەقە وەرگێڕدراوەکەیمان بە ئەڵمانی دانا بوو، من لەوێ بە زمانی خۆم نواندنم کرد، لەبەرئەوەی زمانی دایک زمانێکە دەتوانی زۆر بەقووڵتر و بەسۆزتر رۆڵی تیا ببینی، وەک لە زمانی بیانی، ئەوەش کێشەی من نییە، بەڵکو کێشەی چەندین ئەکتەری بێگانەی ترە، کە دەڵێن ئێمە زیاتر بەزمانی دایکمان دەتوانین زیاتر تەعبیری لەودیوی شتەکان بکەین، وەک لە زمانی بێگانە، ئیتر وامان بڕیاردا کە وەرگێڕانی دەقەکە بە ئەڵمانی لەسەر سکرین دەردەچوو، بە پێچەوانەوە لەوێ کۆمەڵەیەکی ژنان هەیە کە بەیانیانی رۆژی چوارشەممە دادەنیشن لە قاوەخانەیەک زمانی ئەڵمانی بە بێگانەکان دەڵێن، هەر ئەو دەمە دەقەکەیان لێسەندم و رۆژێک بە زمانی ئەڵمانی بۆ ژنەکانیان خوێندەوە، پێشوازییەکی زۆری لێکراو کرا بە پرۆژە کە لەو مانگەدا لەماڵێکی شانۆیی لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیا نمایش بکرێتەوە.

*** کە هاتیتە هەولێر پێشبینیت بۆ کارەکەت و پێشوازی بینەران لە کارەکەت چۆن بوو، جگە لەوێ هونەرمەندانی ئەوێ چیان پێدەگوتی دەربارەی نمایشەکەت لە هەولێر؟**

- زۆر هاوڕێی شانۆکارم هەبوو کە پێشتر هاتبوونەوە بۆ هەولێر دەیانگوت ئێمە لە هەولێر پرۆژەمان هەبووە تۆ ئاگات لەخۆت بێ، بەڵام بەڕاستی من ئەوەندەی بیرم لە کارەکەم دەکردەوە ئەوەندە بیرم لەوە نەدەکردەوە بینەرم دەبێ یان نا، ئەوە بۆ من کێشە نەبوو، چونکە دەمزانی بینەرم دەبێت، خۆم دڵنیابووم لەوەی بینەرم دەبێت، بەڵام لایەنەکەی دیکە کە تۆزێک تووشی پشێوی و نا ئارامی کردبووم کە ئایا ئیشەکەم بەدڵی فرمێسک دەبێ یان نا، لەبەرئەوەی رۆژێک لە رۆژان خەڵک لێرە ناسیومی و دەبێ تۆ حیسابی ئەو سیقەیە بکەی و بەردەوامی بەو توانایە بدەی، یان کە بینەرت بینی جارێکی دیکە بەو هێزە کاربکەی کە لەلایان بەجێتهێشتووە، من لەو کێشەیەی خۆم بووم لەگەڵ خۆم، ئایا ئەوان وەکو فرمێسکەکەی جاران وەرمدەگرنەوە یان نا، بەڵام کە هاتمە ئێرەو لە رۆژێکدا دووجار نمایشم کرد، بە پێچەوانەوە زۆر زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێکردم و کورسییەکی بەتاڵم نەدی، مەرجیش نییە تۆ بینەرت زۆر یا کەم بێ، گرنگ ئەوەیە ئەوانەی دێن کێن و لە چ ئاستێکدا کارەکەت هەڵدەسەنگێنن، چونکە من جیا لەوە بۆ دیداریش حەزدەکەم کە



فرمێسک مستەفا

یەکێک دێتە لام بۆ چاوپێکەوتن حەزدەکەم زیاتر باسی ناوەرۆکی شانۆگەرییەکەم لەگەڵ بکاو باسی شتە هونەرییەکان بکەین، باسی خاڵە لاوازەکانم بکا تا لە کاری داهاتوو دووبارەی نەکەمەوە، چونکە ئەو کارە هەر بە تەنها خۆم بوومە و دەرهێنەر یا چاودێرێکم نەبووە، یانی هەر خۆم کارم کردووەو کە خۆشت بە تەنیا کاردەکەی بەدەر نییە لەزۆر کەموکوڕی.

*** نمایشی شانۆگەرییەت لەو هۆڵەی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەکردی لەرووی سینۆگرافیا و رووناکی، لەبەر بچووکی هۆڵەکە؟**

- نەخێر بە پێچەوانەوە، ئەوەی ئەڵمانیاش ک نمایشم تێیدا کرد، هۆڵێکی زۆر بچکۆلە بوو، لەبەرئەوەی کارەکەی من یەک پەردەییە، کاری مۆنۆدراماو یەک پەردەییش دەبێ هۆڵەکە لە خزمەتی بێ، هۆڵەکەی ئێرەش لە خزمەتی کارەکەمدا بوو، راستە هەندێک کەموکوڕی هەبوو، بەڵام هەموویان بۆ چارەسەر کردم، سوپاسیان دەکەم. کاک نەورۆز و هیوا و هیوا سوعاد کە هاوکارییەکی زۆر باشیان کردم، ئەوان لە پشتی منەوە بوون کە زۆر بە حەماسەتەوە کارەکە بکەم.

*** جیا لە کاری هونەری جار جارە دەبینین وتاریش دەنووسی، ئەو نووسینانەت لە فەراغی نەبوونی رەخنەیە یا هەر حەزێکی خۆتە؟**

- کاری نووسین کارێکە لە مێردمنداڵییەوە هۆنراوە دەنووسم، کاتی خۆشی لە کاتی کۆلێژدا هەوڵی نووسینی پەخشانە شیعرم هەبووە و بڵاویشم کردۆتەوە لە بەغدا، یان بابەتی کورتی شانۆییم نووسیوە، نووسین حەزێکە لە ناخی مندا، کاتێکیش شانۆگەرییەک دەکەم هەست دەکەم زۆر زیاتر حەزم لە نووسینی شیعرە، شیعر پڕم دەکاتەوە، هەتاکە شانۆگەرییەکیش دەکەم هەست دەکەم ئەوەی کە زۆر تێرمەدەکاو یارمەتیم دەدا مۆسیقا و خوێندنەوەی شیعرە، کە زیاتر خەیاڵم دەجووڵێنێ.

*** کە ئەوەندە حەزت لە شیعرە چۆنە تا ئێستا قەسیدەیەکی شیعریت ئامادە نەکردووە بۆ کاری شانۆیی؟**

- بۆ قەسیدەی شیعری ئەوە تۆ بە سوودفە باست کرد، بەڵام پرۆژەی داهاتووم کە زۆر حەزدەکەم بتوانم کاری تیا بکەم، ئێستا تەواو باسی ناکەم، لەبەرئەوەی هەموو باسکردنێک دەبێ پێشانی بینەری بدەی و دەبێتە پەیمان لات، هەڵبەتە کە ئەو کارە لەدایکبوو باسی دەکەم، گرنگ ئەوەیە ئێستا شتەکە لام هەیە و سکێچی کارەکەشم لەلایە.

*** زۆرجار دەگوترێ کە هونەرمەندانی کورد دەچنە ئەوروپا ون دەبن لە کارکردن، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێنییەوە و ئەو خاڵە چەند لەتۆ رەنگی داوەتەوە؟**

- هۆکاری ئەوە سەختی ژیانی هەندەرانە، هەڵبەتە تۆ کە لە وڵاتێکەوە دەچیتە وڵاتێک لە پێشدا کێشەی تۆ ئەوەیە چۆن سەرپێی خۆت بکەوی و ئاشنابی بە کلتوور و زمان، ئەوانە وات لێدەکا هەندێ شتی خۆت هەیە دەبێ فەرامۆشی بکەیت، ئەو فەرامۆشکردنە شتێکی سروشتییە، بەڵام ئەگەر تۆ بناغەیەکت هەبووبێ بۆ ئەو کارە لێی دانەبڕاوی، لەبەرئەوەی ئەو خۆدروستکردنە بۆ پەرەپێدانی ئەوەیە، بەشبەحاڵی خۆم کە چوومە هەندەران تا ٨ ساڵی سەرەتا دانەبڕام و لە قوتابخانەیەکی نموونەیی کە دەرهێنەری گەورەیان دەهێنا کاری بۆیان دەکرد، من کاری ئارایشتم بۆیان دەکرد، هەندێ کاتیش هاوینان کۆرسی ئەوەم بۆ دەکردنەوە کە ئارایشت و شتی وا بکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی بوومە خاوەنی ٣ جگەرگۆشەی خۆم و ئەوە ئەرکی دایکایەتی خۆمە، چەند چێژ لە ئەکتەربوونی خۆم وەردەگرم، ئەوەندەش چێژ لە دایکایەتی خۆم وەردەگرم بۆ منداڵەکانم، هەستمکرد جگە لە کورد و کۆمەڵگای کوردەواری و شانۆ لێپرسراویەتییەکی دیکەم هەیە کە منداڵەکانم و دایکیانم.

*** بۆچی هەوڵت نەدا وەکو خەرمان هیرانی و هێرۆ سەباح یان تەلار هیرانی بچی لە بەش یا ستایلێکی شانۆ بخوێنێ کە بە کورد ئاشنا نەبێ، تاکو شانۆکارانی کورد سوود لە ئەزموونت وەربگرن؟**

- هەڵبەتە شێوازی کارکردنی من لەوێ تۆزێک جیاوازترە، ئەوەی لەوێ من زۆر کاری بۆ دەکەم و تیایا قاڵم و لەو شارەی تیام لەگەڵ چەند ژنە شانۆکارێک و دەروونناسێک خۆم قاڵکردۆتەوە لە قەزیەی ئافرەتدا، لەوێ چەند وۆرک شۆپێکم کردۆتەوە و هەمیشە لەگەڵیان کاردەکەم، ئێستاش لە ١١/٢٢ لەگەڵ ژنێکی دەروونناس و شانۆکار لە ماڵی شانۆیی شتوتگارت سیمینارێکم هەیە، لەو سیمینارە باس لە لایەنە هەستیارەکانی ژنان دەکەم، لەو لایەنە خۆم زۆر قاڵکردۆتەوە و هەستیش دەکەم زۆر زۆر سوودم لێی بینیوە.

*** خۆ قاڵکردنەوە لە لایەنی ژن و فیمینیزم و بەرگری کردن بۆ؟**

- وەکو بەرگری نا، بەڵام لایەنێکە تا ئێستا ئێمە پێی ئاشنا نین، بۆ نموونە چۆنیەتی کارکردنی فەرمانبەرێکی ژن لەگەڵ هاوکارە پیاوەکانی، بۆ نموونە تا ئێستا من چەندین کاری وام کردووە لەگەڵ چەند دکتۆرێکی ژن کە لەگەڵ پیاوان کار دەکەن، یاخود پزیشکی لایەنە دەروونییەکانی پیاوانن، بۆ نموونە لەگەڵ ئەوان کارمکردووە تا بتوانم بەیانی بێمەوە وۆرک شۆپ بکەمەوە لەناو فەرمانگەکان تا چۆن فەرمانبەرە ژنەکان بتوانن لەگەڵ پیاوەکان هەست و سۆزی خۆیان رابگرن، هەڵبەتە هەرچ کارێک بکەی و هەر شتێک فێربی لە ئەوروپا بۆ تۆ سوودێکی هەیە بۆ نیشتمانەکەت.

*** لەو ماوەیەدا دەبینین ژنان بە تەنیا کاردەکەن، ئەوە حەزە یاخود دەتانەوێ بە هونەرمەندە پیاوەکان بڵێن ئێمەش دەتوانین بە تەنیا کاربکەین؟**

- من بۆ خۆم ئەو بیرکردنەوەیەم نییە، بەڵام خۆم لە شارێکدام بە تەنیام و هیچ شانۆکارێکم لەگەڵدا نییە، ئەگینا بە پێچەوانەوە تامەزرۆی ئەوەم لە شانۆگەرییەکی گەورەدا کاربکەم، لەوە خۆشتر هەیە تۆ هاوکارێکت لەگەڵدابێ ئیتر ژن بێ یان پیاو بۆمن مەسەلەیەک نییە.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە بە یەکجارەکی بگەڕێیەوە کوردستان؟**

- زۆر بەحەزەوە دەمەوێت و زۆریش بیری لێ دەکەمەوە و یەکێکیشە لە ئاواتەکانم.

*** جیا لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا دەبینین کورد هەماهەنگییەکی یەکجار زۆری هەیە لەگەڵ ئەڵمانیا لەڕووی کاری رووناکبیری، پێتوایە ئەو هەماهەنگییە چەند لە بەرژەوەندی کورددایە؟**

- حەتمەن سوودی دەبێ، لەبەرئەوەی ئێرە دنیایەکی داخراوە، ئەو دنیا داخراوە دەبێ بکرێتەوە، بەڕای من پێویست نییە ئەوان تەنها پرۆژەیەکی شانۆییان هەبێ ئینجا بێنە ئەوروپا، یانی بۆ وەفدەکان نەیێن بۆ بینینی فێستیڤاڵە شانۆییەکانی ئەوروپا و سەیری نەکەن، بۆ سوود لە ئەزموونی ئەوان وەرنەگرن، بۆ سوود لە ئەزموونی پێشانگا یان وۆرک شۆپێک وەرنەگرن، لەبەرئەوەی ئێستا جیهان وردە وردە بچووک دەبێتەوە و پەیوەندییەکان ئاسانتر دەبێ، بۆچی ئیستیغلالی ئەوە نەکرێ.

*** وەکو نیشتەجێیەکی ئەڵمانیا، ئەڵمانەکان چەندە ئاشنای ئەوەن هونەرێک هەیە بەناوی هونەری کوردی؟**

- بەداخەوە ئاشنای تەواو نین، نەک ئەڵمانیا ئەوروپا بەگشتی هەندێک هونەرمەندی کورد هەیە لەوێ، خۆی وەکو کورد دەناسێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەفزی کورد دەکاتەوە، هەستدەکەی لەو کاتەدا بازرگانی بە هونەرەکەی دەکا، هەشە نا، ئێستا من بەشبەحاڵی خۆم کە نمایشێک لەوێ دەکەم هەمیشە حەزدەکەم لەمسەیەکی کوردی پێوەبێ بۆ ئەوەی دیاربێ، ئەو شانۆگەرییەی لێرە نمایشم کرد لەوێ بەجلی سرکەیی کوردییەوە کردم، لەوەدا خەڵک بینی جل و قوماشی کوردییە، شانۆگەری دیکەم کردووە بە جلی کوردییەوە، هەمیشە حەزدەکەم لە شانۆگەرییەکەم لەگەڵ ئەوەی زمانەکە کوردییە ژنێکی کوردیش ببینن، هەمیشە هەوڵمداوە کلتووری خۆم بە شێوەیەک پیشان بدەم پێچەوانەی ئەوەبێ کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە و تێی گەیشتوون.



ژمارە (١٢٩) تشرینی دووەمی ٢٠٠٩/١١/٢٢ زایینی
سەرماوەزی ٢٧٠٩ی کوردی

# ئەردەڵان فریا نەکەوت ئاوازەکەی ڕێبین جەماڵ بکاتە گۆرانی

ئا: ستار محەمەد ئەمین


ڕێبین جەماڵ

**یادی تۆ نامگرێتێ**
**ئێستا بەدووریت ئاشنام**
**بە زایەڵەی دابڕان**
**دەگاتە لای خوا نزام**

ئەو کۆپلە شیعرە بەشێکە لەو دەقە شیعرییەی کە هونەرمەندی میوزیکژەن ڕێبین جەمال ئاوازی بۆ داناوە و بڕیار بوو هونەرمەندی جوانەمەرگ ئەردەڵان بەکر بیکاتە گۆرانی، وەلێ بەداخەوە مەرگ ڕێگەی نەدا ئەردەڵان بەکر ئەو گۆرانییە تۆماربکاو بگاتە گوێی عاشقانی.

لەمبارەیەوە و دەربارەی کۆچی ناوادەی ئەردەڵان بەکر ڕێبین جەمال گوتی: ئەمە یەک لەو ئاوازانە بوو کە من پێشکەشی هونەرمەندی خۆشەویستی هەمیشە زیندوو لە ناخی من و زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەقەد من ئەردەڵانیان خۆشدەوێ، ئەم ئاوازە بوو کە پێشکەشم کردبوو بەداخەوە پێرانەگەیشت، بمیوورن کە گووتم پێرانەگەیشت، بەجێی کەسی گەورە لەگەڵ ئەوەی جێی داخە خواحافیزی لە میللەتێکی جوانی گەورەی خۆی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جێی داخ نییە، چونکە هەمیشە زیندووە لەناخی کەسە جوانەکان، ئەردەڵان بەکر یەک لەو هونەرمەندە شۆڕشگێڕە کوردپەروەرە خاکپەرستانە بوو کەوا مایەی شانازی من و هەزارانی وەکو منە، یەک لەو کەسانە بوو هەمیشە جێ پەنجەی لە هەموو شوێنێک دیاربوو، من ناتوانم تەنها بڵێم هونەر، چونکە ئەو مرۆڤێکی جوان بوو، کورد بوو، پێشمەرگە بوو، هونەرمەند بوو، هونەردۆست بوو، گەورەبوو، بە هەڵوێست بوو، زۆر شت بوو، نازانم چۆن باسی ئەو پیاوە گەورەیە بکەم، بەڵام ناسینی من لەگەڵ کاک ئەردەڵان چەند ڕۆژێک و چەند کاتژمێرێک بوو، کە بەڕاستی شادومانم بەو ناسینە، وادەزانم دوو سەدە و چەند ساڵێکە دەیناسم، هونەرمەندی خۆشەویست و لەیاد نەچوو، هونەرمەندی لەناخی من هەمیشە زیندوو، کەسێک بوو زۆر تایبەت بوو، زۆربەی ئەو شتانەی لە هونەرمەند دەیگێڕنەوە وادەکەن نێوانی من و ئەو پەتوترو پەتوتر بێ، من شادومانم بە ناسینی ئەو، چونکە هونەرمەندێک بوو مایەی شانازی هەر هەموومان بوو، خۆشم بەلاوە سەیر بوو کاتێک کە لەهێنانەوەی تەرمەکەی دەگریام، یاخود خانەوەدەکەیم دەبینی دەگریان، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر خانەوادەکەی هاتنە لای ئێمەو منیش گوتم بمبورن کە ئەوەندە بۆ ئەردەلان گریام، بەلاشمەوەنائاسایی بوو کە ئێوە ئەوەندە بۆی دەگریان، چونکە بەڕاستی کەسی گەورە شایانی پێکەنینە، خۆشییە، شایانی ئەوەیە شتە جوانەکانی بگێڕییەوە و باسی بکەی، چونکە ئەردەلان کەسێک بوو هەمیشە پێدەکەنی و بەدەم ژیانەوە پێدەکەنی، هەمیشە بەدەم هونەرە پێدەکەنی، هەمیشە بەدەم جوانییەوە پێدەکەنی، هەمیشە بەو شتانە پێدەکەنی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ خۆی و ئازیزان و برادەرە خۆشەویستەکانی بەسەری بردوون، هەمیشە هەموو شتەکانی بەخۆشی دەگێرانەوە، بۆیە من دەڵێم یەک بەیەکی ئەو فرمێسکانەی بۆم ڕشتوون پێشکەشی ئەو بێ، چونکە بەڕاستی کەسێکی گەورە و خۆشەویست بوو، بەڵام چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەڵێنم بەخۆم و ئەردەلاندا کە لەجیاتی ئەو و لەبری ئەو پێکەنینەکان زیاتر بکەم، یەک لەو شتانەی من زۆر دڵم پێی خۆشە و دڵشادم بەوەی کە لەگەڵ ئەوەی هونەرمەندی زۆر گەورە و بە هەڵوێستمان هەن و دنیایەک شتی جوان لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکان کۆمدەکاتەوە، بەڵام هێشتا ڕازی نەبووم بەوەی وێنەیەک لەماڵی من هەبێ هی هەر هونەرمەندێک، بەڵام زۆر بەخۆشحاڵییەوە دەڵێم هەموو بەیانییەک کە دەرگای کەنتۆرەکەم دەکەمەوە وێنەی ئەردەلان بەکر لەوێدراوە و دەڵێم بەیانیت باش ئەزیزم، ئەو بەیانی باشە وایکردووە ئیتر لێرە بەدواوە هەموو گریانەکان بگۆڕمەوە بە پێکەنین، لەبەرئەوەی ئەردەلان کەسێکی ڕووخۆش و جوان بوو، کەسێکی بە هەڵوێست بوو. ئەوە باسی ئەوە هەر ناکەم برادەرە خۆشەویستەکانی ئەوانەی لە سەردەمی پێشمەرگایەتی لەگەڵی بوون یاخود ئەوکاتانەی ڕژێمی بەعس بۆ دووەم جار هات و ویستی هەولێر داگیر بکاتەوە و جەماوەر ڕووبەڕووی بۆوە و بەداخەوە کۆچڕەوە مەزنەکەی گەلی کوردی بەسەردا هات، باسی ئەو هەڵوێستانە ناکەم کە ئەردەلان لە سوید و ئەوروپا بەرامبەر هەموو ئەو خۆشەویست و گەورە و جوانانەی خۆی نواندوویەتی، ئەوانەی کە هەریەکێک لە ئەوروپا دەهاتەوە بۆی باسدەکردم کە چەندە هەڵوێستی مرۆڤانەی هەبووە لە ئاستی ئەو کەسە جوانانەدا، ئیتر ئەزیزان نازانم باسی چی بکەم، بەڵام تەنها ئەوە دەڵێم شانازی بە هەموو کەسێکەوە دەکەم، بەڵام ئەردەلان لەو تاجانەیە من هەمیشە بە شانازییەوە لەسەری دەنێم، ئەردەلان یەک لەو کەسە گەورە هەمیشە زیندووانەیە لە ڕۆحم کە شانازی پێوە دەکەم و مایەی ڕێز و حورمەت و جوانییە بۆ من، هیوادارم خانەوادەکەی دڵخۆش بن بەوەی کە ئەگەر ئەوان ئەردەلانێکیان ڕۆیشت، من دڵنیایان دەکەمەوە لەوەی سەدانی وەکو من کە خۆیان بە ئەردەلانێک دەزانن، هەموویان کوڕ و نەوەی ئەوانن، هەموویان ئەو ئەردەلانەن کە ئەوان دەیانەوێ، ئەردەلان هی هەموومان بوو، لە ئێمە نەڕۆیشتووە، من ناڵێم ڕۆیشت و قەت ناڵێم بەداخەوە، چونکە کەسی گەورە هەمیشە هەمیشە زیندووە و دەمێنێتەوە و نەمرە، سڵاو بۆ گیانی پڕ بەرائەتی ئەو هونەرمەندە گەورەو خۆشەویستە، سڵاو بۆ هونەرەکەی، هەموو جوانییەکانی، سڵاو بۆ پێکەنینەکەی، سڵاو بۆ فرمێسکەکانی، سڵاو بۆ ئەو ڕۆژانەی پێکەوە لێرە کۆی دەکردینەوە، سڵاو بۆ هەموو ئەو ساتە جوان و هەڵوێستە جوانانەی نواندوویەتی. سڵاو بۆ ئەو شەڕکردنەی لەگەڵ ژیان کردی و کاتێک ڕووبەڕووی بۆوە لەدوا چرکەی هەناسەکانیدا تەلەفۆنی بۆ برادەرەکانی دەکرد و دەیگوت تکاتان لێ دەکەم قسەی خۆشم بۆ بکەن، با تۆزێک پێبکەنم، منیش لێرەوە دەڵێم هەناسەکانی من بە پێکەنینەوە پێشکەشی تۆی دەکەم ئەردەلان، هیوادارم ئێستات لە هەموو چرکەکان خۆشتر بێ.


جوانەمەرگ ئەردەڵان بەکر

جێی ئاماژەیە ئەردەلان بەکر لە شاری ستۆکهۆڵمی وڵاتی سوید بە نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد و دوای ئەوەی بە زیندوویی نەیدەتوانی بە ئازادی بگەڕێتەوە کوردستان ئەوجارەیان تەرمەکەی بە ئاڵای کوردستانەوە هێنرایەوە کوردستان و دوای جەولەیەک بە دەوری قەڵاو منارە لەنێو ئەزیزانی خۆی بەخاکسپێردرا.

# حەمە دیلان سەرسامە بە تێکەڵکردنی ستایلە هونەرییەکان

**هونەرمەندی گەنجی تازە هاتووە ناو هونەر حەمەدیلان لەدایکبووی شاری سلێمانییەو لە ئێستادا نیشتەجێی وڵاتی هۆڵەندایە، دوابەدوای ئەوەی لەو ماوەیەدا بە سەردانێک گەڕایەوە کوردستان یەکەم گۆرانی خۆی بەناوی "سۆزی دووری" لە تێکستی دیار هەڵەبجەیی و ئاواز و دابەشکردنی ڕێباز سەرباز تۆمارکرد، کە لە ستۆدیۆی کەنارەی شاری هەولێر تۆمارکراوە، لە دەرفەتێکی کورتدا حەمە دیلانمان دواند...**

ئا: هونەری بەدرخان

*** کەی تێکەڵی دنیای هونەری بووی؟**

- دەمێکە ئاشنای هونەرم و حەزمدەکرد کاربکەم، بەڵام لەبەرئەوەی دەرفەتم بۆ نەڕەخسا کارم نەدەکرد و شوکر بۆ خوا ئێستا یەکەم بەرهەمی خۆمم تۆمارکرد.

*** "سۆزی دووری" بۆ؟**

- وەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەوە خەونی لەمێژینەم بووە، بەڵام دەرفەتم بۆ نەڕەخسابوو، دوای ئەوەی گەڕامەوە کوردستان ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخساو یەکەم گۆرانی خۆم تۆمارکرد، کە هیوادارم خزمەتێکی بەهونەری کوردی کردبێ و کەلێنێکی بچووکی لەو بوارە پڕ کردبێتەوە.

*** زۆربوونی گۆرانیبێژی گەنج لەمڕۆی هونەری کوردی چۆن دەبینی؟**

- بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی هونەری کوردی، بە بڕوای من هێشتا زۆرنین ئەو کەسانەی گۆرانی دەڵێن، چونکە زۆر گەنجی دەنگخۆش و بەتوانای تریشمان هەیە، کە لەبەر کۆمەڵێک کێشە تا ئێستا نەیانتوانیوە بێنە ناو ئەو بوارەو خۆیان تاقی بکەنەوە.

*** وەکو گەنجێک چەندە لەگەڵ ئەوەی کار لە میوزیکی غەیرە کوردی بکرێ؟**

- بەلامەوە شتێکی ئاساییە، زۆرجار سەرسامی ئەو کارە هونەرییانەم کە لەگەڵ هونەرێکی بیانی تێکەڵ دەکرێ، بەڵام نەک کۆپییەکی ڕاستەوخۆ بێ و خزمەت بە هونەری کوردی نەکا.

*** خۆت نیشتەجێی ئەوروپای، کەچی بەرهەمەکەت لە هەولێر تۆمارکرد، بۆچی؟**

- لەبەرئەوەی یەکەم بەرهەمم بوو، ئەو بەڕێزانەی کە هاوکارم بوون هەموویان لێرە دەژین، بۆیە منیش هێنامەوەئێرەو تۆمارمکرد، خۆشتان دەزانن لە ئەوروپا کارکردن بۆ هونەرمەندی کورد کارێکی قورسە، هەر لە کۆکردنەوەی میوزیکژەن و تۆمارکردنەوە تا کۆتایی شتەکان.

***کەی و لەکوێ کلیپ بۆ ئەو بەرهەمەت دەکەی؟**

- پەنا بەخوا بەنیازم لە داهاتوویێکی نزیکدا لە دەرەوە کاری کلیپی بۆ بکەم.

*** بۆچی؟**

- لەڕاستیدا مۆڵەتی مانەوەم لە کوردستان تەواو بووە، ئەگەرنا بەلای من جوانترین شوێن و لۆکەیشن لە هەموو ڕوویێکەوە کە کاری کلیپی لێ بکرێ کوردستانە، هەوڵیش دەدەم ئەو کلیپەی دەیکەم نزیک بێ لە کلتووری کوردی.

*** وەکو نیشتەجێیەکی ئەوروپا، تاکی ئەوروپی چەندە ئاشنای هونەری کوردین؟**

- لە ڕاستیدا کەم، چونکە بەڕای من ئەوانەی ئاشنای هونەری کوردین، بریتین لەو کەسانەی هاوڕێی نزیکی کوردەکانن، ئەگینا خەڵکی ئاسایی و کوردنەناس وەکو پێویست ئاشنای هونەرەکەمان نین.


حەمە دیلان

# ئەزموونگەریەت لە شانۆ (١)


هیوا سوعاد

که باسی دیاردە ئەزموونگەرییەکانی شانۆ دەکەین، مەبەستمان ئەو دیاردە تازەگەری و هونەرییانەیە کە بوونەتە هۆی بەردەوامی شانۆ و گەشەسەندنی، ئەو دیاردانەی کە توانیان قەناعەت بە بینەر بێنن کەوا شانۆ قوتابخانەیە و ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە چارەسەر کردنی کێشە مرۆڤایەتییەکان و دروستکردنی نەوەیەکی نوێ و ئازادیخواز، نەوەیەکی هوشیار و شارستانی، چونکە شانۆ هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە وەک پێویستییەکی مرۆڤایەتی سەری هەڵداوە. مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەنای بردۆتە بەر شانۆ و شانۆی کردووەتە مینبەرێک بۆ دەرخستنی بیر و بۆچوونەکانی و کێشە گرنگەکانی ئەو سەردەمە. شانۆ پەیامی مرۆڤایەتی و ستاتیکی و شارستانیەتە. شانۆ زادەی مرۆڤی ڕۆشنبیرە، پاک بوونەوەیە، ئەو شوێننەیە کە ڕاستگۆیانە کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر دەکات. شانۆ هێزێکی ئەفسوناوی زۆری هەیە هەر بۆیە لە سەرتاپای جیهان دیاردەو تەوژمی نوێ سەریانهەڵدا بۆ پاراستن و پێشڤەچوونی شانۆ، هەروەها دۆزینەوەی ئەو هۆیانە کە دەبنە هۆی ئاوێتەبوونی بینەر لەگەڵ شانۆو وا لە بینەر دەکەن کە هەست بە گرنگی شانۆ بکات و پیرۆزی شانۆ بپارێزێ. گەر ئاوڕێک لە مێژووی شانۆ بدەینەوە دەبینین چەندەها تەوژم و شێواز سەریانهەڵداوە کە هەمووشیان لەیەک خاڵدا یەکتر دەگرنەوە، ئەویش پیرۆزی شانۆ و گرنگی لەیەک نزیکبوونەوەی بینەرە لەگەڵ شانۆدا، دەکرێ بەهۆی شانۆوە مەزنترین شۆڕش بەرپا بکرێت، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ڕووتێکردنی ئەو هەموو خەڵکەو بایەخدانی گشت ڕۆشنبیرانی جیهانە بە شانۆیە، کە زۆربەشیان ژیانی خۆیان بۆ بەرەو پێشخستنی شانۆ تەرخان کردووە، هەروەها کاریگەرییەکی ئەفسوناوی هەیە لەسەر هۆشی خەڵکی و هۆیەکە بۆ گوزارشت کردن لە ژیانی ڕۆژانە. "فریدریکۆ گارسیا لۆرکا"ی نووسەر و شاعیری مەزنی ئیسپانی دەڵێ: شانۆ گرنگترین و بەنرخترین هۆی گوزارشت کردن و بیناکردنی وڵاتە، هەروەها بارۆمەترێکە تەرخان کراوە بۆ پێوانەکردنی مەزنی و لاوازی ئەم وڵاتە. شانۆ قوتابخانەیەکە بۆ فرمێسک و پێکەنین. بەهۆی هەڵوێستێکدا لەسەر تەختەی شانۆ مرۆڤ فرمێسک دەڕێژێ و هەست و بە ئازاری ویژدان دەکات بەهۆی چەند دڵۆپە فرمێسکە مرۆڤ ویژدانی خاوێن دەبێتەوە و ئاسوودە دەبێ، هەروەها بەهۆی هەڵوێستێکی تر خەم و خەفەتی ڕۆژگاری بیری دەچێتەوە و دەچێتە دنیایەکی تر، هەروەها مینبەرێکی سەربەستەو دەتوانرێ لە سەریا بەرگە لە هۆشمەندی کن و نوێدا بکرێت. ئەو گەلەی یارمەتی شانۆ نادات و هانی نەداوە و پشتگیری شانۆ نەکات ئەوا ئەو گەلە گەلێکی دواکەوتووە، هەمان شتیش دەربارەی شانۆ، ئەگەر شانۆ هەست بە لێدانی دڵی گەل نەکات و کێشەی کۆمەڵایەتی و مێژوو و مەرگەساتی ئەو گەلە بەرجەستە نەکات ئەوا ئەو شانۆیە مەرجەکانی خۆی لەدەست دەدات، ئەوکاتە دەبێتە هۆڵێکی کات بەسەربردن واتە یەکێ لە مەرجە گرنگەکانی شانۆ ئەوەیە هەست بە لێدانی دڵی میللەتەکەی خۆی بکات و گوزارشت لە ژیانی ڕۆژانەیان بکات و ببێتە ئاوێنەیەک کێشەو ئازارەکانی ئەو میللەتەی تیایدا ڕەنگ بداتەوە و ببێتە هاندەرێک بۆ ڕۆشنبیرکردنی ئەو میللەتە. هەروەک زانراوە پێوانەی هەر میللەتێک بەندە بە ئاستی هونەرەکەی، میللەتی ڕۆشنبیر و پێشکەوتوو و هونەری پێشکەوتووی هەیە، خاوەن هونەرمەندی مەزن و بە توانایە، پشتگیری کردنی هەر میللەتێکیش بۆ شانۆ خۆی مانای ڕۆشنبیری و پێشکەوتوویی ئەو میللەتە دەبەخشێ.

"لودی جۆفیە"ی دەرهێنەر و ئەکتەری فەرەنسی بەناوبانگ دەڵێ: مرۆڤ بۆ ئەوە شانۆی دۆزییەوە، چونکە شانۆ نهێنییەکانی ژیانی بۆ ئاشکرا دەکرد، کاتێکیش مرۆڤ لە بەهەشت دەرکرا هەوڵی دۆزینەوەی ئەو بەهەشتە دەستکردەی دا بە هیوای بەهەشتێکی تر. هەر چۆنێک بێت شانۆ تەواوترین دۆزینەوەی مرۆڤەو بەڵکو سەرسوڕهێنەرترین دۆزینەوە، دەتوانم بڵێم تاکە دۆزینەوەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، من وا هەست دەکەم لە شانۆ یاخود بەهۆی شانۆ هەموو ئەو شتانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەمدا فێری دەبم سەقامگیر دەبێ، هەروەک لەمەوبەر باسمکرد کە شانۆ گرنگییەکی زۆری هەیە کە دەتوانرێت بەهۆیەوە مەزنترین شۆڕش بەرپا بکرێت، نەک دۆزینەوەی سەرسوڕێنەوە هەروەک "لودی جۆفیە" باسی دەکات، بەڵکو دۆزینەوەیەکی ترسناکیشە، ترسناکە بە نسبەت ئەو کێشانەی کە کار لەسەر ڕەوتی ژیانی ئادەمیزاد دەکەن و مرۆڤ نارەحەت دەکەن، حاڵەتە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بەرجەستە دەکات. شانۆ داهێنانێکی فیکری تیادا ڕوودەدات و ژیانی بەختەوەری تیا بەدی دەکرێت، شانۆ وەک تەرازوویەک وایە کە کێش و سەنگی هەموو شتێک ئاشکرا دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ڕاستەکان بەرز دەکاتەوە، ڕووی گەشی ژیان و حەقیقەتەکان پیشان دەدات، شانۆ یاسایە بۆ ئەو کەسانەی حەز بە پەیڕەوکردنی یاسا دەکەن و ئەو کەسانەی حەزیان لەچێژ وەرگرتنە دەتوانن چێژی لێ وەربگرن و کاتی خۆیان لەگەڵی بەسەربەرن. فێرکەرێکە بۆ ئەوانەی نەزانن و ڕێگەیەکی چەوتیان گرتووەو دەسەڵاتدارێکی بەرزە بۆ ئەوانەی زانیویانە ڕێگای ڕاست بگرن. شانۆ وانەی بەسوود دەبەخشێتە خەڵکی، واتە دەبێتە سەرچاوەی فێرکردنی کۆمەڵ و خەڵکی ڕووی تێ دەکەن، زیرەکی بەهێز دەکات و ڕێگای یاساو گەورەیی و ژیانی دوور و درێژی خۆشی نیشانی خەڵکی دەدات. "سین ئۆگێزی" نووسەری ئەیرلەندی دەڵێ: شانۆ هەروەک مۆسیقاو پەیکەرتاشی هونەرێکی جیهانییەو هەر کاتێک شانۆیەکی مەزن لەدایک دەبێ ئەوا کەلەپووری گشت مرۆڤایەتی دەوڵەمەند دەبێ. "شیلەر" شاعیر و نووسەری ئەڵمانی دەڵێ: شانۆ لە هەموو دەزگایەکی گشتی زیاترە، کلیلێکە هەرگیز هەڵە ناکات و زۆربەی ڕێگاکانی دەروونی مرۆڤایەتی و سەربەخۆیی دەکاتەوە.

گەر چاوێک بە مێژووی شانۆ بخشێنینەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا چۆن بینەر بەشدارییەکی تەواوی لە شانۆی کۆندا دەکرد، لەو نمایشانەی کە لە ئاهەنگەکانی "دیۆنیزیوس"دا پێشکەش دەکرا، ئینجا بەرە بەرە بینەر لە ئەکتەر دوورکەوتەوە تا ئەوکاتەی شانۆیی تەنها بۆ کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو پێشکەش دەکرا. ئێمە بۆ ئەوەی بزانین کاریگەری ئەم دیاردە شانۆییانەی کە سەریان هەڵداوە بزانین، هەروەها ڕۆڵی ئەزموونگەری لەڕەوتی شانۆدا بزانین پێویستە بەر لە هەموو شتێک بگەڕێینەوە سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ و شانۆ بۆچی سەریهەڵدا؟ لە سەرەتاوە باسی گرنگی شانۆمان کرد و ئاشنابووین بە کاریگەری شانۆ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. سەرهەڵدانی شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگییەو بۆ وەڵام دانەوەش لە بوونی مرۆڤ و ئەو ئەرکەی کە لەژیاندا پێی سپێردراوە.

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2002@yahoo.com
بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان:
د.هیمداد حوسێن
ژمارە ٦١ - ١٢٩، یەک شەممە ٢٢/١١/٢٠٠٩ی زایینی

## بەئەسپایی



ئاوڕەحمان مەعروف

### نهێنی و شۆک

ئەم دنیایە زۆر نهێنی و شتی ئاڵۆزو سەرسوڕهێنەری بە خۆوە دیوە، دەیان و بگرە سەدان و هەزاران عەجایب و نهێنی دیکەش لەگەڵ خۆی وەڕێ دەخات، زۆرجار کارگەلێک یان کێشە و مەسەلەیەک دەبیستین واقمان وڕدەمێنێت و خەریکی شۆک و پەشۆکان دەبین. پەردە هەڵماڵین یان پەردە هەڵماڵدران لە رووی رووداوی لەم جۆرە: "یەکێک لە دەرسە گەورەکانی مێژوو ئەوەیە کە مافی کەس زەوت ناکات، ساڵەهای ساڵ فەرەنسییەکان کەوتبوونە هەڵەوە، قێزیان لە تاڵیران دەهاتەوەو میرابۆیان دەپەرست، سەرجەمی جیهان بەچەپ و بەراستەوە بە ئاییندارو بێ ئایینەوە، بە پێشکەوتنخوازو کۆنە پەرستەوە بۆ ماوەی سەدان ساڵ زۆر نزم سەیری مەکیاڤێلیان دەکرد. -د. کەمال مەزهەر/ چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد".

بەڵام من وای دەبینم رەنگە چەندین نهێنیش هەروا لەژێر سەرقەپاغ و لە نێوچوار دیوارو ئەودیوی نەگوتنەوە بمێننەوەو هەزاران خەڵک ئەو کەسایەتی و سەرکردەو کتێب و شارو رووداوو رۆژە بپەرستن و لە سەری خۆی بە کوشت بدەن...

من لە هێنانەوەی ئەم ناوانەو باسکردنی نهێنی و ئاشکرابوون و واقوڕمانە: دەمەوێ لە خاڵێکی یەکانگیربوونەوەی ئەم بابەتە بدوێم: کە ئەرێ گەلۆ ئەگەر ئەوانەی دەڵێن شکسپیر وەهمەو کەسێک لە ئینگلتەرا بەم ناوە نەبووە، یان جەژنی نەورۆز پەیوەستە بەرووداوی حەزرەتی نوحەوە یان زەردەشتەوە یان کاوەی ئاسنگەرو نموونەگەلی دیکە. یاخود تورکەکان دەڵێن ئەوینی مەم و زین هەڵبەستراوو دروستکراوە و دوو ئاشقی بەم ناوە نین.

بەڵام پرسیارەکەی من لەم نموونانە ئەوەیە: ئەرێ شکسپیر وەهم بێت یان راستەقینە، لە ناوەرۆک فەلسەفەی ئەم هەموو شاکارو شانۆگەرییە جوانە دەگۆڕێت، کە پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە؟ لە هاملێت و ماکبێس و شالیرو رۆمیۆو جوولێت، ئۆتێللۆدا.

ئەمڕۆ نەورۆز بۆتە کلتوورو جەژنی نەتەوایەتی و بەهیچ کلۆجێک، لە رۆژو یادو ئاهەنگ و هەڵکردنی ئاگرەکە ناگۆڕێت!

مەم و زینیش دوو عاشقی بێگەردو قوربانی و بەیەک نەگەیشتنی مەزنی کوردانن، زۆر لەمێژە ئەحمەدی خانی وەڵامی ناحەزو دوژمنانی کوردی بەشاکارە مەزنەکەی "مەم و زین" داوەتەوە، لەبەرایی هەمووان تورکەکان، کە دەڵێن مەم و زین وجوودی نییەو هەڵبەستراوە...، کەچی کەس ناتوانێت و بەری رۆژیش بە بێژینگ ناگیرێت، چۆن ئەم دوو ئاشقە مەزنە بوونە سیمبولی قوربانیدان و فەلسەفەی خۆشەویستی و شەم و پەروانە بۆ یەکدی، ئەگەر ئەم دووگۆڕەی لە جزێری بۆتان هی دوو ئاشقی بەم ناوەبن یان نا، ئەوا ناتوانن پێش بە ئاشقان و خەڵک وخوا بگرن سەردانیان بکەن، تازە هەبن یان نەبن، چ لە فەلسەفەکە ناگۆڕێت!!

# بەرەنگاربوونەوە و رۆحی یاخیگەری لە شیعری ژنانی کورد

**د. ئازاد حەمە شەریف**

**١) پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لەسەرهەڵدانی بەرەنگاربوونەوە و رۆحی یاخیگەری دەکات کە لە شیعری هاوچەرخی ژنانی کورددا دەرکەوتوون. لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش پێک دێت. بەشی یەکەم بەکورتی تیشک دەخاتە سەر ئەو چەوساندنەوەیەی، کە دژ بە ژنانی کورد بەدرێژایی مێژوو پیادە کراوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو عەقلیەتە فیوداڵییە دواکەوتووەیە، کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەیە، کە زادەی روانینی خێڵەکیانە و ئاینیانەیە بۆ ژن لەپاڵ بوونی سیستەمی باوکسالاری سەدەکانی رابردوو.

بەشی دووەم باس لەم دەنگە نوێیانە دەکات، کە لە دواچارەگی سەدەی بیستەمدا دەرکەوتن. هەرە دیارترینی ئەو دەنگانە : شیرین کەمال و نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئەحمەد و چۆمان هەردی بوون. هەر دەنگێک لەوان بەشێوەیەکی جیاواز لە پەیوەندی ژن و پیاو دەڕوانێت. بۆیە، دەتوانین بڵێین کە ژنی کورد دوای ماوەیەکی زۆر لە زاڵبوونی هەستی کۆیلایەتی هۆشیار بوونەوە و کەوتنە دەربڕینی هەستە قووڵەکانی خۆیان و داواکردنی مافەکانیان وەکو مرۆڤ.

بەشی سێیەم سەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە دەخاتەڕوو لەگەڵ ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی پەیدابوونی ئەم هەڵوێستە جیاوازانە لە شیعری ژنانی کوردو دەرەنجامەکانی باسەکەش هەر لێرەدا باسی لێوەکراوە. باسەکە بە بیبلۆگرافیا کۆتایی هاتووە.

**٢) چەوساندنەوەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا**

ژنانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی رووبەڕووی سێ جۆرە چەوساندنەوەی جیاواز دەبنەوە: چەوساندنەوەی ئابووری، چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، کە لەگەڵ پیاوان پێکرا دەیچێژن و چەوساندنەوەی رەگەزی وەکو ژن.

بەپێی روانینی خێڵەکیانەی کۆمەڵگەی کوردەواری، پیاوان هەمیشە بە سەرچاوەی پەیداکردنی داهات دانراون، چونکە بەپێی ئەم روانینە کۆنە تەنیا کاری دەرەوەی ماڵ بەکار دەژمێردرێت و کاری ناوەوەی ماڵ بە ئەرک دادەنرێت. کەواتە کاری ناوەوەی ماڵ بە هیچ جۆرێک وەکو بەشێک لەسەرچاوەی داهاتی خێزان ناژمێردرێت. هەر بەم پێودانگەش مانەوەی ژن لەماڵەوە و کارکردنی وەکو کەیبانووی ماڵ لەبەرچاو نەگیراوە. جا لەبەرئەوەی پیاوان داهاتێک لەدەرەوەی ماڵەوە بۆ ناو ماڵ دێننەوە، ئەوان دەبن بە سەرچاوەی داهاتی خێزان. لەئەنجامی ئەوەشدا، پایەی پیاو بەهێز دەبێت و پایەی ژنان لەچاو هی پیاوان بەرەو دابەزین دەچێت.

بارودۆخی سیاسی کاریگەرییەکەی لەسەر ژن زۆر خراپترە لەچاو هی پیاو. ئەمەش بۆیە وایە، چونکە کاتێک پیاوان لەدژی رژێمە داگیرکەرەکان دەجەنگن، ژنەکانیان لە ماڵەوە دەمێننەوە و شان دەدەنەبەر مناڵ بەخێوکردن و هەموو ئەرکەکانی ماڵەوە و دەرەوەش. زۆرجاریش ئەوان لەلایەن پیاوانی رژێمەکانەوە دەگیرێن و دەکرێنە بارمتە و دەست بەسەر و گەلێک جارانیش وەک تۆڵەسەندنەوە بەزۆری دەستدرێژییان دەکەنەسەر.

لەناو خێزانیشدا، بەشێوەیەکی گشتی ژنی کورد لە سادەترین مافەکانیان بێبەش کراون — وەکو مافی هەڵبژاردنی هاوسەر و دڵخوازی خۆیان. ئەوان زۆربەی جار لەلایەن باوک و مام و خاڵ و براکانیانەوە بەشوو دەدرێن و زۆربەی جاریش ئەو کەسەی دەبێتە هاوسەریان لە تەمەنی خۆیان هەر نەیان دیون و ناسیون. خۆ ئەگەر بەڕێکەوتیش هەندێک کچ زاتی ئەوە بکەن ئەو کەسە دەستنیشانکراوانە رەت بکەنەوە، ئەوا زۆر بەئاسانی هەڕەشەی مەرگیان لێدەکرێت.

جا وەکو دژەکردارێک بۆ ئەو چەوساندنەوە فرە لایەنەی ژنان لەکۆمەڵگای کوردەواریدا، چەند دەنگێکی ئازا و دلێر ئەم بارودۆخە سەپاوەیان رەتکردۆتەوە و بەشێوەیەکی ئاشکرا یان بەشێوەیەکی هێمایی داوای ماف و ئازادیان بۆ ژنان کردووە. لەسەرووی ئەم دەنگانەشەوە ژنە شاعیرەکانمان لە رێزی پێشەوەی داواکارانی ئازادی و یەکسانی بۆ مافەکانی ژنان دێن.

**٣) ئەو دەنگە نوێیانەی بەرەنگاری چەوساندنەوەی ژنان دەبنەوە**

**أ) شیرین کەمال (لەدایکبووی ١٩٥٤): دەنگێکی یاخی دژ بەستەمی پیاو**

زۆرێک لە نووسەرە کوردەکان رەخنە لەو چەوساندنەوە و بێدادییە دەگرن کە دژ بە ژنان پیادە کراوە. هەندێک لەو نووسەرانە بەناوی ئاشکرای خۆیانەوە بابەتەکانیان دەنووسن و هەندێکیشیان ناوێکی خوازراو بەکاردەهێنن و لەپەناوە داوای مافی تەواوەتی بۆ ژنان دەکەن، کە لەگەڵ پیاوان یەکسان بن.

شیرین کەمال یەکێکە لەو نووسەرانەی کە بڕوای وایە پێویستە ژنان خاوەنی مافی تەواوی خۆیان بن. ئەو شاعیرێکی یاخییە و هەوڵدەدات کە کۆتایی بە ستەمکاری پیاوان بهێنێت. ئەو ژنە خاوەن بیرێکی ئازادو ئازایەو بە وشە هەستبزوێن و وروژێنەرەکانی خۆی رووبەڕووی کۆمەڵگە پیاوسالارییە نەزانەکەی دەبێتەوە. لەلای ئەو، سیستەمی خێزانی پیاوسالاری گەلێک کێشە و ئاریشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ ژنان دروستکردووە، کە وادەکات ژیانیان بێ بەرهەم و بێ تام و بێ ئەوین بێت.

وەک دیاریشە، ژنان تووشی چەوساندنەوەیەکی یەکجار زۆر دەبنەوە لەناو کەلتووری دواکەوتووی کوردیدا. هەر ئەم کەلتوورە دواکەوتووەشە ناچاریان دەکات کە هەستە راستەقینەکانی خۆیان بشارنەوە یان بەتەواوەتی سەرکوت بکەنەوە. ئەگەر ئەم دوانەشیان پێنەکرا ئەوا زۆر بە وریاییەوە بیر لەوە بکەنەوە چۆن ئەو هەستانە دەربڕن، نەوەک تووشی بەدحاڵیبوون ببن لەلایەن ئەوانەی لەدەوروبەریانن.

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەگشتی، زەحمەتە رێگا بە ژنان بدرێت لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارەکانیان بە ئازادی تێکەڵ ببن، چونکە خەڵکانێک هەن قسەوقسەڵۆکیان بۆ هەڵدەبەستن تا ناوبانگ و ئابڕووی ئەو ژنانە بشێوێنن. پێویست ناکات کە ئەم قسەوقسەڵۆکانە راستبن و زۆرجاران ئەو قسانە لەئەنجامی بەخاڵەت پێبردنەوەن. جا لەترسی ئەم قسەوقسەڵۆکانەوەیە ژنان لەهەستە راستەقینەکانی خۆیان دەتۆرێن و زۆر بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵ پیاوان دەبەستن. لەهەموو ئەو پەیوەندیانەش کە ژنان لەگەڵ پیاواندا دەیبەستن، هەر ژنان بە زەرەرمەندی و رەنج بەخەساری دەمێننەوە. جا وەکو هاوارو نارەزاییەک دژ بەو رەوشە هەستخنکێنەی ژنان تیایدا دەژین، شاعیر هاوار و بێدادی خۆی دەردەبڕێت:

**زەمەن بەرائەتی دزیم**
**بۆرە پیاوانیش**
**دڵڕەقانە**
**رۆحمیان پیر کرد**
**لەم زەمەنە جەردەیەدا**
**تۆ دەتوانی**
**بەرائەتی دزراوم**
**بۆ ببینییەوە؟!**
**لەسەردەمە ناشرینەدا**
**تۆ پێت دەکرێ**
**رۆحی پیرم**
**جوان کەیەوە؟**

شیرین کەمال، کەنارەکانی خەون (ل-١٦٥)

شاعیر بەردەوام دەبێت لە سکاڵاکردن و ژماردنی ئەو ئازار و مەینەتیانەی کە رەگەزەکەی بەدەست ستەمکاری سیستەمی دواکەوتووی کۆمەڵگەوە دەیچێژن. لەهەر هەنگاوێکدا بۆ تێرکردنی ئارەزووە جەستەییەکانیان، دەیان کۆسپ دەبنە رێگر و نایەڵن بەئاسانی بە مورادی دڵی خۆیان بگەن. تەنانەت زۆر کات نیگا بەسەزمانەکانی عاشقان دەکەونە ژێر چاودێرییەکی توندی کەسانی مێشک پووت و ئەو چاودێرییە وەکو تۆڕی درکەزی ئازادی جوولانەوەیانی لێ داگیرکردووە:

**چاوم بە چاوانت دەگا**
**هەزاران تۆڕی دڕکەزی**
**راوی نیگاکانمان دەکەن**
**بۆیە نیگاکانی تۆ تەڕەیە و**
**نیگای منیش بەندە...**

شیرین کەمال، کەنارەکانی خەون (ل-١٦٦)

جا لە کۆمەڵگەیەکدا کە نیگای بێگوناهی عاشقان بکوژرێت و لەهەمولایەکەوە سەدان سیخوڕ و گومانبار دەوریان دابن، ژنان هەرگیزاو هەرگیز ناتوانن چێژی خۆشی لە ژیانیان ببینن و ئارەزووەکانیان تێر بکەن. لەترسی قسە و سەرزەنشتی خەڵک، ئەوان تووشی نەخۆشی دەروونی دێن و دەبنە کەسانی دووڕوو. لەبەرچاوی خەڵک، ئەوان دەبێ خۆ لە دنیای پیاوان و پەیوەندییە جەستەییەکانەوە بەدوور بگرن، کەچی بەنهێنی ئەوان ئارەزووەکانی خۆیان تێر دەکەن. بەتێپەڕبوونی کات، ئەم بارە ناهەموارە هێندە کار لەدڵ و دەروونە ناسکەکانیان دەکات تا دەبن بە کەسایەتییەکی شیزۆفرینی. بەڵام ئەم بارە تاسەر بەشاراوەیی نامێنێتەوە و رۆژێک هەر دادێت پەیوەندییەکانیان بکەونە ڕوو. ئەم ململانێیە دەروونییەی نێوان ئەوەی کە کۆمەڵگە لە ژنانی دەوێت و ئەوەی کە ژنان بەخۆیان چیان دەوێت ناوجەرگیان هەڵدەکۆڵێت. لەکۆتاییشدا، ئەم گڕە بەتینەی عیشق و سۆزی ئاگراویان بەردەوام دەیانسووتێنێت. ئەوان لەترسی خەڵک دەیانەوێت وابنوێنن کە رقیان لە پیاوە، کەچی ژێربەژێر هەمیشە لەناو ئەو ئەوینەدا گەورە دەبن و دەتوێنەوە:

**سوێند دەخۆم :**
**چیتر چاوەڕوانت ناکەم**
**پەردەکەش لانادەم**
**گوێ بۆ دەنگەکان هەڵناخەم**
**لە زەنگی تەلەفۆنەکەش**
**داناچڵەکێم**
**کەچی هەر دەرلەحزە**
**عاشقێکی هەرزەکار**
**لەناخما دەگری**
**کە گوێی لە گۆرانییەکی عەشق دەبێ.**
**سوێند دەخۆم:**
**لەخەونەکانم وەدەرت نێم**
**بۆیە شەوانە**
**پێش نووستن**
**کێڵگەی خەونەکانم**
**بە ئایەتەلکورسی و فاتیحا**
**(مین ڕێژ ئەکەم)**
**نەبادا و خوانەکردە**
**شەیتانی نیگایەکت**
**زەفەرم پێبەرێ..**
**کە بەیانی بەخەبەردێم**
**لەهەموو رۆژێ زیاتر**
**بیرت ئەکەم!!**

شیرین کەمال، ئێوارەیەک ئەو نایەت، (ل ل-١٠٠- ١٠٢)

**ب) نەزەند بەگیخانی (لەدایکبووی ١٩٦٢): رەتکەرەوەی پەروەردەی پیاوسالاری**

ئەم شاعیرە رۆشنبیرە بڕوای وایە زۆر زەحمەتە کۆمەڵگەی کوردەواری گۆڕان بەخۆیەوە ببینێت، چونکە لەو کۆمەڵگەیەدا پیاوان هێندەی خودا خۆیان پێ مەزنە و ژنانیش تاڕادەی کۆیلە نزمکراونەتەوە. پیاوانی عەقڵ خێڵەکی ژنانیان تەنیا وەکو ئامرازێکی تێرکردنی سێکسی دەوێت نەک وەکو مرۆڤ. بۆیە لەلای ئەم جۆرە پیاوانە جوانی و هەستی ناسک شتی بێ مانان و خۆتێرکردنی جەستەیی هەموو ئەوەیە کە ئەوان بەدوایدا وێڵن:

پیاوانی هۆزەکەم شەوانە بەرماڵی **سپی لەسەر رانی ژنەکانیان رادەخەن و**
**دەروێشانە رۆحە ئەهریمەنیەکانیان دەپڕژێننە ناو پەرستگاکانی لەش**
**هەرگیز بیر لەجوانی ناکەنەوە...**
**ژیانی ژنانی پیاوانی هۆزەکەم ژێی بوونێکی نەزۆکە**
**مێردەکانیان ئاوازی شەهوەتی لەسەر ساز دەکەن**

(نەزەند بەگیخانی، دوێنێی سبەی، ل ٧٣)

ئەو هۆیەی وادەکات کە ئەم رەوشە ناهەموارە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، ئەوەیە کە پەروەردەی جێندەری کۆمەڵگەی کوردەواری لەبنەڕەتەوە پەروەردەیەکی لەنگ و ناهاوسەنگە و نەوەیەک لە پیاوانی هۆز نەوەیەکی دیکەی کوڕەکانیان لەسەر هەمان دابونەریتی کۆنی باب و باپیرانیان پەروەردە دەکەن. بەهەمان شێوەش، نەوەیەک لە ژنانی هۆز نەوەیەکی دیکەی کیژەکانیان لەسەر هەمان دابونەریتی جارانی دایک و داپیرانیان پەروەردە دەکەن. کەواتە، ئەم بازنە بۆشە هەتاهەتایە بەردەوام دەبێت. لەئەنجامدا، پیاوەکان سەدە دوای سەدە دەبنە چەوسێنەر و ژنەکانیش سەدە دوای سەدە دەبنە کۆیلە و هەر بە چەوساوەیی دەمێننەوە. لەکۆتاییدا ژنانی کورد نائومێد و هەناسەسارد دەبن و لەناو ئەفسانەی نەزانیدا نقووم دەبن چونکە هەموو دەرفەتێکی خۆرۆشنبیرکردنیان لێ زەوتکراوە:

**ژنەکان دەبن بە دایک و بیر لە کچەکانیان دەکەنەوە**
**پیاوەکان دەبن بە باوک و بیر لە کوڕەکانیان دەکەنەوە**
**پیاوانی هۆزەکەم بەفیزانە دەست درێژ دەکەن و لە کەلێنە تەڕەکانی لەشیان قەفە هێز و قەفە شەڕەف دەڕننەوە و دەیکەن بە موڵکی کوڕەکانیان.**

(نەزەند بەگیخانی، دوێنێی سبەی، ل ل ٧٣-٧٤)

**ج) کەژاڵ ئەحمەد (لەدایکبووی ١٩٦٧): داواکاری ئازادی بۆ ئارەزووە سەرکوتکراوەکانی ژنان**

ئەگەر شیرین کەمال و نەزەند بەگیخانی رەخنە لە چەوساندنەوە و ئەو ستەمەی بەرامبەر بە ژنان دەکرێت بگرن، کەژاڵ ئەحمەد هەموو چەشنە چەوساندنەوەیەکی ژنان رەتدەکاتەوە و هەموو قورسایی شیعرەکانی دەخاتەسەر تێرکردنی جەستەیی ژنان. ئەو شاعیرە یەکجار یاخییە بازنەی هۆشیاری ژنان فراوان دەکات، بەوەی هانیان دەدات کە فێری ئەوەبن چێژ لەهەر ساتێکی ژیانیان ببینن و چەندی دەتوانن ئارەزووە سەرکوتکراوەکانیان بەئازادی دەربڕن. ئەو دان بە پەیوەندییە جەستەییەکانی خۆیدا دەنێ، چونکە لەلای ئەو ژنایەتی مایەی سەربەرزییە



شیرین . ک



نەزەند بەگیخانی



کەژاڵ ئەحمەد

نەک شەرمەزاری. وێڕای ئەوەش، ئەو لەو بڕوایەدایە کە ژنانی کورد زۆر لە حەزرەتی مەریەم بەبەزەییترن، چونکە ئەوان ئامادەن خۆیان لە پێناو ڕۆڵەکانیان بکەنە قوربانی.
ئەو تەنیا نایەوێت ببێتە ژنێکی ئاسایی یاخود شاعیرێکی بەناوبانگ یان تەنانەت شای جوانان. ئەو دەیەوێت ئازادییەکی ڕەها بەدەست بهێنێت و هەموو ئەو کۆسپ و لەمپەرانە بشکێنێت، کە کۆمەڵگەی پیاوسالاری لەبەردەم خواست و ئارەزووەکانی ئەوی ژن داناوە:

**ئاواتی من گەورەترە**
**لەوەی بەتەنیا ئافرەتبم**
**یان شاعیربم یان شای ژنان**
**خەونەکانم باڵاترن لەو سنوور و نەریتانەی**
**لەم دنیا بۆم دانراون**
**لەو نەخشانەی لە ئەو دنیا بۆم کێشراون**
**گەورەترن لە وشەی ژەنگگرتووی ئەوان.**

کەژاڵ ئەحمەد، <u>دیوانی کەژاڵ ئەحمەد</u> (ل-١٤)
ئەو بەراستی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە پیاوسالارییەکەی بۆتەوە و تا دوا ڕادەش هەموو بەهاکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی ڕەتدەکاتەوە. لەلای ئەو پیاو سەرچاوەی هەموو بەدبەختی و ئێش و ئازارەکانی ژنانە. پیاو لە شیعرەکانی ئەودا سەرچاوەی ژیان نییە، بەڵکو سەرچاوەی مەرگ و لەناوچوونە. ئەم کۆپلە شیعرەی کە پتر بۆنی دادگاییکردنی پیاوی لێدێت، بە ئەوپەڕی ئازاییەوە ڕوو لەپیاو دەکات:

**ویستم بزانم چەند قەڕنە**
**لەسەر کورسی کاسەی سەری**
**زەمین و مێ دانیشتووی**
**تۆ بەتەنیا هیچ ڕەوانیت**
**تۆ بەتەنیا هیچ نابەخشی بێجگە لە وێرانی**
**بێجگە لە مردنێکی نائینسانی ...**

کەژاڵ ئەحمەد، <u>دیوانی کەژاڵ ئەحمەد</u> (ل-٣٨)
هەرچەندە کەژاڵ پیاو بەسەرچاوەی هەموو ئێش و ئازارەکانی ژنان دادەنێت، کەچی ناشتوانێت خۆی لەو سیحرە ئازاد بکات کە پیاو پێی دەبەخشێت. ئەو بەتەواوی پیاو ڕەتناکاتەوە، چونکە ئەو دەزانێت ژیان بەبێ ئەو ئەستەمە و پیاویش گیرۆدەی هەمان ئەو سیستەمە لەنگ و ناهاوسانگە ڕۆژهەڵاتییەیە و ئەو تاوانبارە نەک وەکو مرۆڤ، بەڵکو وەکو پەیڕەویکەر و سەپێنەری زوڵم و زۆرداری بەرامبەر بە کۆیلەکردنی ژن. هەربۆیەش، کەژاڵ ئەو زوڵمە ڕەتدەکاتەوە کە بەدرێژایی مێژوو پیاو لە ڕەگەزەکەی ئەوی کردووە. شیعرەکانی ئەو پڕن لە کاری جەستەیی لەگەڵ پیاو. ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە نموونەیەکی هێندە قووڵ و ئیرۆتیکییە، کە زۆر بە دەگمەن لە شیعری ژنانی کورددا دەبینرێت:

**گوناهێکی گەلێ گەورەترم کردو**
**پاشان لەنێو حەوزێکی شیندا دانیشتم**
**قاچەکانی ئەو پەرژین و دەستەکانی من**
**نیلۆڤەری سەرئاوی ئاگر بوون**
**لەگەڵ ماسییە گەورەکە**
**بکوژترین مەلەمان کرد**
**لەگەڵ جووتە هەڵماتەکە**
**هاوارو ئاهەکانیشمان یاریی بوون**
**تۆ چیت ئەی ساحیرترین پیاو.**

کەژاڵ ئەحمەد، <u>دیوانی کەژاڵ ئەحمەد</u> (ل-١١٤)
ژنی کورد زۆربەی کات هەست بەتەنیایی دەکات، چونکە بازنەکانی ڕوانینیان لێ تەسک کراوەتەوە و زۆرشت نییە خۆیان پێیەوە خەریک بکەن و زۆر شوێنیش نییە بۆی بچن. ئەوان لەناو چوار دیواری ماڵە تەقلیدییەکانیان زیندان کراون. هەربۆیەش مێردەکانیان لەلای ئەوان هەموو شتێکە و دنیای تەواو لەبوونی مێردەکانیان دەبینن. لەو ژیانە بۆش و چۆڵەیاندا، ژنان دەخوازن مێردەکانیشیان هەمان هەستی ئەوانیان هەبێت. بەڵام کاتێک ئەمە ناکرێت و نابێت چونکە مێردەکانیان چەند دنیایەکی دیکەیان هەیە: دنیای ئیش و کار، دنیای هاوڕێ و گەشتوگوزار و یاری و قومار و بۆنەی کۆمەڵایەتی و دیوەخان و مزگەوت و چایخانە و مەیخانە و شتی تر، ئەوان هەست بەتەنیایی و نائومێدی دەکەن و دەکەونە سەرزەنشتیکردنی پیاوەکانیان و گلەیی لە بەختی ڕەشی خۆیان دەکەن:

**کە دڵداریت لەگەڵ ئەکەم**
**سەنتەری ژیانی منیت**
**هیچ دیار نییە**
**هەموو دنیا سەرابە تۆ نەبیت**
**کە دڵداریم لەگەڵ ئەکەیت**
**شتێکم لە شتەکانت**
**ئەی پیاو تۆ چەند نەرجسییت!**

کەژاڵ ئەحمەد، <u>دیوانی کەژاڵ ئەحمەد</u> (ل-٢٢١)
لەلای کەژاڵ ئەحمەد، پەردەی کچێنی هیچ بایەخ و مانایەکی نییە. ئەو ئامادەیە نەک تەنیا جارێک بەڵکو هەموو ڕۆژێک سەدان جار کچێنی خۆی لەدەست بدات، ئەگەر ئەوەی پێ بکرابوایە. ئەو ئامادەیە بۆ کۆتایی هێنان بە ئەفسانەی شەڕەف لە کەلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە بە پەردەی کچێنییەوە گرێدراوە:

**بەداخەوە**
**یەکجار بۆم هەیە کچێنی ببەخشم**
**دەنا ڕۆژێ سەدجار**
**دەبووم بە ژنی قەسیدە و**
**دیسان دەشبوومەوە بە کچ**
**کچی هەموو خەونەکانت.**

کەژاڵ ئەحمەد، <u>دیوانی کەژاڵ ئەحمەد</u> (ل-٢٣٤)
**د) چۆمان هەردی (لەدایکبووی ١٩٧٤):**
**گەڕێنەرەوەی پیاو بۆ بەهەشت**
دنیای ئەم شاعیرە گەنجە زۆر لە دنیای شاعیرەکانی پێش خۆی جیاوازە. لەلای ئەو، پیاوان هۆ و سەرچاوەی ئێش و ئازارەکانی ژنان نیین. بەپێچەوانەوە، پیاوان ئەو ئامرازەن، کە ژنان بەهۆیەوە دەتوانن بگەن بە بەرزترین ئاستی چێژی ڕۆحی و جەستەیی. ئەم ڕوانینە گەشبینانەیە بەرامبەر بە پیاو ڕوانینێکی ڕۆژهەڵاتی یان کوردانە نییە، چونکە ئەو


چۆمان هەردی

کیژە شاعیرە هەر لەسەرەتای تەمەنی هەرزەکاریدا لە ڕۆژئاوا ژیاوە. ئەو لەوێ توانیویەتی بەوپەڕی ئازادی هەستەکانی دەربڕێت. ئەو شەرمی پێ نییە، کە داوا لە گەنجێک بکات کە پێکەوە لەبەرامبەر ئاوێنەیەکدا ڕووت ببنەوە و پێکەوە جووت ببن. نە هەستی گوناه و نەشەرمی کچانەی ڕۆژهەڵاتی ڕێگر نابن لەبەردەم ڕووتبوونەوەیدا. ئەم هەڵوێستە چەند هەنگاوێک لەپێشترە لەوەی لە شیعری ژنانی کورد دەبینرێن:

**دەستم بەرێ**
**با بەڕووتی بچینە ئاوێنەکەوە.**
**بارانی عیشق**
**هەردووکمانی تەڕکردووە**
**ئارەزووی فرێنێکی تر**
**لەچاومانا سەوز بووە.**
**لەڕوونی ئاوێنەکەدا**
**تەسلیم بە دەستەکانت دەبم**
**هەڵمی هەناسەکانی تۆ دامدەپۆشێ**
**سەیرت دەکەم**
**چەند بەنەرمی ماچم دەکەی.**

چۆمان هەردی، <u>کۆمەڵە شیعر</u> (ل-١٢).
ژنان، هەر بە سروشتی خۆیان، حەز بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی خۆیان دەکەن، بەتایبەتیش ئەگەر لەو ڕابردووەدا یادگاری چێژێکی جەستەیی تێدا بێت. بچووکترین شت کە پەیوەندی بەم بۆنانەوە هەبێت هەر هەموو یادگارەکان بەچەشنی فیلمێکی سینەمایی دەخاتەوە ناو مێشکی هەستیار و ناسکیان. تاڵە موویێکی جێماوی سەرنوێن یان دەستلێدان و دەست بەر لەش کەوتنێک کاتی پێکەوە بوون و تێک ئاڵان وایان لێدەکات مووچڕکەی خۆشی بە لەشیان دابێت:

**تاڵێ مووی لێ بەجێماوە**
**جێگە، بۆنی لەشی ئەوی هەڵمژیوە**
**هەناسە گەرمەکانی ئەو**
**لە شتومەکی ئەم ژوورە سپییە ئاڵاوە**
**کەنتۆڕەکەم جل و بەرگی لێدزیوە**
**جێگە پەنجەی لەسەر لەشم جێهێلاوە.**

چۆمان هەردی، <u>کۆمەڵە شیعر</u> (ل-١٤).
**٤) سەرەنجام**
لەم ٢٠-٣٠ ساڵەی ڕابردوودا، ژنە ڕۆشنبیرەکانی کورد هۆشیارتر بوونەوە دەربارەی شوێن و ڕۆڵیان لە ژیاندا و گەیشتنە ڕادەیەکی ئەوتۆی هۆشیاری، کە چیتر ئامادە نەبن ئەو دەردەسەری و چەوساندنەوە و کۆیلایەتییەی کە بەدەستی پیاوانەوە دەیچێژن قبووڵ بکەن. هەربۆیەش کەوتنە ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی ئەو ڕەوشە خراپەی کە لەلایەن کۆمەڵگەی پیاوانەوە بەسەریاندا سەپابوو. هێرشی ئەوان بەشێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی عەقڵیەتی خێڵەکی سیستەمی خێزانی باوکسالاری کراوە. ئەوان هەوڵدەدەن کە چەمکە ڕۆژهەڵاتییەکانی شەڕەف و گوناه (کە ئایینەکان پێداگریان لەسەر کردووە) سەرلەنوێ پێناسە بکەنەوە و داوای ئازادی و مافی ڕۆشنبیری و دەرفەتی یەکسانی کار دەکەن. لە شیعری ئەو ژنە شاعیرانەدا، ڕەشەبای گۆڕان هەڵیکردووە و خەریکە بەها کۆنە داڕزیوەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی، کە زادەی ڕوانینی خێڵەکی و ئایینپەروەرییە ڕیشەکێش بکات.
لەپاڵ شیرین کەمال و نەزەند بەگیخانی و کەژاڵ ئەحمەد و چۆمان هەردی، چەندین ژنەشاعیری تر هەن، کە ڕەخنە لە شوێن و پێگەی نزمی ژنان لە ناو کۆمەڵگە دەگرن. لەوانە: نەجیبە ئەحمەد، ئەرخەوان، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، کۆسار کەمال، چنار نامیق، چنوور نامیق، مەهاباد قەرەداغی، بێگەرد حوسێن، بەهرە موفتی، تریفە دۆسکی، ناڵە عەبدولرەحمان و چەندانی تریش. ئەم ژنە شاعیرانە تەنیا نایانەوێت وەکو مرۆڤ ڕێزیان لێبگیرێت، بەڵکو دەشیانەوێت ئارەزووە ڕۆحی و جەستەییەکانیان فەرامۆش نەکرێت. دەیان ژنە شاعیری تریش هەن کە ئەو ڕێچکەیەیان گرتووە و ئێستا هەوڵدەدەن کۆسپ و لەمپەرە داڕزیوەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری وەلا بنێن و ئازادی خۆیان لە ستەمکارە پیاوەکان وەدەست بهێننەوە.


**سەرچاوەکان**
١) شیرین کەمال، <u>کەنارەکانی خەون</u> (سلێمانی بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ، ١٩٩٩)
٢) شیرین کەمال، <u>ئێوارەیەک ئەو نایەت</u> (سلێمانی: چاپخانەی ؟، ٢٠٠٣)
٣) Azad Hamad Sharif، "Shireen Kemal: A Poetess with A Rebellious Spirit" Kurdistan News. No (13) .June، 2001، p. 5
٤) نەزەند بەگیخانی، <u>دوێنێی سبەی</u> (فەرەنسا : لە بڵاوکراوەکانی AAPKF،١٩٩٥)
٥) کەژاڵ ئەحمەد، <u>دیوانی کەژاڵ ئەحمەد</u> (سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٦)
٦- چۆمان هەردی، <u>کۆمەڵە شیعر</u> (بێ شوێن و ساڵی چاپ).


**بەشی یەکەم**










# نۆڤلێت (٢١)
## خەرەندەکانی سنوور




**کاروان عەبدوڵڵا**


ئێمەیان لە گرتووخانەییێکی چکۆڵەی شارێکی بچووک ڕەوانەی زیندانێکی مەزنی شارێکی گەورە کرد، هەر زوو یەکێ لە لێپرسراوانی ئەوێ پێی وتین کە زیندانە نوێیەکەمان ناوی (دەریا)یە، لە دواییدا بۆم ڕوون بۆوە، کە بە هەزاران کەس لەو شوێنە زیندانیی کرابوون، ئەوەی لەیەکەم ڕۆژەوە ئێجگار مەراقی کردم، دیار نەمانی دکتۆر ڕەحیم بوو، کە لە هیچ کۆڕو کۆبوونەوەکی نێو زیندانیش دەرنەدەکەوت، من زیاتر فیکرم بۆ ئەوە چوو، ئازاد کرابێ. ئەگەرچی ئەو زیندانە جموجۆڵێکی زۆری پێوە دیار بوو، ئەو هۆڵەش کە منی لێبووم زیاتر لە سەد کەسی لێبوو، کەچی بە ونبوونی دکتۆر هەستم بە تەنیاییەکی زۆر دەکرد، خۆم وا دەهاتە بەرچاو وەک ئەوەی لەو دنیایە پان و بەرینەدا بە تەنیا بەجێ هێشترابم و تازە هیچ کەسێکی نزیک پێمنەزانێ و هیچ دەستێکی بە هێزیش فریام نەکەوێ، زۆربەی کاتەکان بە تەنیا لەسەر قەرەوێڵەکەم دادەنیشتم و لە پەنجەرەکەی بەرامبەرم ڕادەمام، خۆم لە دەرەوەی زیندان دەبینییەوە. دوو کەس لە نێو ئەو هۆڵە گەورەیە سەرنجیان ڕاکێشا بووم، کوڕێکی گەنجی ئازەری کە ناوی (عەلیڕەزا) بوو، زۆر کەم لەسەر جێگەکەی دەهاتە خوارەوە، بەردەوام لەسەر زگ ڕادەکشاو ناوە ناوە سەیری پەنجەرەکەی بەر دەمی دەکرد و شتێکی دەنووسی، لە تێڕامان و وردبوونەوەیدا هەر لە شاعیرێک دەچوو کە وێنەی دیمەنە شیعرییەکانی بگرێ، پەنجەرەکەی لێدەرچێ زۆر بە زەحمەت لە دەوروبەری خۆی ڕادەما، بە دڵ حەزم دەکرد لێی نزیک ببمەوە، بەڵام جورئەتی ئەوەم نەبوو لەو فەزایە دەریبهێنم، ئەو کوڕە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە خۆی پێناساندم، بەڵام وەک چۆن نەدەچووە لای هیچ کەس، هەر ئاواش تەنیا سڵاوی لێمدەکردو بزەیەکی پڕ بەرائەتی منداڵانەی بۆ فڕێ دەدام، هەر ئەو بزەیە منی بۆخۆی ڕاکێش کردبوو، هانی دەدام ئەگەر بۆ جارێکیش بێ هەر دەبێ لێی نزیک ببمەوە، ئاخیرەکەی بڕیارم دا بچمە لای، وەک ئەوەی بمەوێ داوای شتێکی لێ بکەم، لە ڕۆخ قەرەوێڵکەیەوە وەستام، ئەو، سەری بەسەر دەفتەرەکەی شۆڕ کردبۆوە، ئاگای لەمن نەبوو، توانیم یەکەم دێڕی شیعری لاپەڕەکەش بخوێنمەوە، تا دوایین دێڕی شیعرەکەی نەنووسی سەری هەڵنەبڕی، کە منی بینی بزەیەکی زۆر شیرین سیمای داپۆشت، سەلامم لێکردو یەکسەر بە فارسی پێموت:
- باشتر. با دڵت بە شووشەکانی پەنجەرەی دڵی ئەو بریندار بێ!
عەلیڕەزا وەک ئەوەی یەکێ بە پەلەپروزێ لە خەو بە ئاگای بێنێتەوە، سەرەتا کەمێک شڵەژا، دواتر بە هێمنی پێکەنی و داوای لێکردم کەمێک لەلای دابنیشم، منیش نەمویست وەختێکی زۆری لێبکوژم، هەر بە پێوە لێمپرسی:
- عەلی گیان تۆ شاعیری ؟
عەلی وەک ئەوەی پێشبینی ئەو پرسیارەی لەمن نەکردبێ بە سەرسوڕمانەوە وتی:
- لەوە دەچێ ببمە شاعیر، تۆ چ کارەی؟
- منیش هەندێجار شیعر دەنووسم، بەڵام شاعیر نیم.
هەستمکرد عەلیڕەزا زیاتر ئامادەیی خۆی نیشان دەدا بۆ ئەوەی لەلای دانیشم، خێرا دەستی دایە ئەو دەفتەرەی شیعری تێدا دەنووسی، ئەوجارەیان لێمپاڕایەوە بۆ ئەوەی دانیشم، منیش لە ڕاستیدا زۆرم پێخۆشبوو، بەڵام لەوە دەترسام لە زمانی شیعری فارسی نەگەم، هەر کە ڕوونیشتم یەکسەر شیعرەکەی بۆم خوێندەوە، کە بە کوردییەکەی ئاوابوو:

" (دنیا) بە گەورەیی خۆی لە باوەشی بچووکی من
جێی دەبۆوە
(دنیا) سێوێکی حەڵاڵ بوو
هەرچەند لێمدەخوارد
کەم نەدەبۆوە
ئێستا (دنیا) لە نێو دڵی شاخەکان
حەیرانی تەنیایی دەڵێت
لە سەر تاشە بەردەکانی ئەوێ
دیمەنەکانی دوێنێم، دەنەخشێنێت"

هێشتا زۆری مابوو کۆتایی بە خوێندنەوەی شیعرەکە بێنێ، ویستم لێی بپرسم " مەبەستت لە (دنیا) چییە؟" بەڵام بێدەنگ بووم. عەلیڕەزا لە تێڕامانەکەی مندا ئیستێکی کردو لەخۆیەوە لێمی پرسی:
- تۆ کوردیت؟
- بەڵێ.
بەپێکەنینەوە وتم:
- ڕەنگبێ لەبەر فارسییەکەم وا بزانی ئەفغانیم؟
پێکەنینی هەردووکمان ئاوێتەی یەکدی بوون، وێدەچوو عەلیڕەزا شتی دیکەی لە دڵدا بێ، بە نەختێک هەڵچوونەوە، کە لەگەڵیدا سیمای سوور هەڵگەڕا، پێمی وت:
- لەسەر چی گیراوی؟
هەستمکرد هێشتا وەختی ئەوە نەهاتووە باسی خۆمی بۆ بکەم، کەچی حەزێک کە لەنێویدا هێزێکی لە ڕادەبەدەری تێدا بوو، ناچاری کردم هەندێک شتی سەرەتایی بدرکێنم و بڵێم:
- من پێشمەرگەی ئەو دیو بووم، بۆ عیلاج هاتمە ئێرەو گیرام.
عەلیڕەزا کە گوێی لەو قسەیە بوو، بازنەی چاوەکانی فراوانتر بوو، نازانم چۆن یەکسەر باوەڕی پێمکرد، خەریک بوو بە نیگا عەجوولەکانی قووتم بدا، من لەو دەمە ویستم هەڵسم و بڕۆم، کەچی نەک هەر قەبولی نەکرد، بەڵکو لەوە دەچوو نهێنییەکی لەمندا دۆزیبێتەوە، هەر زوو گڵاسێک چای لە بەر دەمم داناو زێتر لێم نزیک کەوتەوە، من لەو کاتەی قومی یەکەمم لە چایەکە دەدا، بیرم لەلای خۆمەوە نەبوو، لە خەیاڵمدا لەگەڵ کچێک دەدوام کە لە ئێرانەوە لە ترسی گرتن و ڕاوەدونان لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی دیکە پەنایان بۆ بارەگاکانی ئێمە هێنابوو، ئەی خودایە ئەو کیژە چ چاوێکی بەخشندە و چ کانگایەکی ئەوین بوو! من نازانم تەنیا ئەوە من بووم کە لە چاوەکانی ڕادەمام هەستم دەکرد شنەبایەک بە نەرمی بەسەر جەستەمدا تێدەپەڕێ، یان ئەوانی دیکەش ئەو هەستەیان هەبوو؟ هەر کاتێک تەوقەی لەگەڵم بکردایە، بۆ ماوەیەک سەرسامی دەبووم و جەستەمی شەلاڵی بەنج و دڵمی وێران دەکرد، ئەو کیژە هەموو بەیانییەک بەر لەوەی نان بە گەروومان بچێتە خوار، دەفتەرێکی دەخستە بن هەنگڵی و لە دوور دووری بارەگاکەمان لە بن دارێک دادەنیشت و خەریکی نووسینی شتێک دەبوو، ئەگەر بۆ خواردن بانگمان نەکردایە، هەر لەوێ دەمایەوە، من ئەو کاتە (تارا)م نەدەناسی و کەسێک لە ژیانمدا نەخولقابوو، هۆگری ببم، ڕەفتاری پڕ نهێنی و سەرنجڕاکێشی ئەو کچە، وایلێکردبووم زۆربەی کاتەکانم بیری لێ بکەمەوە، چ خۆش بوو ئەو ڕۆژە، خۆیشم نەمزانی ئەو جورئەتەم لە کوێ بۆ هات، لە ناکاو بڕیارمدا خۆم لە هاوڕێکانم بدزمەوە و لەو کیژە بێدەنگ و سیما پڕ لوغزە نزیک ببمەوە، من بە بیانووی کۆکردنەوەی وشکە دار، خۆم گەیاندە لای ئەو، کەچی ئەو وەک ئەوەی منی هەر نەدیبێ سەریشی بەرز نەکردەوە، لەوە دەچوو لە نێو قووڵایی نووسینەکەیدا غەرق بووبێ و هیچ پەیوەندییەکی بە دنیای دەرەوەدا نەمابێ، من ناچاربووم ڕووم وەرگێڕم و ئەو ناوە جێ بهێڵم، ئەو کاتەی لەو دوور دەکەوتمەوە، گوێم لێ بوو، لەسەرخۆ بانگی کردم:
- هاوڕێ (سەران) وەرە پارچە شیعرێکی خۆمت بۆ بخوێنمەوە!
هەر کە ناومی هێنا، خۆیشم نەمزانی چۆن وەکو گوللە لەبەر دەمیدا ئامادە بووم و وتم: - هاوڕێ (دنیا) تۆ شاعیریشی؟

# سێزدەهەمین ئەستێرەی گەلاوێژ هەڵات







**تایبەت بە بەدرخان**

وەکو نەریتێکی سالانە، بەلام نەریتێکی جوان، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ لە سێزدەمین فێستیڤالی خۆیدا "ئەندێشە جیاوازەکان. بەرەو داهێنان" لەپاڵ ئەو چالاکی و کۆڕ و سیمینار و پێشبڕکێی شیعر و چیرۆک و فەزایەکی هونەری جوان، ئەمساڵیش چەپکێک کتێبی جوان و ناوازەی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی و ئامادەبووان و میوانانی فێستیڤاڵ کرد، کە کتێبەکان بەهەرسێ زمانی "کوردی، عەرەبی، فارسی" لە بوارەکانی "شیعر، چیرۆک، لێکۆڵینەوە، رەخنەیی، هونەری، رۆمان" بوون، ئەوەی دیاردەیەکی یەکجار جوانەو جیای دەکاتەوە لە هەوڵەکانی دیکە، ئەوەیە کە ئەمساڵ جگە لە سێ کتێبیان کە دووانیان بە کوردی و ئەویدیکەیان بە فارسییە، تەواوی کتێبەکانی دیکە بە زمانی عەرەبی چاپکراون، ئەوەش زیاتر ئاشناکردنی رۆشنبیر و خوێنەرانی عەرەبە بە کلتوور و ئەدەبی کوردی.

ئەو کتێبانەی لەو فێستیڤاڵە چاپکرابوون و دابەش کران، بریتی بوون لە:

١- حصان دافنشي- عبدالكريم يحيى الزيباري.
٢- طاقة الكلمات- قراءة نقدية- باقر جاسم محمد.
٣- اشجار الجهة العليا- فريدون بينجويني.
٤- من ثقب الباب/ شعر الفارسي- ترجمة: عبدالله طاهر البرزنجي.
٥- نصوص عيني الثالثة- شاكر مجيد سيفو.
٦- مرايا الشعر- جاسم عاصي.
٧- نصوص كردية حديثة- ترجمة وتقديم: نوزاد احمد اسود.
٨- اللغة وعرس الاسماء- هاشم سراج- ترجمة: المهدنس محمد حسين رسول.
٩- التوالد الصوري في السياق النصي- هوشنگ درويش.
١٠- خطوات المطر/ قراءة في نصوص كردية- ناجح المعموري.
١١- دراسات في السرد الكردي- يوسف يوسف.
١٢- اشراقات كوردية- لقمان محمود.
١٣- دهشته الجبل- رشيد هارون.
١٤- عواء الطبيعة/ قراءة حداثة الابداع الكوردي- علي حسن الفواز.
١٥- التفاحة والناي الاسطورة في كتاب اليوم. كتاب الساحر- ناجح المعموري.
١٦- ثمة خطأ ما. في مكان ما- محي الدين زەنگەنە.
١٧- دراسات پەيڤين.
١٨- المخلية الخلاقة في تجربة محى الدين زەنكەنە الابداعية- صباح الانباري.
١٩- قصص پەيڤين.
٢٠- الخطيئة الاولى- اكو كريم معروف.
٢١- تحليقات قصص كردية قصيرة- احمد محمد اسماعيل.
٢٢- الغرفة التى انتحر فيها صديقي- سيامند هادى.
٢٣- تأبى المنفى اينما رحلت- قصص فاضل كريم احمد.
٢٤- الساعات المتوقفة- جليل كاكەوەيس.
٢٥- تربيع خون- چهار اپرو گفتوگو از شيرزاد حسن- ترجمه از كردى: عبدالله كيخسروى.
٢٦- ئەستەنبۆڵ و ئەدەبی نوێی کوردی- فەرهاد پیربال.
٢٧- باڵگەلێک بۆ نیشتنەوە- موسا بیدەج- وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی.

جێی ئاماژەیە جگە لەو کتێبانەی سەرەوە، رۆژانە لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ رۆژنامەی گەلاوێژنامە بەهەرسێ زمانی "کوردی، عەرەبی، فارسی" بە قەبارەی "١٢" لاپەڕە بڵاودەکرایەوە و لە رۆژانی سەرەتاشدا هەموو چیرۆک و شیعر و لێکۆڵینەوە بەشداربووەکانی سێزدەمین فێستیڤاڵ لە شێوەی "٣" کتێب بڵاوکرانەوە.

















































































# ئەندێشە جیاوازەکان... بەرەو داهێنان، (١٣)مین فێستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلێمانی

**تایبەت بە بەدرخان- سلێمانی**

لە ماوەی ٦ ڕۆژداو سەر لە بەیانی ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٩/١١/١٠ لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی و بە ئامادەبوونی وەزیری ڕۆشنبیری و مەلا بەختیار وتەبێژی مەکتەبی سیاسی "ی.ن.ک" و چەندین نووسەر و ڕۆشنبیری کورد و عەرەب و فارس و ئەورووپی سێزدەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەڕێوەچوو.

لە دەستپێکی فێستیڤاڵەکە وتەی بەخێرهاتن خوێندرایەوە و دواتر وتاری سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ لەلایەن یاسین فەقێ سەعید خوێندرایەوە و پاشانیش وتاری سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن "د. هادی مەحمود" وەزیری ڕۆشنبیری بە نوێنەرایەتی سەرۆکی حکومەت خوێندرایەوە.

دوابەدوای ئەوانە لە وتەیەکدا مەلا بەختیار سەرپەرشتیاری گشتی فێستیڤاڵ وتەیەکی پێشکەش کرد و باسی لە گرنگی ئەو فێستیڤاڵە کرد، شێرکۆ بێکەسی شاعیریش بە دەقێکی کراوە بەشداری کرد و "مونعم الفقیر و شەمس لەنگەرودی"یش وەکو دوو شاعیری عەرەب و فارسی میوانی فێستیڤاڵ وتەی خۆیان پێشکەش کرد و دواتر کورتە فیلمێک نمایش کرا، کە وەک پانۆڕامایەک بوو لەسەر فێستیڤاڵی گەلاوێژ، دوایین شتیش کە نمایشکرا چەند بڕگە و چالاکییەکی هونەری نمایش کرا.

دوابەدوای ئەو وتارانە، پێشانگایەکی فۆتۆگرافی لەلایەن ڕەخنەگر "بوشرا موسا ساڵح" کرایەوە، کە "٢٢" هونەرمەندی ئێرانی زیاتر لە "٥٠" بەرهەمی خۆیان نمایشکرد، پاشانیش لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی پێشانگایەکی کتێب لەلایەن شاعیری ئێرانی "بەهارە ڕەزایی" کرایەوە و "٣٠" دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، کە لە "١٠" وڵاتەوە هاتبوون زیاتر لە "١٠٠٠٠" ناونیشانی کتێبیان لە پێشانگاکە نمایش کرد.

هەر لە هەمان ڕۆژداو لە تاقی ئێوارەکەی دیداری شیعری بەڕێوەچوو، کە هەریەک لە شاعیران "حەمە سەعید حەسەن، نەوزاد ڕەفعەت، هیوا قادر" وەکو میوانی فێستیڤاڵ شیعریان خوێندەوە، دواتر لە بەشی دووەمدا شیعری شاعیرانی فێستیڤاڵ خوێندرایەوە، کە هەریەک لە شاعیران "عەبدولقادر سەعید، ڕۆژ هەڵەبجەیی، سروشت عەزیزی، کاردینا محەمەد، غالب جەمیل، ئاری عەبدوڵلەتیف، بەیان عەزیزی، فازیل ئەحمەد، سارا سەردار، بێستون حەسەن، سەروەر عومەر، کارزان چیایی، ژوان پێنجوینی، پەسار فایق" بەشداربوون و بەرهەمەکانی خۆیان خوێندەوە و ئەو ئێوارەیەش لەلایەن کاوە حاجی عەزیز بەڕێوەچوو.

لە ڕۆژی دووەمی فێستیڤاڵەکەو لە تاقی بەیانییەکەی چەند لێکۆڵینەوەیەک پێشکەش کران، کە بریتی بوون لە: "تیلی ساڵح- خواندنەک بۆ ڕەوشا پشکدارییێن ژنا"، کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا لێکۆڵەر باسی لە ڕەوشی ژن لە کوردستان کرد و ئاستەنگەکانی بەردەمیانی خستەڕوو، سابیر ڕەشید "ئیحسان مستەفا- پێشڕەوی نوێخوازی"، سابیر ڕەشیدیش لەو لێکۆڵینەوەیەیدا باسی لە چیرۆکەکانی ئیحسان مستەفا کرد و باسی لەو هەوڵانەش کرد کە بەر لەو باسیان لە ئیحسان مستەفا کردووە و مەحمود زامداری بە نموونە بۆ قسەکانی هێنایەوە، ئارام سدیق "ناونیشان لە چیرۆکی نوێدا"، لێکۆڵەر لەو لێکۆڵینەوەیەیدا لێکۆڵەر چیرۆکەکانی عەتا محەمەدی بە نموونە هێنابووەوە و باسی لە ناونیشانی چیرۆکەکانی کرد، "سەرەتاکانی چیرۆکی منداڵ، توێژینەوەیەک دەربارەی خەسڵەت و جۆرەکانی چیرۆکی منداڵ لەلایەن لەتیف هەڵمەت میوانی دیدار بەڕێوەچوو، کە لەتیف هەڵمەت لەو لێکۆڵینەوەیەدا باسی لە جۆرەکانی چیرۆکی منداڵ کرد، بەڕێوەبەری کۆڕەکەش مەریوان هەڵەبجەیی بوو.

لە تاقی ئێوارەکەشی هەریەک لە "عەزیز ڕەئوف دەربارەی سەدەی ئیسلامیزم، کە لێکۆڵەر زۆر وریایانە مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکە کردبوو، بە درێژی باسی لە ئیسلامیزم و ڕەوتی ئەمڕۆی ئیسلام و دابەشکردنیانی کرد و پشتی بە پۆلێنەکەی لێکۆڵەرێکی فەڕەنسی بەستبوو، کامەران ڕەحیمی لە بارەی خەسارناسی و وشەسازی لە زمانی کوردیدا، سەڵاح حەسەن پاڵەوان لەژێر ناوی وێنەو دەنگ، پەیوەندی و بەها، کە سەڵاح حەسەن پاڵەوان لێرەدا باسی لە ناو و ناوەڕۆک کرد و بەشێک لە شاعیرە کلاسیکەکانی وەکو نموونە هێنایەوە و لە لایەن ئامادەبووانیشەوە وەڵامی درایەوە، زاهیر ڕۆژبەیانی لە بارەی گوناهی فریشتەیەک، چیرۆکێک لە کۆتایی ناوێک" کە خوێندنەوەیەکی جوان بوو بۆ چیرۆکێکی مەهاباد قەرەداغی، تێیدا لێکۆڵەر بە وردی باسی لە تەکنیکی چیرۆک و لایەنەکانی ئەو چیرۆکە کردبوو، بەستییەوەش بە ئازارەکانی بەشی زۆری ئافرەتانی کورد، ئەو کۆڕەش لەلایەن ئارام کاکەی فەلاح بەڕێوەچوو.

لە ڕۆژی سێیەمی فێستیڤاڵەکە و لە تاقی بەیانییەکەی چەندین کۆڕ بەڕێوەچوون، کە بریتی بوون لە" د. مەولود ئیبراهیم حەسەن ئەفسانە لە شانەدەر، کە دکتۆر مەولود بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی باسی لە سەرەتای ژیان لە شانەدەر و سۆمەرییەکان و کوردبوونی ساسانییەکانی کرد و وەڵامیشی درایەوە و گفتوگۆیەکی یەکجار درێژ هاتە ئاراوە، د. ئازاد حەمە شەریف ئاراستە نوێکانی شیعری ژنانی کوردی پێشکەشکرد و زۆرترین ڕەخنەی لێگیرا لەلایەن ئامادەبووان، بەوەی کە ئەو ناونیشانێکی گەورەی داناوە و لێکۆڵینەوەکەشی لەو ئاستە نەبوو، لێکۆڵەر لەو باسەیدا هەریەک لە (نەزەند بەگیخانی، کەژاڵ ئەحمەد، چۆمان هەردی، شیرین. ک)ی وەکو نموونەی باسەکەی وەرگتبوو، وێڕای هەمووئەوانە مەلابەختیار لە سەرەتای کۆڕەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوە کرد ئەو بەیانی نەیویستووە تەداخولی ئەو گفتوگۆیە بکا، بەڵام بەرای ئەو هەموو قسەکانی دکتۆر ئازاد ڕاست بوون و بەشدارانی گفتوگۆکە بە هەڵە ڕەخنەیان لێی گرتبوو." هەردوو کۆڕگێڕ میوانی فێستیڤاڵ بوون و ئەو دوو کۆڕەش پڕ گفتوگۆترین کۆڕی فێستیڤاڵەکە بوون و ماوەی "١٥٦" خولەکی خایاند و کۆڕەکەش لە لایەن ستران عەبدوڵڵاوە بەڕێوەبردرا، کەسێکی دیکەش لە بەرنامەکەدا ناوی هاتبوو و دەبووا کۆڕی هەبێ، بەڵام ئامادە نەبوو.

لە تاقی ئێوارەی هەمان ڕۆژیشدا مەلا بەختیار کۆڕێکی تایبەتی دەربارەی "کورد. ئاوێتەیەک لە تراژیدیاو بەرەنگاری" پێشکەش کرد، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، دواتریش وەرگێڕدرایە سەر زمانی فارسی، لە کاتی گفتوگۆکانیشدا یەکێک لە ئەدیبانی عەرەب هەڵسایەوەو ئەوەی جێگای دڵخۆشی بوو نووسەری عەرەب "عبدالمنعم الاعصم" گوتی: دەبێ عەرەب و وڵاتانی عەرەبی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکەن، چونکە هەست دەکەین شەقامی کوردی هەست بە زوڵم دەکات کە بەرامبەریان کراوە، بە درێژایی کۆڕەکەش مەلا بەختیار باسی لە هاتنی ئیسلام و تێکەڵبوونی بە کورد کراو ئەو پێیوابوو ئیسلام زوڵمی لە کورد کردووە.

لە ئێوارەی هەمان ڕۆژیشدا لە گفتوگۆیەکی کراوە و لە بەرنامەیەکی تایبەتدا میوانانی فێستیڤاڵ لەگەڵ دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و جەمال حوسێن کۆڕەکەو دانیشتنەکەی بەڕێوەبرد، کە دانیشتنەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە سەتەلایتی گەلی کوردستان تۆمارکرا.


لەکاتی کردنەوەی پێشانگا

لە ڕۆژی پێنجەمی فێستیڤاڵەکەدا دیداری لێکۆڵینەوەی میوانەکان بەڕێوەچوو، کە "د. فەرهاد پیرباڵ دیدارەکەی بەڕێوەبرد و لە تەوەری یەکەمدا هەریەک لە "فرانسوا لۆڤات" باسێک لەمێژووی فۆتۆگرافی لە کوردستان و کریستیان کلاڤین کورد و ڕۆژهەڵاتناسی"یان باسکرد، یەکەم چەندین وێنەی جوانی کوردستان و ژیانی پێشمەرگەکانی پێشکەشکرد و خاتوو کریستیان کلاڤین کە ناوی لەخۆی نابوو هاژەو تاقە ئامادەبووی فێستیڤاڵ بوو کە بەجلی کوردییەوە دەرکەوت و لەکاتی کۆڕەکەشیدا کە باسی لە کورد دەکرد لەسەردەمی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەگریاو هەموو ئامادەبووانی ناو هۆڵەکەی گریاند و لە تەوەری دووەمیشدا "هەیسەم بەهنام بردی ڕۆمان و چیرۆکی سریانی و د. سەعدی المالح ڕۆڵی مۆسیقاژەنە سریانییەکان لە مۆسیقای کوردیدا و نوری بوتروس ئەدەبی مێینە لە کوردستانیان پێشکەش کرد، کە ئەو باسانەی لە بەشی لێکۆڵینەوەی سریانی بوو".

لە تاقی ئێوارەی هەمان ڕۆژ نیو سەدە لە بەخششی ڕەخنەیی بەردەوام، تەوەرێکی تایبەت بە ئەزموونی ڕەخنەیی نووسەر فازل سامر بەڕێوەچوو، کە هەریەک لە "فاضل ثامر "شهادة نقدیة"، د. بوشرا موسی صالح، د. مالک المطلبي، د. حاتم محمد الصکر، باقر جاسم محمد، بشیر حاضم، د. ناهزة ستار، جیهاد مەجید" کە لە لایەن عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجییەوە بەڕێوەچوو.

لە تاقی بەیانی ڕۆژی شەممە شەشەم ڕۆژی فێستیڤاڵ تەوەرێکی ڕۆشنبیری کراوە بەڕێوەچوو، دواتر خوێندنەوەی شیعری ئەنجامدرا و کۆڕەکە لەلایەن ئاوات حەسەن ئەمین بەڕێوەچوو.

لەتاقی ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆڕی تایبەتی ئەدیبان و ڕووناکبیرانی فارس بەڕێوەچوو، کە هەریەک لە "شەمس لەنگەرودی- شیعری پاش شۆڕشی ئێرانی، ئەفشین شاهرودی- پانۆڕامای شیعری دارایی، فەرهاد حەیدەری گۆران- نووسین دژی چارەنووس، د. موسا بیدەج لێکۆڵینەوە بەزمانی عەرەبی لە بارەی ئەدەبیاتی فارسییەوە" بەڕێوەچوون و کۆڕەکەش لەلایەن کاوان عومەر سەلامی بەڕێوەچوو.

لەدوارۆژی فێستیڤاڵەکەشدا لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکە مەلا بەختیار؛ وتەیەکی بەزمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش بەمیوانان و ئامادەبووانی فێستیڤاڵ کردو تیایدا ئاماژەی بەڕاپۆرتی لیژنەکان کرد کە هیچ کەسێک لەدیاریکردنی سەرکەوتوواندا دەستی نەخستۆتە ناو کارەکانیانەوە.

دواتر گروپی میوزیکی عەندەلیبی-یەکان بەچەندین ئاواز و گۆرانی فێستیڤاڵەکەیان ڕازاوەترکرد.

پاشان هەریەک لە فازل تامر و بەهار ڕەزایی وتارەکانیان پێشکەشکرد و دوابەدوای ئەوانیش خەڵاتی ڕێزلێنان و خەڵاتی (هەردی) بۆ داهێنان بەخشرایە پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ. هەروەک خەڵاتەکانی دەزگای سەردەم لەلایەن ڕەئوف بێگەردو بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانیش لەلایەن وشیار ئەحمەد-ەوە بەخشرانە پرۆفیسۆر د. عیزەدین.

دواتر ئەندازیار تەیب جەبار لەبەرامبەر زیاتر لەنیو سەدە کاری ڕەخنەگریدا خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە فازڵ تامرو هەروەها د.فەرهاد پیرباڵ-یش خەڵاتی ڕێزلێنانی بە فرانسوا لۆڤات بەخشی و لەلایەن محەمەد سەعید حەسەن-یشەوە خەڵاتی ڕێزلێنان بە نووسەرانی سریانی و تورکمانی بەخشراو هەروەک خەڵاتێکی ڕێزلێنان بەخشرایە محەمەدی مەلا کەریم.

لەبەشی دووەمی ڕێوڕەسمەکەشدا خەڵاتی سەرکەوتووانی شیعرو چیرۆک و لێکۆڵینەوە بەمشێوەیە ڕاگەیەندران.

سەرەتا نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد وتاری لیژنەی لێکۆڵینەوەی خوێندەوەو هەریەک لەسەلاح حەسەن پاڵەوان، عەزیز ڕەئوف، ئارام سدیق-ی وەک براوەی خەڵاتەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم ئاشکراکران.

دوای خوێندنەوەی وتاری لیژنەی هەڵسەنگاندنی چیرۆکیش لەلایەن سیامەند هادی-ەوە، خەڵاتەکانی بواری چیرۆک بەمشێوەیە دابەشکران: خەڵاتی یەکەم بۆ مهاباد قەرەداغی، خەڵاتی دووەم بۆ ئاکۆ کەریم مەعروف و خەڵاتی سێیەمیش بۆ سەمەد ئەحمەد.

هەروەها عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجیش بەخوێندنەوەی وتاری لیژنەی هەڵسەنگاندنی شیعر، براوەکانی بەمشێوەیە دیاریکرد، ژووان پێنجوێنی یەکەم، بێستوون حەسەن دووەم، پەسار فایەق سێیەم.

خەلاتە یەکەمەکانی لێکۆڵینەوەو چیرۆک و شیعری بادینیش بەخشرایە هەریەک لە تیلی ساڵح، غالب جەمیل، مەهدی حاجی، هەروەها دوای خەلاتکردنی هەریەک لەسەنتەری هاقی بوون و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ئازاد جندیانی خەڵاتی بەخشییە هەریەک لە حیسام سرایی و ژاوێن شاڵی وەک بچووکترین شاعیری بەشداربووی فێستیڤاڵەکە.

لە کۆتایی ئەو فێستیڤاڵەدا بەپێویستمانزانی ڕای چەند نووسەرێکی بەشدابووی فێستیڤاڵەکە وەرگبرین، لە دەستپێکدا عەباس عەبدوڵڵا یوسف کە یەکەم جاری بوو بێتە ئەو فێستیڤاڵە گوتی: دوا فێستیڤاڵی گەوێژ بەلامەوە دوو ئاماژە دەدات، یەکەمیان: ئەم فێستیڤاڵە لە قۆناغی سەرەتایی خۆی دەرچووە و بەرەو جێگیری و کامڵبوون و گەشبوون دەڕوات و خۆی لە خۆیدا دەبێتە دەزگایەکی ڕەنگین و لەمەودوا و لەمەدا داوای داهێنانی گەورەتری لێدەکرێت.

دووەمیان: ژوانێکی جوانی بەیەک گەیشتنی نووسەرانی کورد لەلایەک و نووسەرانی دراوسێ و هەندێکی جیهانی لەلایەکی دیکەوە.

بۆ زێدە پێشکەوتنی ئەم فێستیڤاڵە چەند خاڵێک دەخەمە بەر دیدی ڕێکخەران و ڕۆشنبیرانەوە:

١- لە پەراوێزی کۆڕەکان، بایەخێکی تایبەت بە تێبینی و بەدواداچوون بدرێت، چونکە هەندێ لەو کەسانەی ڕەخنە دەگرن، شتێکی زۆر گرنگ دەوروژێنن و کۆڕەکان دەوڵەمەندتر دەکەن. بۆ ئەوەی مافی ئەو کەسانە نەڕوات. پێویستە لە ڕۆژنامەی فێستیڤاڵ دەقی قسەو ڕەخنەکانیان تۆمار بکرێت.

٢- هەردوو سەری پردی ڕۆشنبیری بگەنەوە یەک و ئاوەدان بکرێنەوە، ئەوەی تێبینیم کردووە، نووسەرانی عەرەب گەلێک شتیان لەبارەی شیعر و چیرۆک و ڕۆشنبیری کوردییەوە نووسیوە، بەڵام خۆمان هیچمان دەربارەی ئەوان و بە تایبەت میوان نەنووسیوە. پێویستە بەرهەمی ئەوانیش ئەوانەی ئامادەی فێستیڤاڵەکە دەبن تەرجەمەی کوردی بکرێت.

٣- بایەخێک بە ڕۆشنیری تورکمان و سریانی بدرێت، چاپکردنی دیوانی شاعیری سریانی شاکر مەجید سیفۆ، نموونەیەکی باشی ئەم ئاراستەیەیە.

٤- دانانی لێژنەیەکی پێداچوونەوە، تا بە وەرگێڕدراوەکان دابچێت، هەندێک لەو نووسینانە هەڵەی زمانەوانی تێدایەو تەرجەمەکەشیان ناتەواوە.

٥- ئەو کتێبانەی فێستیڤاڵ لە دەوری چەند شاعیر و چیرۆکنووسێک دەسووڕانەوە، پێویستە بازنەکەیان فراوانتر بێت.

٦- دروستکردنی "ئەلبومی گەلاوێژ" و تێکرانی وێنەی کۆنی "ڕەش و سپی" نووسەران و وێنەی تازەی "ڕەنگاورەنگ"ی فێستیڤاڵەکەی تێدابێت.

٧- دەرهێنانی فیلمێکی هەمەلایەن بەهەر جارەی فێستیڤاڵ.

هەروەها حەمید بەدرخان بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان دەربارەی فێستیڤاڵەکە گوتی: سازدانی هەر فێستیڤاڵێک بە تایبەتی ئەو فێستیڤاڵانەی کە ساڵانە سازدەدەرێت، بێ شک کۆمەڵێک شتی نوێ و دەقی جوان و داهێنان و ئەفراندن دروست دەکات.

پێشکەشکردنی بابەتەکان و سەرجەم ئەو شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوانەی کە لە ڕۆژانی فێستیڤاڵ بەر لە پێشکەشکردنی لە دوو توێی چەند کتێبێکدا چاپدەکرێن و بەسەر ئامادەبووان دابەش دەکرێ، خۆی لە خۆیدا گڕوتینێکی زیاتر دەداتە بەردەوامی فێستیڤاڵەکە.

"١٣"ساڵە بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ساڵانە لە بەرنامەیەکی نوێدا لە خزمەت وشەو قەڵەم و داهێنان و ئەفراندن و بیروڕا جیاوازەکاندا کۆمەڵێک لەو نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس و لێکۆڵیارەکان لێرەو لەوێ و بەڵکو لە وڵاتە دوورەکاندا بانگهێشتی فێستیڤاڵ دەکاتن، لەو چەند ڕۆژانەی میوانداریشدا بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکا.

ساڵانە لە فێستیڤاڵی گەلاوێژدا کارێکی نوێ یا داهێنانێک دەبێتە میوان و لەو مینبەرەشدا بیروڕای جیاواز جێگا بە قسە بێ بنەماکان لەق دەکات و پێشمان دەڵێ ئێمە مەبەستمانە لە سازدانی فێستیڤاڵ دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان کۆبکەینەوە لە بۆتەی یەک ئامانج، ئەویش هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردەواری و سوود و ئەزموون لە گەلاوێژی نۆبەرە وەربگرین، بۆیە لە جێگای خۆیەتی لە کۆتاییدا بێژم دەستخۆشی لە ستافی ئامادەکاری "١٣"ەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ دەکەین و بەهیواین ئەندێشە جیاوازەکان. بەرەو داهێنان ئامانجی خۆی بپێکێ. ماوە بگوترێ و ئاماژەی بۆ بکرێ، کە دەکرا لە شوێنی ئەوەی فێستیڤاڵی لە ماوەی "٦" ڕۆژ ئەنجام درابا، دەکرا لە ماوەی "٣" ڕۆژ بە ئەنجام بگەیەنرابا، بە مەرجێک لە مانگی گەلاوێژ ساڵانە ئەنجامبدرێ.

## ڕۆژ هەڵەبجەیی خەڵاتی بەدەست نەهێنا

**ئا: بەدرخان**

لە پەراوێزی سێزدەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا، ڕۆژ هەڵەبجەیی وەکو شاعیرێک بە قەسیدەیەک لەو فێستیڤاڵە بەشداری کرد، کەچی جیا لە جاران ڕۆژ لەو فێستیڤاڵە هیچ خەڵاتێکی بەدەست نەهێنا.

لە وەڵامی پرسیارێکی بەدرخان دەربارەی بەشداری خۆی لەو فێستیڤاڵانە ڕۆژ گوتی: من ئەمساڵ نەمدەویست بەشداری فێستیڤاڵ بکەم، پاریش بەشداریم نەکرد، هەمیشە دوو ساڵ جارێک بەشداریم کردووە، بەڵام خۆشبەختانە لە هەموو ئەو ساڵانە خەڵاتم هەبووە، ئیتر یەکەم یا دووەم یا سێیەم بووبم، گرنگ خەڵاتی خۆمم بردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەمساڵ نەمویست بەشداری بکەم، چونکە ٦ مانگ بوو من قەسیدەم نەنووسیبوو، بەهۆی ئەوەی تۆزێک لە ئینتەرنێت نزیک بوومەتەوە و ئینتەرنێت منی کوشتووە، ئەمەوێ ئیتر لە ئینتەرنێت دوور کەومەوە، بەهۆی ئەوەی کە ماڵپەڕەکان دەکەمەوە و سەیری دەکەم کاتم زۆر دەبا، دەڵێم باوکە گیان چەند لەسەر ئینتەرنێت بووم، حەیف نییە من ئەو هەموو کاتەم بە ئینتەرنێت کوشت، ئەی بۆ کتێبێکم نەخوێندەوە، یانی ئینتەرنێت وایلێکردم کەمێک لە شیعر دووری خستمەوە، بەڵام دوای ئەوەی گوتیان فێستیڤاڵی گەلاوێژ ماوەی ماوە و تا ١٠/١٠ بەرهەم وەردەگرێ، من تا کۆتایی مانگی "٩"ش هیچم نەنووسیبوو، بەڵام ئەو موعاناتەی هاتە ڕێم و لەڕێگای تەلەفۆنێکەوە پێم گەیشت، پیاوێک دەیەوێ بە قسەیەک من بکوژێنێتەوە، پیاوێک وەکو جەستەیەک سەیری ڕۆژ هەڵەبجەیی دەکا.

لە بەشەکانی دیکەی دیدارەکەدا ڕۆژ هەڵەبجەیی باس لە چەندین تەوەری گرنگ دەکا، هەر لە ژیانی خۆی و مەسەلەی ماچکردنی ڕۆژ لای پیاوان و ڕەخنەو بەرهەمەکانی و تا ئێستاش ڕۆژ هەڵەبجەیی خاوەنی ٥ ناملکەی بڵاوکراوەیەو ٨ خەڵات و مەدالیای ئاڵتونیشی بەدەست هێناوە.

لە ژمارەکانی داهاتووی بەدرخان دیدارێک لەگەڵ ڕۆژ هەڵەبجەیی بخوێننەوە.


ڕۆژ هەڵەبجەیی

# بازاڕەکانی هەولێر و پێشوازی خەڵک

## راپۆرتێکی مەیدانییە لەسەر بازاڕ و سوپەر مارکێتەکانی هەولێر




**ئا: فردۆس ئیبراهیم هەمزە**

بازاڕ بەو شوێنە گشتییانە دەگوترێ، کە خەڵکی سەردانی دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو کەلوپەلانەی کە لە ژیانی ئاسایی و رۆژانەی خۆیاندا پێویستیان پێیە، بێگومان لە شاری هەولێر هەر لە کۆنەوە بازاڕ بوونی هەبووە و بە گەورەبوونی قەبارەی شار و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ژمارەی بازاڕەکان روو لە زیادی دەکا.

**مێژووی بازاڕ لە هەولێر**

ئەگەر بمانەوێ باس لە مێژووی بازاڕەکانی شاری هەولێر بکەین، ئەوا پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و قووڵی مێژوویی و ئەکادیمی دەبێ، کە بێگومان ناکرێ لە راپۆرتێکی ئاوادا بە قووڵی باسی بکەین، هەر ئەوە نەبێ کە دەکرێ ئاماژە بە ناوی خدر قەساب بکەین، کە ئەو یەکەم کەس بووە لە بازاڕی کورانی ئێستای شاری هەولێر دوکانی داناوە و لەوێوە بازاڕی کوران گەشەی کردووە و ئاوەدان کراوەتەوە. بە هەمان شێوەش بازاڕەکانی دیکەی شاری هەولێر بەو شێوەیە ئاوەدان کراونەتەوە و گەیشتوونەتە ئەوڕۆژەی کە ئەمڕۆ تێیدان.

**بازاڕە گەورەکانی هەولێر**

کە باس لە بازاڕ دەکەین لە هەولێر، ناکرێ باس لە بازاڕی "گەورەی هەولێر، خانەقا، قەیسەری گەورە، تەیراوە، کوران، بازاڕی باتا، بازاڕی لەنگە، بازاڕی دەلاڵخانە. هتد" نەکەین، کە ئەوانە لە کۆنەوە و لەهەر سەردەمێکدا ئەو بازاڕانە باو بوونەو خەڵکی بۆ پێداویستییەکانی ژیانیان سەردانیان کردووە. گومانیش لەوەدا نییە کە هەریەک لەو بازاڕانە تایبەتمەندی خۆی هەیە و جۆرە کەلوپەلێکی تایبەتی لێ دەفرۆشرێ، بۆ نموونە بازاڕی لەنگە زیاتر کەلوپەلی باڵەو شتی کۆنەو دەستی دووەمی لێ دەفرۆشرێ، بازاڕی دەلاڵخانەش زیاتر کەلوپەلی کارەبایی و شتومەکی تۆمارگاو کەلوپەلی هەرزانی لێ دەفرۆشرێ، کە ئێستا ئەو بازاڕە نەماوە، هەریەک لە بازاڕەکانی دیکەش تایبەتمەندن بە جۆرە کەلوپەلێکی دیاریکراو.

**سەرهەڵدانی سوپەر مارکێت لە هەولێر**

لەو چەند ساڵەی دواییدا لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و گەشەسەندنی ژیانی ئابووری لە کوردستان بە گشتی و هەولێر بە تایبەتی دەبینین کە چەندین سوپەرمارکێت کرانەوە و بە شێوەیەکی بەرفراوانیش خەڵکی سەردانی ئەو سوپەر مارکێتانە دەکەن، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لە شاری هەولێر چەندین "مۆڵ"ی گەورە کراونەتەوە، کە ئەو مۆڵانە لە بچووکترین کەلوپەل و پێداویستی تا گەورەترین و گرنگترین پێداویستی تێدا دەستدەکەوێ، نموونەی ئەو مۆڵانە "نازە مۆڵ، رایان مۆڵ، هەولێر مۆڵ، نیو ستی، بارز رۆز، ئایا، تودەی، کۆک... هتد".

**سوپەر مارکێتی تایبەتمەند "پرۆفیشناڵ"**

دوابەدوای ئەوەی ئەو سوپەر مارکێتانە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە زیادبووندابوو، دەبینین و بۆمان دەردەکەوێ، کە دوای کردنەوەی ئەو سوپەر مارکێتانە چەندین سوپەرمارکێتی تایبەتمەندکرانەوە، بۆ نموونە سوپەر مارکێتی تایبەت بە کەلوپەلی منداڵان، سوپەر مارکێتی تایبەتمەند بە کەلوپەلی ئافرەتان...هتد" کە ئەو جۆرە سوپەر مارکێتانە خەڵکی خۆیان هەیەو زیاتر بۆ شتی تایبەت سەردانیان دەکەن، لەبەرئەوەی لە مۆڵ یا سوپەر مارکێتێکی گەورە تۆزێک ناخۆشە ئەو جۆرە شتانە بدۆزرێنەوە، وەلێ لە سوپەر مارکێتە تایبەتەکان بەو جۆرە نییە.

**نرخی سوپەر مارکێتەکانی پێشوو و ئێستا**

جاران لەناو خەڵکی واباو بوو کە لە سوپەرمارکێتەکان نرخی شتومەک گرانە و هەموو کەسێک ناتوانێ سەردانی بکا بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی، لە راستیشدا ئەو قسەیە راست بوو، لەبەرئەوەی سوپەرمارکێتەکان نرخی کەلوپەلەکانیان گران بوو، بە جۆرێک لە جۆرەکان شتەکانیان قۆرخ کردووە، بەڵام دوابەدوای نەمانی بازاڕی دەلاڵخانە بەشێک لە دوکاندارەکانی ئەو بازاڕە لە شوێنە جیا جیاکانی شاری هەولێر چەند سوپەرمارکێتێک کرانەوە بەناوی "بازاڕی هەرزان، هەرزان بازاڕ، ١٠٠٠ی و ٢٠٠٠ی، بازاڕی خۆشناوی ١٠٠٠ و ٢٠٠٠ی، سوپە سەحەر، هەرزان بۆ تۆ.... هتد" کە ئەو بازاڕانە لە لایەن خەڵکی پێشوازییەکی باشی لێکراو بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر کاری کردە سەر جۆری فرۆشی لە بازاڕە گەورەکان، ئەوەتا یەک لە خاوەن دوکانەکانی بازاڕی گەورەی شێخەڵڵا دەڵێ: "کردنەوەی ئەو بازاڕانە بەناوی هەرزانەوە کاریگەری زۆری کردۆتە سەر فرۆشی کەلوپەل لای ئێمە...".

هەروەها هاوڵاتییەکیش دەربارەی ئەو بازاڕانە دەڵێ: بەڕاستی نرخی کەلوپەل لەو بازاڕانە گونجاوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەو بازاڕانە چەند شتێکی بچووک و لابەلای تێدا دەست دەکەوێ، کە لە هەموو شوێنەکان دەست ناکەوێ...".

بە شێوەیەکی گشتی کردنەوەی ئەو بازاڕانە لە رووە ئابوورییەکەی کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی هاووڵاتیان هەیەو سوودیشی هەیە بۆ ئەو خاوەن دوکانانە، لە لایەکی دیکەشەوە هەندێ جار قسەی ئەوە هەیە کە لەرێگای ئەو بازاڕانەوە کەلوپەلی خراپ و کۆنە ساغدەکرێتەوە و باش دەفرۆشرێ.

**زۆربوونی ئەو بازاڕانە**

وەکو لە هەموو کوردستان باوە، هەر ئەوەندە خەڵک رووی لە شتێک کرد، ئەوجا ئیتر ئەو شتە زۆر دەبێ و وەکو دەڵێن لە تام دەچێتە دەرەوە، بۆیەش لە رووە ئابوورییەکەی کاریگەری دەخاتە سەر بازاڕ و فرۆشی شتەکان، بۆ نموونە لە سەرەتادا کە ئەو بازاڕانە کرانەوە ژمارەیان لە نێوان ٣ بۆ ٥ بازاڕ دەبوو، کەچی ئێستا ئەو بازاڕانە ژمارەیان ئەوەندە زۆر بووە، کە لە ژمارە نایەن.

لە کۆتاییدا بەباشی دەزانم زیاتر گرنگی بەم بازاڕانە بدەن کەکاڵاکانیان هەرزانە، ئەویش لەبەر ئەم دوو هۆیە:

١- کردنەوەی ئەو بازاڕانە کاریگەری زۆری دروست کردووە، لە سەر ئەو بازاڕانەی کە لە شوێنی قەرەباڵغ دان.

٢- لەڕووی ئابوورییەوە کردنەوەی ئەو بازاڕانە کاریگەری دەکاتە سەر ئابووری خەڵک.

قەقنەس



**مەهدی ئەبوبەکر**

### خوا ڕەزای لەسەرە یان نا؟

کاتێک ڕووداوێک روو دەدات و کەسێکی تێدا دەبێتە قوربانی، کەسوکاری قوربانییەکە بەوە سەبووری خۆیان دەدەنەوە، کە ڕووداوەکە قەزاو قەدەرە و ڕەزای خوای لەسەر بووە.

ئامەننا قەزا و قەدەر راستە، بەڵام بڕوا ناکەم خوا هەرگیز ڕەزای لەسەر ئەوە بێت، کەسێک خۆی تووشی تالوکە بکات و ڕووداوێک بەسەر خۆیدا بهێنێت کە ئەنجامەکەی بە مەرگی حەتمی کۆتایی پێبێت.

بەداخەوە، ئێمە رۆژانە دەیانجار نەک هەر چارەنووسیی خۆمان، بەڵکو چارەنوسیی وڵاتەکەش دەخەینە بەر تالووکە و مەترسییەوە و دەڵێین؛ ئەوەی لەچارەمان نووسرابێت هەر ئەوەیە.

لەوانەیە بپرسن؛ لە چیدا چارەنووسیی وڵاتمان خستۆتە مەترسییەوە و داومانەتە دەست قەزاو قەدەر؟ لە راستیدا ئەگەر وڵاتێک کارەکانی بە دامەزراوەیی بەڕێوە نەچوو، هەر کەس بۆ خۆی بوو، ئەوا بە دڵنیاییەوە، چارەنووسیی خۆی داوەتە دەست قەزاو قەدەر، وەک پوشی دەم با، خۆی تەسلیم کردووە بۆ کوێی دەفڕێنێ ڕازییە.

ئەم هەرێمەی ئێمە، ئێستا وەک ئەو پوشی دەم بایەی لێهاتووە، نازانین، چارەنووسمان چییە؟ لەناو دەریایەکی تووشدا دەگیرسێینەوە یان لەسەر لووتکە چیایەک یاخود لە مێرگوزارێکی پڕ لە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگدا؟

ئەوە خەڵکە ئاساییەکە نین کە وڵاتیان خستۆتە تالوکەوە، بەڵکو مەسئولە چاوگەشەکانن کە رۆژانە و شەوانە، دێنە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان، بە بۆینباخ و قاتی کەشخەوە بە دەنگی دلێر دەڵێن؛ گەندەڵییەکی زۆر لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا هەیە! بەڵێنی ئەوە دەدەن بەدواداچوونی بۆ بکەن. هەندێک رۆژنامەنووسیی خۆشباوەڕیش دڵ بەو قسانە خۆش دەکەن و وتاری لەسەر دەنووسن و راپۆرتی دوورودرێژی لەسەر دەکەن، بێ ئەوەی بپرسن ئایا ئەو گەندەڵیانەی کاکی مەسئول باسی دەکات، کێ ئەنجامیان دەدات؟ ئایا گەندەڵکارەکان هەر هەڤاڵەکانی خۆی نین؟ بۆچی لێیان ناپرسێتەوە و دەست و پێیان کۆت و بەند ناکات؟

تالووکە و مەترسیی کورد، تەنها گەندەڵی نییە، بەڵکو هێندە زۆرە کە نەک وتارێکی ئاوا کورت، بەڵکو دەیان بەرگی لێکۆڵینەوە و کتێب بەشی ناکات، چونکە هەموو بوارەکانی کوردەواری لە چەندین جێگەوە، جومگەکەی دەرچووە و لە جێ چووە. تەنانەت بەندە گەیشتومەتە بڕوایەک نەک هەر جومگەکانمان، بەڵکو عەقڵ و مێشکیشمان لە جێ چووە. کاتێکیش عەقڵ لەجێ چوو، ئیتر توانای ئەوەی نامێنێت، جومگە دەرچووەکانی تر بۆ شوێنی خۆی بگێڕێتەوە. بەڵکو خۆی پێویستی بە بەیتاڵێک دەبێت تا بیخاتەوە جێگەی خۆی.

بەڵێ، ئێمە چارەنووسیی سیاسەت و حکومەتداریمان، ئابووریمان، باری کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریمان، تەنانەت ژیانیشمان خستۆتە تالووکەوە و بەدەست قەدەرەوەیە.

هەقایەتی پووشی دەم بایەکەین. پێناچێت بەم عەقڵە لە جێ چووەوە، بەو ڕەفتارە شێتانانەی خۆمانەوە، کە ڕەحم بەخۆمان ناکەین، بایەکە ڕەحممان پێبکات و لە مێرگوزارەکەدا لەنگەرمان پێبگرێت، بۆیە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین لەناو دەریا سەرشێتەکەدا، بێ پڕ و بێ گەمی بگیرسێینەوە. گیرسانەوەی لەو شێوەیەش مەرگی حەتمی بەدواوەیە. یاخوا من هەڵە بم و خوا ڕەزای لەسەر نەبێت!

## کەوەکانمان بەرەو کوێ؟!

**کازم عومەر دەباغ**

لەهەموو شوێنێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە پان و بەرینە بازاڕی تایبەت هەیە، کڕین و فرۆشتنی باڵندەکانی بەهەموو جۆرو شێوەکانی لێدەکرێت.

کەسانێکی زۆریش هەنە خولیای باڵندەکانن، سەردانی ئەم جۆرە بازاڕانە دەکەن، بەتایبەتی رۆژانی پشووی فەرمی .

لەشاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی هەموو شارەکانی دیکەی جیهان بازاڕێکی تایبەت بە باڵندەکان هەیە (پێی دەگوترێت مەیدانی مریشکان).

جاران ئەم بازاڕە لە نزیک گەڕەکی (خانەقا) بوو لە ناو شاری هەولێر، بەڵام ئەمڕۆ لەبەر قەرەباڵغی و جەنجاڵی و پاراستنی پاک و خاوێنی ئەم بازاڕە گواستراوەتەوە پشت پردی سەیداوە .

لەم شوێنە هەر باڵندەیەکت مەبەست بێت دەبینرێت، ئەمەی جێگای سەرنجە ڕۆژی هەینی (٢٠٠٩/١٠/١٦) سەر لە بەیانی سەردانی ئەم بازاڕەمکرد، لەناو قەرەباڵغی سەدەها کەسی ئەم بازاڕە چەندین (عەرەبی کراس شۆڕی عەگال لەسەرم) دیت . قەفەسی تێل بەندیان پێبوو، خەریکی کەو کڕین بوون، بۆ ئەوەی ئەم کەوانە بگوازنەوە بۆ خوارووی عێراق.

هەڵوەستەیەکم کردو هەستم ڕاگرت وادیار بوو بە کەو فرۆشەکەیان دەگوت (نێرو مێ) بن، بۆ ئەوەی زاوزێ بکەن.

کاتێ ئەم دیمەنەم دیت تەزووەک بە مێشکمدا هات و ڕۆژانی سەختی ڕاگواستنی جەماوەرە ستەمدیدەکەی کوردستانم هاتەوە یاد، لە ساڵانی حەفتا و هەشتای کۆتایی سەدەی بیستەم. کە چۆن لە شوێنی باوک و باپیرانمان بە زۆرەملێ ڕایان دەگواستین و شوێنەکانیان بەعەرەب دەکردین.

واپێدەچێت ئەمڕۆ بیانەوێت کەوەکانمان ڕابگوازن، لە شاخ و ئاوی سازگاری کانیاوەکان دووریان بخەنەوە، دەنگی قاسپە



قاسپی پڕ ئاوازیان کپ بکەن و بە دەردی ئێمەیان ببەن، بەڵام خەیاڵیان

خاوە کەو کە قاسپە قاسپی دیت لە خۆشی شاخی سەرکەش و ئاوی سازگارو کوردستانی ڕەنگینە !

## سوپاس و پێزانین

لە بنەماڵەی مەلا هەمزەی کۆچکردووەوە بۆ هەموو خەڵکی کوردستانی بەڕێز...

بە ئەرکی سەر شانمانی دەزانین کەوا خۆشحاڵی خۆمان بەرامبەر بە ماندووبوونی هەموو ئەو بەڕێزانە دەرببڕین کە لە زاخۆی ئازیزەوە تا خانەقینی پڕ شکۆمەندی بەشداربوون لە پرسەو بەخاکسپاردنی ئەو ئازیزەی ئێمەو خۆتان کە لە دەستدانی کۆستێکی گەورە بوو بۆ ئێمەو ئەوانەی لە دوور و نزیکەوە دەیانناسی و ناوبانگیان بیستبوو.

بە پێویستی دەزانین سوپاسی بەڕێزان لە لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لیژنەی محەلی حزبی شیوعی کوردستان و بەڕێزان لە سەرکردایەتی و مەڵبەندی هەولێری کۆمەڵی ئیسلامی، بەڕێزان کۆمیتەی هەولێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، سوپاسی هەموو ئەو کەسایاتییانەش دەکەین کە لە سەرکردایەتی حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان بەشداری پرسەکەیان کرد، سوپاسی هەموو ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین بەتایبەتی کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و تەلەفزیۆنی ئازادی و ڕادیۆی ئاشتی و ڕۆژنامەی خەبات و ڕێگای کوردستان و دەزگای بەدرخان و ئاشتینامە و هەموو ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی بەشدارییان کرد لە پرسەکەدا و ئەوانەی کە خۆیان ماندووکرد لە پرسە و بەخاکسپاردنی.

ئیتر هەرچی بڵێم دەرهەق بە ماندووبوون و خەمخۆریتان ناتوانم گوزارشتێکی لەناخەوە بەرامبەر بە ئێوەی دڵسۆز و خۆشەویست بکەم.

**جەبار مەلا هەمزە**

**بەناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو**

**٢٠٠٩/١١/٢٠**

## ئازاد عەبدولواحید (سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان):

# بەهۆی خوێندنەوەوە دەمویست غەم و تەنیایی خۆم لەناو کتێبەکاندا

**گۆڤاری رامان ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە بەشێوەیەکی بەردەوام و بێ پچڕان لەکات و ساتی خۆیدا دەردەچێ، سەرنووسەرو داینەمۆکەی "ئازاد عەبدولواحید"ە، کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە خوێندنەوەو نووسین و رۆشنبیری کوردی بۆتە خەمێکی قووڵ و بارێکی قورس وەئەستۆیەوە. لە ناوەندی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی کەسێکی ئەکتیڤ و چالاکەو جێ پەنجەی وەکو نووسەرو رەخنەگرو رۆژنامەنووس و وەرگێڕ دیارو بەرچاوە.**

**لە بەدرخان بە پێویستمان زانی بیروبۆچوون و تێڕوانینی سەبارەت بە دنیای خوێندنەوەو نەمانی ئەو قودسییەتەو کاریگەر نەبوون و نەگۆڕانی خوێنەرو نووسەرانی کورد، هەروەها تێکەڵاوبوون بە سیاسەت و خزانی ئەم توێژە بەلای کورسی و حزب و ... لە چەند لایەن و بوارێکی دیکەش ئەم گفتوگۆو دیدارەی لەگەڵدا سازبکەین.**

**سازدانی: ئاوڕەحمان مەعروف**

*** کەی بوو یەکەم جار ئاشنایەتیتان لەگەڵ کتێبی دەرەوەی خوێندنی قوتابخانەدا پەیدا کرد؟ ئایا هەلومەرجی ژیانتان لەبار بوو بۆ خوێندنەوە و خۆ تەرخان کردن بۆی؟**

- خوێندنەوە بۆ خۆی زیهنێکی گورجوگۆڵ و ژیانێکی سەقامگیر و ئارامی دەوێ، خوێندنەوە ئۆقرەیی و ئارامی دەروونیی پێویستە، نیگەرانی و بارودۆخی ناجێگیر، شڵەژانی دەروونی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش هەل و دەرفەتێکی گونجاو نییە بۆ خوێندنەوە و کاریگەریی نەرێنی و خراپی بۆ ڕووکردنە دنیای خوێندنەوەوە هەیە. بێجگە لەوە گیرسانەوە لە شوێنێک و جێگیربوون لە جێگەیەکدا، ئارامی و ئۆقرەیی دەروونی و زیهنی پتری لێ دەکەوێتەوە. ئێمە لەبەر کرێچێتی لە منداڵی و مێردمنداڵی و هەرزەکاری و ساڵەکانی دواتریشدا هەمیشە وەک قەرەج ژیاوین، هەر ڕۆژەی لە شارێک و گەڕەکێک و شوێنێک بووین، لەم شار بۆ ئەو شار، لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان دەمانگوێزرایەوە، ئەوە حاڵ و پیشەی ئێمە بوو، من لەو شوێنانەدا ژیانم گوزەراندووە: (هەولێر، ڕەواندز، حەبانییە، هەولێر، کۆیە، بەغدا، هەولێر، بەغدا، سلێمانی، هەولێر، شەقڵاوە، مەسیف، هەولێر) ئەم جێگۆڕکێ کردنە لە ڕووی دەروونی و پەروەردەییەوە مرۆڤ تووشی پەرتوبڵاوی و پەرتەوازەیی دەکات و تەرکیزی کەم دەکاتەوە، هەرچەندە سیفەتێکی باشیشی بۆ من تێدا بوو، کە منی وەک کوردستانییەک لێکرد و بە بەشێکی زۆر لە شار و ناوچەکانی کوردستانی ئاشنا کردم.

ئێمە کە ساڵی ١٩٦٢ و لە تەمەنی چوار ساڵیمدا کەوتینە بەغدا تا ساڵی ١٩٧٠ دووجار هاتینەوە هەولێر و چووینەوە ئەوێ، ئەگەر ساڵی ١٩٧٠ دوای ڕێکەوتننامەی ئادار بە یەکجاری نەگەڕابینەوە شاری هەولێر، ئەوە قەت فێری کوردی نووسین و خوێندنەوە نەدەبووم و بە ئاراستەی کوردێنیدا نەدەشکاینەوە، بۆیە کە لەو ساڵەدا هاتینەوە شاری هەولێر، ئەوکاتە بەپێی ڕێکەوتننامەی شۆڕشی کورد و حکوومەتی بەغدا خوێندن کرابووە کوردی، من ساڵی یەکەم کە لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم، بەلامەوە ساڵێکی زۆر قورس بوو و سەخت بۆ من گوزەرا، چونکە کاتێک کەوتم بەسەر خوێندنی کوردیدا، تەنانەت ئەلف و بێی کوردیشم نەدەزانی، بەڵام هەر ئەو ساڵە بڕیارم دا گۆشەگیر بم تا بە تەواوەتی زمانی کوردی فێر دەبم، بەهۆی ئەوەی تازە گەڕابووینەوە شاری هەولێر و لەو سەرەتایەدا هێشتا هاوڕێ و برادەری زۆرم نەبوو، خووم دایە خوێندنەوە و فێربوونی زمانی کوردی، لەو ساڵەش بە دواوە گۆڤار و ڕۆژنامەی زۆر بە زمانی کوردی دەردەچوون، بێجگە لە وانەکانی خۆم کە بە کوردی بوون و بۆیان دەکردینە کوردی و بە مەلزەمە دەیاندایێ، هەوڵم دەدا لە ڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری وەک "هاوکاری" و "برایەتی" و "بەیان" و زۆر بڵاوکراوە و چاپەمەنی کوردییەوە، کوردییەکەی خۆم بەهێز بکەم، تا وانەکان بە باشی تێبگەم و بۆ نووسینی (ئینشا)یەکی باش بە زمانی کوردی دانەمێنم و بۆ وەڵامدانەوەی خۆم لە تاقیکردنەوەکاندا بتوانم بە باشی زانیارییەکانم بگەیەنم. لێرەوە من تووشی ئەو تایە بووم و ئاشنایەتیم لەگەڵ زمانی کوردی و خوێندنەوەی کتێب و چاپەمەنی کوردیدا پەیدا کرد و لە پاڵ خوێندنەوە بە زمانی عەرەبی کە پێشتر لە بەغدا و لە کاتی خوێندنەکەم فێری ببووم، من بەردەوام بووم. لەلایەک دەمویست غەم و تەنیایی خۆم لەناو کتێبەکاندا بنێژم، لەلایەکی دیکەشەوە پەرۆشیم بۆ خوێندنەکەم وایان لێکردم ڕوو بکەمە کوردی خوێندنەوە، تەنانەت لەو چەند ساڵەدا هەندێ لە چاپکراوەکانی ئەوکاتەی منداڵانیشم دەکڕی و دەمخوێندنەوە، لەوانە (پیاوە بچکۆلەکە)ی فەرەیدوون عەلی ئەمین و کتێبێکی وەرگێڕدراوی منداڵانم پەیدا کرد کە لە تورکییەوە مامۆستا (شوکور مستەفا) کردبووی بە کوردی، ئەوانەم لەبیر ماون. هەر لە ساڵانی نێوان ١٩٧٠-١٩٧٤ لە یەکێتی قوتابیان و لاواندا بوومە ئەندام و کەوتمە کارکردن لەوێ بەشی ڕۆشنبیری و هونەری هەبوو، تا ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردەوە لەو بەشەدا خەریکی پەرەپێدانی بەهرەی هونەریی خۆم بووم، بیرمە ئەوکاتە (صوبحی کۆیی و سەلام کۆیی و جەلال بەیار و عوسمان ڕەحمان لەوێ بوون، کە ئێستا بە (حەسکۆ) بەناوبانگە.

*** ئەو کاتانەی ئێوە لاو بوون بەرنامەی خوێندنەوەی ئێوە چۆن بوو؟**

- دوای فێربوونی زمانی کوردی و زیاتر هۆگر بوونمان بە خوێندنەوە، بە تایبەتی لەپاش ئەوەی نەختێک هەراش بووم، خوێندنەوەی ئێمە لەو کاتەدا بە بەرنامە بوو، ڕاستە باری داراییمان بۆ کڕینی کتێب بە بەردەوامی باش نەبوو، بەڵام کتێبمان لە کتێبخانە و لە یەکتر دەخواستەوە و لەناو خۆماندا ئاڵوگۆڕمان پێدەکرد، لە هەولێر کتێبخانەی گشتی لە حەفتایەکان کەوتبووە ئەوبەری ناوەندیی سەڵاحەدینەوە، بەرانبەر چایخانەی (بایز) بوو، کە ئەوسا نازم ئاغای یەعقووبی بەڕێوەبەری ئەو کتێبخانەیە بوو، (مەلا شەریف)یش کە بە مەلای عرووس بەناوبانگ بوو لەوێ بوو، مەلا شەریف لەوێ فەرمانبەر بوو کە



هەولێر ١٩٧٥

کاری جزووبەندکردنی کتێبی لە ئەستۆ بوو، لە کارەکەیدا زۆر دەستڕەنگین و کارامە بوو، مەلایانە کارەکەی دەزانی و جزووبەندی دەکرد. زۆرجار لەو کتێبخانەیەدا کتێبمان وەردەگرت و دەخوێندەوە، ئاشنابوونیشمان بەو کتێبخانەیە لەبەر ئەوە بوو کە قوتابخانەی ناوەندیی سەڵاحەددین کە من لەوێ دەمخوێند سەرووی چایخانەی (بایز)ەوە بوو، کە دەکەوتە شوێنی ئێستاکەی ئەنجوومەنی وەزیران، واتە کتێبخانەکە سەر ڕێی هاتوچۆی قوتابخانەی من بوو، بەڵام زۆری پێنەچوو لە پاش دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ ئەو ناوە داوودەزگای ئەمنیی بەعسییەکانی لێ دانرا، ئیدی کتێبخانەکە مرد، ئاموشۆکارانی زۆر کەم بوویەوە، دواتر دەستی بەسەردا گیراو لە بەرانبەر وەزارەتی تەندروستی ئێستا بینایەکی نوێی بۆ دروست کرا، لەو تەمەنەی مندا بەهۆی زانینی زمانی عەرەبی زۆرتر هۆگری خوێندنەوەی ڕۆمان بووم، سەرەتا زیاتر بەلای ڕۆماننووسە عەرەبەکاندا دەڕۆیشتم، لەوانەش (نەجیب مەحفووز) و (عیزەت ئەلعەلایلی) و (ئیحسان عەبدولقدووس) و کارەکانی (تۆفیق ئەلحکیم) و (ئەنیس مەنسوور)، بەڵام لەپێش ئەوەشەوە من زۆر بە خوێندنەوەی کارەکانی (جوبران خەلیل جوبران) شاگەشکە دەبووم، هەروەها بە خوێندنەوەی (النظرات) و (العبرات)ی مصطفى لطفى المنفلوطى و نووسینەکانی (ئەحمەد حەسەن ئەلزەیات) و (مستەفا ئەمین ئەلعالم) و (تەها حوسێن) و (سەلامە مووسا) و (ئەلمازنی) و (عەقاد) خەریک بووم، دواتر چوومە سەر خوێندنەوەی ڕۆمانە بەناوبانگەکانی جیهان و نووسەرە گەورەکانی جیهانم ناسی و بە زمانی عەرەبی دەمخوێندنەوە، لەوەشدا زۆر بە هێمنی و بە بەرنامە کار و بەرهەمەکانی ئەم ڕۆماننووسانەم دەخوێندنەوە، سەرەتا هەوڵم دا ئەو ڕۆمانانەی نۆبڵیان پێدراوە، یان خەڵاتی جیهانییان وەرگرتووە بخوێنمەوە. هەر ڕۆماننووسێک لەوانە چ بەرهەمێکی کرابووە عەرەبی سەرەتا کۆم دەکردنەوە و دەکەوتمە پەیداکردنیان و پاشان خوێندنەوەیان، دواتر هەوڵم دەدا چی لە بارەیانەوە نووسراوە لە بابەتی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە پەیدایان بکەم و گەرما و گەرم بیانخوێنمەوە، تا بیرورای ڕەخنەیی نووسەران و باسکار و ڕەخنەگرانی لەبارەوە بزانم، ئینجا لەگەڵ برادەرانی ئەوکاتەمدا دەکەوتینە پیلە و لێدوان و لە بارەی ئەو ڕۆمانانەوە قسەمان دەکرد.

*** وا دیارە خوێنەرێکی باشی ڕۆمانن، ئەی بۆچی تا ئێستا لە بارەی ڕۆمانەوە هیچتان نەنووسیوە؟**

- هەرچەندە من ئەوسا و ئێستا زۆر هۆگری خوێندنەوەی ڕۆمان و کورتە چیرۆک و شانۆنامەم، بەڵام مەبەستم نەبووە لە نووسیندا زۆر پەل بهاوێم، ئەگەرچی یەکەم نووسینم پێش (٣٥) ساڵ لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا لە بارەی (گراهام گرین)ی ڕۆماننووسەوە بوو، دووەم نووسینیشم لە بارەی (چیخەف)ەوە هەر لە هەمان ساڵ و ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دواتر زۆر خووم دایە نووسین لە بارەی قۆناغەکانی شیعری کوردی و زۆر کەم بەلای ڕۆمان و چیرۆکدا ڕۆیشتم.

*** بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان هیچ سرووتێکی تایبەتیتان هەیە؟**

- بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان زیاتر حەز بە کاغەزی زەردباو و بۆر دەکەم، ئەو کاغەزەی ڕۆژنامەی پێ چاپ دەکرێت و پێی دەوترێ (میکانیکل)، خوێندنەوەی ڕۆمانی چاپکراو لەسەر کاغەزی سپی زۆر عەزیەتی چاو دەدات، بەڵام خوێندنەوەیان ناعیلاجییە.

*** پێتان وایە خوێندنەوەی بە بەرنامە باشە، یان هەڵبژاردنی خوێندنەوەی جۆراوجۆری پەرشوبڵاو؟**

- حەتمەن خوێندنەوەی بە بەرنامە چاکتر و سوودبەخشترە، ڕاستە ئێمە ناو بەناو، یان لە هەندێک قۆناغی تەمەنماندا بە بەرنامە خوێندوومانەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە سەردەمی ئێمەشدا کە تامەزرۆ و فزووڵی بووین بۆ "زانین" و بە دەستهێنانی زانیاری، لەبەر ئەوە خەریکی خوێندنەوەی هەموو شتێک بووین و لەسەر تەنیا بابەتێک نەدەگیرساینەوە، من وەک پێشتر باسم کرد لە قۆناغەکانی سەرەتادا ماوەیەک تەرکیزم لەسەر خوێندنەوەی ڕۆمان کرد، یان لە سەردەمێکدا من دوو ساڵ بەشێوەیەکی بەردەوام و سەرەکی ڕووم کردە خوێندنەوە و بەدواداچوونی بابەتی شێوەکاری، ئەوە ئەوکاتە بوو کە ویستم لەسەر پۆستەرە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس بنووسم، یان کە دەمبینی هونەری گرافیک لەلای ئێمەدا لای لێ نەکراوەتەوە و بینەری کارە گرافیکییەکان، جیاوازی لەنێوان تابلۆیەکی ئاوی، یان زەیتی، یان گرافیک ناکەن، ناچاربووم بەکوردی لە بارەی ئەو هونەرە بنووسم و وەریگێڕم و باسی چۆنیەتی ئیش کردن لەکاری گرافیکیدا بکەم.

*** لە هەولێر کتێبخانەکان ناویان چ بوو کە چاپەمەنی و کتێبیان دەفرۆشت و ئێوە ئەو چاپەمەنیانەتان لێیان دەکڕی؟**

-لە هەولێر پێش ئەوەی هەر کتێبخانەیەک بناسم و کتێبی لێ بکڕم، من چاپخانەکەی مامۆستا گیوی موکریانی-م ناسی، مامۆستا گیوی لەو شوێنەی ئێستا کە پێی دەڵێن شەقامی (مظفرية) و لە شوێنەکەی دیواربەندی بۆ کراوە چاپخانەی هەبوو، من بە منداڵی کە بەئیشێک لە تەیراوەوە دەیانناردمە ناو بازاڕ زۆرجار بەرانبەر بە جامخانەی چاپەمەنییەکانی مام گیوی ڕادەوەستام کە دیوانی شاعیرە کوردەکانی لەناو ئەو جامخانەیە دادەنا، هەروەها چەند فەرهەنگێکی چاپکراوی خۆشی لێ دانابوو، جگە لە تەماشاکردن و وردبوونەوە لەو کتێبانە، ڕیتم و تەپەتەپ و دەنگی چاپخانەکەش زۆر سەرنجی منی ڕاکێشابوو. یەکەم جار لە هەولێر ئێمە چاپەمەنیمان لە کتێبخانەی (خۆشناو) دەکڕی کە دەکەوتە بن قەڵاتێ و خاوەنەکەی (سەلمان خۆشناو) بوو، هەروەها لە تەنیشت کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لە شەقامی باتا عەبدولڕەزاق ڕەواندزی کتێبخانەی (نیشتمان)ی هەبوو، کتێبمان لەوێش دەکڕی، هەروەها کتێبخانەیەکی بچکۆلەی هونەرمەندی شێوەکار (کەریم حەمەد دیار) هەبوو، کە سەرەتا شوێنی تابلۆ دروست کردن بوو، ئەمەیان دەکەوتە بەرانبەر ئۆرزدیباکی ئەوکاتە، دواتر کردییە کتێبخانە، ئنجا کتێبخانەی (خۆماڵی- ئەلتەئمیم)، پاشان کتێبخانەی (هەژار) و (حەیدەری) کاک مومتاز حەیدەری دامەزران و کە چوومە شاری سلێمانی لە سەردانەکانماندا بۆ هەولێر کتێبم لەوانەش دەکڕی.

*** وەک زانیومانە دواتر یەکێک بوون لە وانەی لە مامۆستا گیوی موکریانی زۆر نزیک بوون؟**

-مامۆستاگیوی موکریانی کەسایەتییەکی گرنگی بواری نووسین و فەرهەنگ دانان و ڕۆژنامەوانی شاری هەولێرە و یەکێکە لە ڕەمزە جوانەکانی کولتووری ئەو شارە، کوردێکی تا بڵێی دڵسۆز و خاوێن و بە هەڵوێست بوو، جگە لەوەی چاپخانەکەی ناوی (کوردستان) بوو، ئەو کاتێک ناوی کوردیی لە منداڵەکانی دەنا کەم کەس هەبوون بە لای کورد و کوردایەتیدا بچن، مامۆستا گیو تا سەر ئێسقان کوردپەروەر بوو، وەک دەزانین ماڵی مامۆستا گیو ساڵی ١٩٣٢ دوای داخرانی چاپخانە و گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە ڕەواندز هاتنە شاری هەولێرەوە، سەرەتا لە گەڕەکی عارەبان نیشتەجێ دەبن و پاشان لەسەر شێستی لە تەیراوە خانوو دەکەن و نیشتەجێ دەبن، مامۆستا گیو بەکاری وێنەگری-یەوە خەریک دەبێ، لەولاشەوە یارمەتی کاکی دەدا کە لە هەولێر لەگەڵ شێت مستەفا لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥ خەریکی دەرکردنی گۆڤاری ڕووناکی دەبن. پێش لە دایکبوونی من، ماڵ و منداڵ و خێزانەکەی مامۆستا گیو لەگەڵ ماڵی باپیرم (باوکی دایکم) لە تەیراوە دراوسێ بوون و دایک و پوور و خاڵەکانم لەگەڵ منداڵەکانی مامۆستا گیو زۆر تێکەڵاو بوون، تێکەڵاوییەکەیان بۆ سەردەم و زەمانی گرانییەکەی جەنگی دووەمی جیهان دەگەڕێتەوە، لە بیرمە هەموو جار باپیرم دەیگێڕایەوە و دەیگووت لە ساڵی گرانییەکەدا ئەو ماڵە عیزەتی نەفسیان هێندە بەرز بوو، بۆ ئەوەی کارێکی ناشیاویان لێ نەوەشێتەوە و موحتاجی کەس نەبن و چاویان لە دەستی کەس نەبێ، کە لەو ساڵانەی گرانیدا پارە و پوول بەرانبەر بە کڕینی خۆراک و پێداویستییەکانی ژیان قیمەت و نرخێکی نەمابوو، ئەوان چووبوون دەرگاکانی ماڵی خۆیانیان بزمارڕێژ کردبوو، تا نەیەنە دەرێ و کەسیش نەچێتە لایان و پێویستیان بە کەس نەبێ، پاش چەند ڕۆژ کە پیاوانی گەڕەک بەمە دەزانن و دەچن دەرگاکەیان دەشکێنن، باپیرم دەیگوت گۆلکێکمان هێنا و سەرمان بڕی، پێش هەر شت هەندێ ئاوی چەلاوی ئەو گۆشت گۆلکەمان بۆیان برد. من تا ئەوکاتە نەمدەزانی بۆچی ئەوەیان کردووە، ئەو گوتی ئەوانەی چەند ڕۆژێک نان ناخۆن دەبێ لەپێشەوە (چەلاو- سوپ) بخۆن تا گەدەیان بخووسێ، دواتر گەدەیان خواردن قەبووڵ دەکات، من یەکەم جار ئەو زانیارییەم لەو بیست، پاشان خواردەمەنییان بۆیان بردووە. دواتر (د. فەرهاد عومەر حەوێز) کە پوورزامە و برادەری نزیکی کاک کوردۆی کوڕە گەورەی مامۆستا گیو بوو، لەوەوە و بەهۆی پسپۆڕییەکەی لە بواری (دڵ و هەناو) و لەبەر نەخۆشی مامۆستا گیو کە تووشی نەخۆشی دڵ ببوو، بەردەوام سەرپەرشتیی دەکرد و هەندێ جار ئاگام لێ بوو دەیبردە لای مامۆستا و دکتۆرەکانی سەردەمی قوتابییەتی خۆی لە زانکۆی مووسڵ کە ئەو لە کاتی خۆیدا لەلای ئەوان خوێندبووی و خوێندنی تەواو کردبوو. منیش بەهۆی کڕینی کتێبە چاپکراوەکانی چاپخانەکەی و کڕینی دیوانی شاعیرە کوردەکان لێی، وردە وردە لە تەمەنی (١٤-١٥-١٦) ساڵیدا ئاشنایەتیم لەگەڵ مامۆستا گیودا پەیدا کرد، پاشان کە باشتر منی ناسی و زانی من کێم زۆر لە جاران زیاتر متمانەی پێ کردم و خۆشی ویستم، هەندێ جار لەلای دادەنیشتم و چایەی بۆ بانگ دەکردم، چایخانەی عوسمان حەمەد دەرگەڵەیی، کە هی برای یووسف دەرگەڵەیی نووسەر بوو، لە تەنیشتی بوو، لەوێش نووسەران و شاعیران دادەنیشتن، مامۆستا گیو لە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بە خەتێکی درشتی جوان لە ژوور سەری خۆیەوە نووسیبووی: (بە ئارەوی قسە کردن قەدەغەیە)، ئەمەی لە ساڵانی دوای ١٩٧٥ لە دوکانەکەی خۆی هەڵواسیبوو کە لەو ساڵە بەدواوە کوردستان ڕووبەڕووی شاڵاوی بە عەرەب کردن ببووەوە. جارێکیان کە من لە دوکانەکەی دانیشتبووم عەسکەرێکی عەرەب کە عادەتەن لە ڕۆژانی دووشەممەوان و پێنج شەممەوان لە سەربازگەی هەولێر دادەبارینە ناو شارەوە، دەرگای جامخانەکەی دوکانی مامۆستای لاداو ڕووی تێکرد و پێی گوت: (عمي متطبع بطايق)، واتە (مامە بیتاقە چاپ ناکەن؟)، مامۆستا گیو بە تووڕەبوونەوە تێی خوڕی و بۆی هەڵسایە سەر پێ و بە کوردی پێی گوت بڕۆ ڕامەوەستە. تا لە هەولێر بووم و تا مردن و کۆچی دوایی مامۆستا گیو لە ساڵی ١٩٧٧، چاپخانەکەی ئەو یەکێک بوو لەو شوێنانەی لێی دادەنیشتم، وەک باسیشم کرد ئەو شوێنە گرنگ و پیرۆزە لە منداڵی و مێردمنداڵیی مندا شوێنێکی زۆر جێی سەرنج بوو بۆ من، چونکە ڕایدەگرتم و تەماشای کتێبە چاپکراوەکانی جامخانەکەیم دەکرد، داخەکەم سەرەتا هیچ بیرۆکەیەکم سەبارەت بەو دوکانە و خاوەنەکەی و دەنگە دەنگی ئەو چاپخانەیە و چاپی ئەو کتێبانە، نەبوو کە لەسەر ڕەفەی جامخانەکە ڕیزکرابوون، پاشان کە هەراشتر بووم، بە مەبەست و نیازی کڕینی ئەو کتێبانە ڕووم دەکردە ئەوێ. ئەو ماوەیەی من لەگەڵ مامۆستا گیو ئاشنایەتیم پەیدا کردبوو، زۆرجار قسە و باسی دڵی خۆی بۆ دەکردم و چەند کەڕەتێکیش منی بردە ماڵەوەیان بۆ ئەوەی ڕەشنووسی هەندێ لەکتێبە دەستخەتەکانی خۆیم پێ نیشان بدات، لە ترسی ئەوەی بە قەولی خۆی نەوەک بمرێ و ئەو بەرهەمانەی بەناوی خەڵکی دیکەوە لە چاپ بدرێن و بکرێنە هی ئەوان، چونکە دەیگووت بەشێکی زۆری تەمەن و ژیانی خۆی بۆ نووسین و کۆکردنەوە و پوختەکردن و ڕێکخستنی ئەو کتێبانەی خەرج کردووە، بە تایبەتیش زۆر باسی ئەو فەرهەنگەی خۆی دەکرد کە دابوویە بەغدا و بەهۆی دەستی دەستی پێکردنەوە بۆیان لە چاپ نەدابوو، ئەوە بێجگە لە بەرچاوخستنی ئەو هەموو دەستنووسە گرنگانەی شاعیران و کەسایەتییەکانی دیکە کە لە لای ئەو پارێزرابوون و نامە و دۆکیۆمێنت و دەستنووسی زۆر گرنگیان تێدابوو و لەناو چەند دۆڵابێکی ئاسن و تەختەدا دانرابوون.

*** بێجگە لەو چاپخانەیە کە پێوەندیت پێیەوە هەبووە و لێی دانیشتووی، شوێنی تر هەبوو لەگەڵ برادەرەکانت تێیدا کۆ بووبینەوە؟**

- لە هەولێر بێجگە لەو چاپخانەیە کە مەڵبەندێکی گرنگ و بە تەئسیر بوو بۆ ژیانی ڕووناکبیری شاری هەولێر، چەند شوێنێکی گرنگی دیکە هەبوون کە بەردەوام لەگەڵ برادەرە نووسەر و شاعیر و هونەرمەند و خوێندەوارەکانی شاری هەولێر یەکترمان لەوێندەر دەدیت، لەوانە قاوەخانەی (عەبۆ) کە لە تەنیشت (چێشتخانەی تاجریان)ەوە بوو، ئەو چایخانەیە لە هەموو چەشنە چین و توێژێک و تەمەنێکی تێدا دادەنیشتن، بەشێکی زۆر لە پیر و ئیختیارەکانی شاری هەولێر لەو چایخانەیەدا دامەیان دەکرد، بەشێکی دیکەیان بە دۆمینە و تاوڵییەوە خەریک بوون، چەند گۆشەیەکیشی ئەو کەسانە لێی دادەنیشتن کە لاوی وەک ئێمەومانان بوون، ئێمە لەو قاوەخانەیەدا کە وا ڕێک کەوتبوو تەختەکانی لەسەری دادەنیشتین تەختەی داربوون، شێوەی دانانەکەیان چوارگۆشەیی بوو، واتە تەختەکان بەرانبەر یەکتری دانرابوون، لەو چایەخانەیەدا لەگەڵ برادەران دادەنیشتین و کۆ دەبووینەوە و موناقەشەی ئەدەبیات و ڕۆشنبیریمان دەکرد و هەر لەوێش کتێبمان لەنێوان خۆمان ئاڵوگۆڕ دەکردو یەکترمان دەدیت. لە بەرانبەر چایخانەی مەچکۆی ئێستاکە، کە بە چایخانەی (حەسەن ڕەزا) بەناوبانگ بوو، چایخانەی حاجی مستیل هەبوو، کە ئەو شوێنانە بۆ ئێمە کراوە بوون بۆ دانیشتن و یەکتری بینین. ماوەیەکیش بەوبەری مەچکۆی ئێستاکەوە گازینۆ (شیمال) هەبوو کە لەوێش دادەنیشتین و بە هەمان شێوە قسە و باسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری گەرم بوو و بیروڕامان دەگۆڕییەوە و کتێبمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، هەروەها لەسەرەتای شەقامی (باتا) چایخانەی کۆییان هەبوو، هی کاک قادر حوسێنی پوشکەی کۆیی بوو، پاشان ئەو ڕۆیشتەوە کۆیێ، پیاوێکی سەرسپی ناوی (مەولوودی کەریم ئاغا) بوو چووە جێی ئەو، ئەویش زۆری نەبرد خلیسکاو بە پشتی سەردا کەوت و مرد. چەند جارێک لەنێوان ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ کە تەقە دەستی پێدەکرد، بە دەردی سلێمانییەکان دەڵێن کە (دەقلشایەوە) کاک قادر کۆیی هەر زوو دەرابەکانی چایخانەکەی دادەدایەوە، لە یەکێک لەو دەسرێژ و تەقانەدا خێزانەکەی ژەنیاری چەلۆ (تەلعەت عارف) بە بەرکەوتبوو. ئەو چایخانەیەش بە زۆری کۆییەکانی لێ دادەنیشتن، ئێمەش زۆرجار بەهۆی دانیشتنی خزمان و ناسیاوی کۆییمان، لەوێ دادەنیشتین. چایخانەیەکی دیکە کە بەردەوام لە دانی ئێوارانددا هاموشۆمان دەکرد، بە تایبەتی سەر لە ئێوارانی هاوینان گازینۆی (شەوانی هەولێر-لیالی أربيل)یان پێ دەگوت کە بەشێکی زۆر لە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی شاری هەولێری لێ دادەنیشتن، ئەوێش شوێنی کۆبوونەوەمان بوو بۆ یەکتر بینین و قسە و باس و پیلە و لێدوان و گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی کتێب، هەروەها چایخانەکەی تەنیشت چاپخانەکەی مامۆستا گیوی موکریانی چایخانەی عوسمان حەمەد دەرگەڵەیی کە نەوەی پێش ئێمە لەوێ دادەنیشتن و ئێمەش هەندێ جار دەچووینە ئەوێ و چەند گەنجێک بە جیا لەوێندەر دادەنیشتین، هەندێ جار تێکەڵی مەجلیسی نەوەی پێش خۆشمان دەبووین. نابێ دەوری یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێریش لەبیر بکەین کە بارەگاکەی هەمیشە ماڵی نووسەران بووە بۆ یەکتر گرتنەوە و یەکتری بینین و قسە و باس و بیروڕا گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕی کتێب و باسوخواسی ئەدەبی شوێنێکی گرنگ بوو. شوێنێکی دیکەی گرنگ لە شاری هەولێر کە دوور بوو لە چاوی ڕەقیب و جۆرە خۆ بزرکردنێک بوو بۆ ئێمە، غاباتی گڵکەند و مەحەتە (ڕێست هاوس) بوو لە هەولێر، غاباتی گڵکەند کە یەکەمین دارستانی هەولێر بووە و پێشتر لە هەولێر شتی لەو جۆرە نەبوو، بۆ لاوانی ئەو سەردەمەی ئێمە "دوور لە ئێمە" شوێنی کوڕینی کردن بوو، زۆربەی گەنجان لەوێ خۆیان دەدزییەوە و ڕۆنیان لە قژی خۆیان دەدا و تەسجیلێکیان بەشانیانەوە دەکرد، ئەوکاتە باو باوی گۆرانی هیندی و "عبدالحليم حافظ و فريد الأطرش" بوو، گۆرانیان لێدەدا و عاشقاتییان دەکرد، چونکە ئەوکاتانە بە تایبەتی ڕۆژانی چوارشەممەوان و جومعان خەڵکی بەخێزانەوە ڕوویان دەکردە ئەو ناوە بۆ وەخت بەسەر بردن و سەیران کردن، چوارشەممەوانیش سەردانی خەڵکی بۆ هاتنە سەر مەزاری ستی ئێمام بوو لە مەحەتە، یان شێخ محەمەدی خۆراسانی بوو کە مەزارەکەی دەکەوتە نێوان غاباتی گڵکەند و یانەی پزیشکانی ئەمڕۆ، پاشان خەڵکەکە ڕوویان دەکردە ناو غاباتی گڵکەند و مەحەتەوە بۆ سەیران کردن، ئێمە لەو پەنایەش لەگەڵ کۆمەڵە برادەرێک دەچووینە غاباتی مەحەتە، بە تایبەتی ئێمە ئەوکات و ڕۆژانەی چۆڵ دەبوو دەچووینە ئەوێ، بەدەم باسی ئەدەب و کتێبەوە کاتێکمان لەوێ بەسەر دەبرد. هەروەها لە هەولێر لەگەڵ ڕەحمەتی د. عەبدوڵڵا حەدداد پێکەوە چەندینجار سەردانی ڕەشاد موفتی-مان کرد کە هەموو کاتێک ماڵەکەی وەک مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری کراوە بوو و خەڵکی ڕوویان تێدەکرد، ماڵەکەی پڕ بوو لە دەستنووس و کتێبی بەنرخ، جگە لە قسە و بیروڕای ئەو پیاوە، کەس نەیدەوێرا داوای کتێبی لێبکا. هەر لەو تەمەنەمدا مامۆستا کەریم شارەزا وەک کۆییەک و نووسەرێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە و برادەرێکی نزیکی باوکم ناو بەناو لە ماڵەکەیاندا لە ڕووناکی سەردانم دەکرد، من ترووسکەی ڕووناکیم لە هەر کەسێکدا بەدی کردبێ، ئەگەر زانیبێتم بە ڕستەیەکیش بووبێ سوودی لێ وەردەگرم سەردانم کردووە. لەو هەولێرە هەر لەماڵی (ئەکرەم کانی) کوڕی کانی شاعیر کە دۆستایەتیمان لەگەڵ مووەفەقی کوڕی هەبوو، تا ماڵی (حەمید عوسمان) و (مەدحەت بێخەو) و (جەودەت ئەحمەد ناجی) و (تاهیر تۆفیق) و (ڕەسووڵ گەردی) و (ناصح حەیدەری) و...تاد، سەردانی هەموویانم کردووەو دۆستایەتیم لەگەڵ هەموویاندا هەبووە.

**بەشی دووەم**



جەژنی ڕەمەزان - کۆیە ١٩٧٣/١١/١٧



ئازاد عەبدولواحید

# هەوڵەکانی مام جەلال و ئەردۆگان بەرهەمی خەباتی دبلۆماسییەتی کوردو پارتی دادو گەشەپێدانە





**پارێزەر: کەمال محێدین**

لە ژمارە ١٢٧ی رۆژی پێنج شەممەی ٢٢/١٠/ ٢٠٠٩ لە هەفتەنامەی بەدرخان وتارێکمان بڵاوکردەوە بەناوی "هەڵوێستە چاوەڕوان نەکراوەکانی حکومەتی تورکیا لەم رۆژانە پەشیمانبوونەوەیە یاخۆ پاراستنە لە کودەتای سەربازی" دەرکەوت بۆ چوونەکەمان راستبوو.

لە وتارەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا لە رۆژی هەینی ١٣/١١/٢٠٠٩ بە روون و ئاشکرا دەرکەوت، کە نەک تەنها پەشیمان بوونەوە لە ئارادا نییە، بەڵکو هەڵوێست و بۆچوونی باشترو مەردانەی نواند بەرامبەر نەیارەکانی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، هەر لەم کۆبوونەوەیە زۆر بەهیمەت و بێ منەت، رەش و سپی، ئاشتیخوازو شەرخوازو توندڕەوو میانڕەو، دیموکراتی خوازو کۆنەپەرستی لێک جیا کردەوەو نیشانیدا کە بەردەوامە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ئاشتییانە.

هەموو مێژووناسانی شارەزاو لێهاتوو بەتایبەتی ئەوانەی شارەزایی تەواویان هەیە لە رووداوە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی سەدەی رابردوو لە ناوچەی رۆژ هەڵاتی ناوەراست لایان روون و ئاشکرایە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو بە میراتگری خەلافەتی ئیسلامی پاشی ئومەویەکان و عەباسییەکان زیاتر لە ٥٠٠ پێنج سەد ساڵ حوکمڕانییان کرد لەسەر بەشی هەرەزۆری ئاسیای ناوەندو بەشێک لە ئەوروپاش لەو ماوەیە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ دەوڵەتە زلەکانی جیهان پەیداکردو تارادەیەکی زۆریش لە مەیدانی ئابووری و سەربازی و زانستی و ئیداری و پیشەسازی و جوانکاری وڵات پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی.

بەپێی سەرچاوەی زانیاری و جوگرافی و مێژووییەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئیمپراتۆریەتەکەیان پێک هاتبوو لە دوو نیمچەدوورگە "نیمچەدوورگەی عەرەب+ نیمچە دوورگەی ئەنازول" دوورگەی دووەم واتە نیمچەدورگەی ئەنازول پێکهاتبوو لە حەوت "٧" هەرێم ە ئەمانەی خوارەوە بوون:.

**١- بلاد ئەنازول "ئاسیای مام ناوەند"**
**٢- ئەرمینیای عوسمانی. ٣- کوردستان**
**٤- سووریە. ٥- عێراقی عەرەبی- پێکهاتبوو لە ویلایەتی بەغداو- ویلایەتی بەسرە. ٦- ئەلجەزیرە. ٧- بلاد ئەلعەرب.**

کوردستانیش وەک هەرێمێک بەشێک بوو لەم ئیمپراتۆریەتە پانوبەرینە کە بە ناوی ئیسلام دەسەڵاتدارو فەرمانڕەواییان دەکرد.

پاش رووخانی عوسمانییەکان لە ئەنجامی شەری یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٤ ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩١٦ پەیمانی "سایکس بیکۆ"یان مۆرکرد بۆ دابەشکردنی وڵاتەکانی عوسمانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە نێوان خۆیاندا.

پەیمانی سایکس بیکۆ لە نێوان "مارک سایکس" نوێنەری ئینگلیزەکان و "جورج بیکۆ" نوێنەری فەرەنسییەکان مۆرکرا، بەڵام ناوەرۆکی ئەم پەیمانە بە نهێنی مایەوە تا ساڵی ١٩١٧ کە وێنەیەک لەم پەیمانە کەوتە دەست ئەڵمانیا کە هاوپەیمانی عوسمانییەکان بوو پاش ئەوەی رووسەکان ئەڵمانیایان داگیرکرد وێنەی پەیمانەکەیان دەست کەوتو پاشی شۆڕشی ئۆکتۆبەر شوعییەکان لەناو خەزانەی قەیسەری رووسیا وێنەی پەیمانەکەیان دەرهێناو بڵاویان کردەوە.

پاش ئەوەی دوا سەربازی عوسمانییەکان لەشام بەدیل گیراو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتەواوی رووخێنرا حکومەتی ئینگلیزی و فەرەنسا دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی پەیمانی "سایکس بیکۆ"و دەرکردنی مەلیک فەیسەڵ لە سووریا بەزۆر کە مەلیکی سووریا بوو لەو سەردەمە فەرەنسییەکان دەستیان گرت بەسەر سووریا بە ناوی ئینتداب.

پەیمانی سایکس بیکۆ بریتی بوو لە ١٢ بەندو پاشکۆی پەیمانەکە، لەگەڵ نەخشەو خەریتەی ناوچە دابەشکراوەکان.

وڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بریتی بوو لە ٧ هەرێم ئەمانەش دابەشکرا بوو بە ٣٠ ولایەتی گەورە هەر ولایەتێکیش دابەشکرا بوو بە "سنجق" واتە قەزا دوایی ناحییە.

هەموو ئەو هەرێمانە دابەشکران بە ناوچەی ژمارە "١" پێیان ئەوت ناوچەی سوور کەبووە هی ئینگلیزەکان و ناوچەی دوو پێیان دەوت ناوچەی شین کەبوو بەهی فەرەنسییەکان و ناوچەی "٣" کەپێیان دەوت ناوچەی سەوز بوو بەناوچەیەکی دەولی.

عێراقی ئێستای ئێمە کەوتە ناوچەی سوورو بوو بە بەشی ئینگلیزەکان کەبە پێی بەندی "٢"ی ئەو پەیمانە دروستکرا بەندی دوو "٢" دەڵێت "ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان دەتوانن لە ناوچە سوورو شینەکان حکومەتی جۆراوجۆر لەگەڵ هەرێمی بچووک دروست بکەن کە لەگەڵ حکومەتە عەرەبییەکان بگونجێت" واتە بە پێی ئەو بەندە لە پەیمانی سایکس بیکۆ حکومەتی عێراق دروستکرا لە رۆژی ٢٣/٨/١٩٢١ مەلیک فەیسەڵ کوڕی شەریف حوسێن دانرا بەمەلیکی عێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە.

لەلایەکی دیکەوە دیسان ئینگلیزەکان بەپێی پەیمانی لوزان کە لە رۆژی ٢٤ تەمووزی ساڵی ١٩٢٣ مۆریان کرد لەگەڵ مستەفا کەمال تورکیا بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆکەبەشی باکووری کوردستانی پێوە لکێنرا بوو بەم جۆرە بەشە زۆرەکەی کوردستان کە زیاتر لە ٢٥ ملیۆن کوردی تیا دەژیت کەوتە ژێر دەستی حکومەتی توورکیا کە ئێستاش بە تورکی شاخاوی ناویان دەبەن و لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و ناسنامە بێ بەشکراوە بەڵێ لەم سەردەمەوە گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا دووچاری ئەشکەنجەو بەشخوراوی هاتووەو لە بچووکترین مافی نەتەوایەتی و دیموکراسی بێ بەشکراوە سەرەڕای دەربەدەری و راگوێزان و لەناو شارو دێهاتەکانی خۆیان لە کوردستان بۆ ناوچەکانی تری تورکیا، هەر بۆیە کوردەکان بە ناچاری دەستیان کرد بە بەرگری لەخۆیان و ماڵ و کەسوکارەکانیان و مسۆگەرکردنی مافی خۆیان وەک هاووڵاتی کورد لە تورکیا بەڵام حکومەتەکانی یەک لەدوای یەکی تورکیا بە ئاگرو ئاسن وەڵامیان دانەوە لە ئەنجام چەندەها راپەڕین و شۆڕش لە کوردستان دەستی پێکرد هەزارەها شەهیدو بریندارو ئاوارەیان لێکەوتەوە بەشی هەرە زۆری دێهاتەکانی کوردستان سوتێندراو کاولکران بەهەزارەها خێزانی کورد لە کوردستان دەربەدەرکران و لە بچووکترین مافی کەسایەتی و ژیانی ئەمرو نەژیش بێ بەشن.

هەندێ جار کەم و زۆر لەو راپەڕین و شۆڕشانە دەستکەوتی بچووک بچووک مسۆگەر کراوە هەندێ ناوچەی کوردستان بووژاوەتەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەبوونی یەکریزی و نەخوێندەواری و باوەڕ بەخۆ نەبوون و راکردن بەدوای بەرژەوەندی کەسایەتی و نەبوونی هەڵوێست و بۆچوونی راست و زانییارانە بۆ کێشەی کورد زۆربەی ئەو راپەڕین و شۆڕشانە نەیانتوانیوە دەسکەوتەکانیان بپارێزن و هەر زوو بەزووش لەناو براون و ئەم دۆخە زۆر درێژەی کێشا تا رۆژی ٢٧/١١/١٩٨٧ لە شارۆچکەی "hilwan" هیلوان هەندێ لە گەنجە خوێن گەرم و نیشتمان پەروەرەکانی کورد لە کوردستانی تورکیا توانییان پارتی کرێکارانی کوردستان دروست بکەن بەرابەرایەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەم رۆژەوە تا ئێستا ئەم پارتە بێوچان لە خەباتی دژوارو سەربەرزانە بەردەوامن بەرامبەر گەورەترین هێزی سەربازی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست کە هێزەکەی سوپای تورکیایە کە بەتازەترین چەکی پەیمانی ناتۆ پڕ چەک کراوەو بەملیارات دۆلاری ئەمریکاو ئەوروپا پشتگیری دەکرێت.

هەموو هەوڵ و تەقەڵڵا ئاشتیانەی خەباتگێڕانی کورد بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کورد لە تورکیا و بەربەستکردنی گرتن و کوشتن و دەربەدەرکردنی رۆڵەکانی کوردو راگوێزانی هەزارەها خێزانی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان هیچ سوودێکی نەبوو، بەڵکو رۆژ بە رۆژ دژایەتی کورد پەرەی دەسەندو بە ئاگرو ئاسن وەڵامی داخوازییەکانی کوردیان دەدایەوە هەر بۆیە لە رۆژی ١٥/٨/١٩٨٤ گیان لەسەر دەستەکانی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا بەناچاری بڕیاری خەباتی چەکدارانەیانداو شۆڕشی کورد لە کوردستانی تورکیا دەستی پێکرد بۆ بەرگری لە کوردستان و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان.

لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوو سەدەها داستانی گەورەو دوژمن بەزێن سەری هەڵداوەو گەورەترین سوپای ناوچەکەی بێ ئومێد کردووە لەبەدەست هێنانی سەرکەوتن بەسەر لەشکری کوردستان و گەریلا نەبەزەکانی، هەر بۆیە لە چەند ساڵی رابردوو هەندێ لە لێپرسراوە گەورەکانی تورکیا گەیشتنە ئەو بروایە کە بە ئاگرو ئاسن بەچەکی پەیمانی ناتۆ چەند جاریش بەچەکی کیمیاوی نەیانتوانیوە گەلی کوردو شۆڕشەکەی لەناوبەرن بۆیە بەناچاری بیریان لەوە کردەوە کە هەوڵبدەن ئاشتیانەو لە رێگای سیاسی و ئابووری و گفتوگۆ بگەنە ئەنجامێکی باش کە بەدڵی هەموو لایەک بێت لە پێش هەموو ئەو لێپرسراوانە خوالێخۆشبوان "تورکوت ئۆزال، بلێند ئەجوید هەروەها نەجمەددین ئەربەکان و تانسو چیلەر و هەندێ لێپرسراوانی گەورەی سوپای تورکیا" دواجاریش عەبدوڵڵا گوڵ و رەجەب تەیب ئەردۆگان لێرەشەوە نابێ رۆڵی گەورەو کاریگەری جەنابی مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆک کۆماری عێراق لەبیر بکرێت کە بە هۆی دەهها پەیوەندی و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو لێپرسراوانەی سەرەوەی تورکیا توانی ئاشنایان بکات لە راستییەکانی کێشەی کوردو بەرژەوەندییەکانی هەر دوولا لە چارەکردنی کێشەکە بەرێگایەکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە بەداخەوە ناحەزانی گەلی تورک و کورد دوژمنانی ئاشتی و دیموکراتییەت هەوڵەکانی مام جەلالیان لەباربرد بەکوشتن یا بەگرتنی ئەو لێپرسراوانە لە کاربە دەستانی تورکیا بۆ وێنە تورکوت ئەوزالیان کوشت بلێند ئەجوید بەندکراو نەجمەددین ئەرربەکان بە کودەتا دووریان خستەوە....

بەڵام جەنابی مام جەلال کۆڵی نەداوە لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیاو سیاسەتمەدارەکانیان بەتایبەتی لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی دادو گەشەپێدان جەنابی عەبدوڵڵا گوڵ و رەجەب تەییب ئەردۆگان هەر بۆ ئەم کارە گرنگە بەشێکی زۆری لە توانا و کات و پەیوەندییەکان خۆی لە دەرەوەو ناوەوەی عێراق و کوردستان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێستای تورکیا و ئەمریکا ئەوروپا وڵاتە عەرەبییەکان ولایەنە کوردە کانیش تەرخانکرد بۆ گەیشتن بە بەربەستکردنی شەڕو پێکدادان و دەستکردن بە گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە کە لەبەرژەوەندی هەموو لایەک دەبێت.

هەڵوێستەکانی کاربەدەستانی تورکیاو هاتنی ئەحمەد تورک لەسەر بانگهێشت کردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ هەولێرو سلێمانی لەگەڵ هەڵوێستی ئۆباماو سەرۆکانی ئەوروپا هەمووی ئەوە دەگەیەنێ کە هەوڵەکانی مام جەلال ئەمانجەکانیان پێکاوەو لە ئەنجامی باشی نزیک بوونەتەوە باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە لە چەند مانگی رابردوو جەنابی عەبدوڵڵا گوڵ سەرۆک کۆماری تورکیا لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا وتی گەورەترین کێشەی تورکیا کێشەی کوردەو دەبێ بەرێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێت....

هەروەها سەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان بەرامبەر سەرۆک زانکۆکانی ئەمریکا وتی ئێمە بە رێگای ئاشتییانە چارەسەری کێشەی کورد دەکەین بۆ دواجار حکومەتی تورکیا بڕیاریدا کە کێشەی کورد بخاتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەک و وەک هەموولایەکمان ئاگادارین رۆژی هەینی ١٣/١١/٢٠٠٩ ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا بۆ ماوەی سێ رۆژ کێشەی کوردی تاووتوێ کرد لە هەموو روویێکەوە هەر چەندە لێپرسراوو هەوادارانی پارتی گەلی کۆماری و نەتەوە پەرستەکان بەتوندی دژی بۆچوونەکانی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوون بەڵام سەرۆک وەزیرانی تورکیا زۆر بە مەردانەو راشکاوانەو باوەڕ بەخۆبوون بەهیمەت و بێمنەت پرۆژەی حکومەتەکەی خستە بەردەم نوێنەرانی گەلی تورکیا و بەگەرمیش داکۆکی لە پرۆژەکە کردو وتی ئەگەر کودەتاشمان لەسەربکەن ئێمە لەم پرۆژە پەشیمان نابینەوە سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەناو پەرلەمانی تورکیا وتی:

**١- تورکیا پێکهاتووە لە زۆر نەتەوە.**
**٢- دەبێ هەنگاوی ئەوروپیانە بنێین بەرامبەر نەتەوەکانی تورکیا.**
**٣- بەبیانووی هەندێ هۆکاری خەیاڵی پروپوچ نابێ مافی کوردەکان پێشێل بکرێت.**
**٤- نابێ منداڵ بەتیرۆر تاوانبار بکرێت.**
**٥- داواکردنی داخستنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی لە زیان بەولاوە سوودی نییە.**
**٦- دەبێ کۆتایی بە ترس و کودەتا بهێنین.**
**٧- لە پاش ساڵی ١٩٢٣ مستەفا کەمال وتی پەرلەمانی تورکی "مەرجەع"ی هەموو بڕیارو کارێکە پێشەنگی هەموو رەنگەکانی تورکیایەو کۆمارەکەمان دەپارێزێت.**
**٨- نابێ ئۆپۆزسیۆن لە هەموو شتێک دژایەتی بکات بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵات، دەبێ بەباشی بڵێی باشەو بەخراپ بڵێی خراپە.**
**٩- ئەوەی نەتوانی ئاشتی لە وڵاتی خۆی بپارێزێت نابی باسی ئاشتی بکات لە جیهان.**
**١٠- ئێوە چاوتان هەیەو هیچ نابینن گوێتان هەیەو هەست بەهیچ ناکەن.**
**١١- بۆ گەیشتن بە دیموکراسیەت و مافی هاووڵاتیان دەستمان کرد بە پرۆژەی کردنەوەی دیموکراسیەت.**
**١٢- دەمانەوێ دەرمان بۆ کێشەی هەموو هاووڵاتیان بدۆزینەوە.**
**١٣- تکایە گوێ بگرن قسەکانم مەبڕن ئێمە قسەکانی ئێوەمان نەبڕی.**
**١٤- نابێ دەوڵەت بەرامبەر کێشەکان بێ دەنگ بێت و دیموکراسیەت وڵات تێک نادات، بەڵکو بەهێزی دەکات.**
**١٥- ئێمە یارمەتی هەموو کەسێک دەدەین چونکە مرۆڤە نەک لەبەر ئەوەی تورک یان کوردە.**
**١٦- بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆم خۆراکم بردوە بۆ ئاوارە کوردەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١.**
**١٧- بۆ ٧٢ ملیۆن کەس قسە دەکەم بۆ دایکی شەهیدان بۆ ئەوانەی چاوەڕوانی مێردو منداڵەکانیان بەزیندویی بگەڕێنەوە لایان.**
**١٩- داواتان لێدەکەم بەویژدانەوە بیربکەنەوە نابێ لەگەڵ کەس رەفتار بکەین بە پلەی یەک یان دوو یان سێ.**
**٢٠- بیست و پێنج "٢٥" ساڵ چاوی خۆمان نوقاندووە بەرامبەر ئەو کێشانە.**
**٢١- ئێمە دژی توندڕەوین لە نەتەوەپەرستی و دینی ئێتنی هەموو رەگەزەکان تورک و کوردو ئەرمەن و عەرەب و ئەلبان و شرکس وەک یەک وان لەلای ئێمە.**
**٢٢- هیچ رۆڵەیەکی ئێوە لەجەنگدا نەکوژراوە دەتانەوێ شەهید زۆربێت تا پشتیوانتان زۆر بێت.**
**٢٣- کێشەی کورد لەگەڵ کێشەی تیرۆر جیاوازە.**
**٢٤- باخچەلی ئێمەی تاوانبار کرد، بۆیە لە دادگا داوای لەسەر تۆمار دەکەین.**
**٢٥- ٣/٥ سێ ساڵ و نیو لەدەسەڵاتا بوون لە تورکیا چیتان کرد بۆ تورکیا؟**

ئەمە بوو پوختەی قسەکانی ئەردۆگان بەرووی نەیارەکانی لەسەر پرۆژەی ئاشتی و دیموکراسی چارەسەری کێشەی کورد پارتی گەلی کۆماری و نەژاد پەرستەکان زۆربە توندی دژی قسەکانی ئەردۆگان وەستان بەبیانوی لەت لەت کردنی تورکیا و بەهێزکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەیان وت پارتی دادو گەشەپێدان بەنهێنی لەگەڵ پەکەکە گفتوگۆ دەکات بە ئاگاداری ئینگلیزو ئەمریکا بۆ جێبەجێ کردنی پیلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست پاش هاتوو هاوارو شەرە قسەیەکی زۆر هەردوو پارتی ئۆپۆزسیۆن واتە پارتی گەلی کۆماری و نەژارد پەرستەکان هیچیان بە دەستەوە نەماو بەسەر شۆڕی قاعەی ئەنجومەنی نوێنەرانیان بەجێ هێشت کە ئەمەش نیشانەی توندڕەوی و بەزینە لەهەمان کات بەرامبەر راستیەکان و بەرژەوەندی گەل و نیشتیمانی تورکیا.

بەڵام ئەردۆگان بەردەوام بوو لە قسەکانی و وتی گەر کودەتاشمان لەسەر بکەن لە هەڵوێستی خۆمان پەشیمان نابینەوە. دەبێ هەموومان دان بەوە دابنێین کە ئەردۆگان بەم هەڵوێستە مەردانەو نیشتمان پەروەرانەی توانی رەش و سپی شەڕخوازو ئاشتی پەروەر توندڕەوو میانڕەوو دڵسۆزو دڵڕەق لێک جیا بکاتەوە و دەرگایەکی پانو بەرینی کردەوە بۆ چارەکردنی کێشەی کورد لە تورکیا کە جارێکی تر ئەم دەرگایە داناخرێتەوە، بەڵام پێویستی بەهەنگاوی زیاترو ئاشکراترو کاریگەرتر هەیە ئەمانەش بێگومان پێویستیمان بە هەڵوێستێکی دۆستانەو پشتگیری هەیە لەلایەن پەیوەندیدارەکانی کوردی تورکیا بۆ رەجەب تەیب ئەردۆگان و پرۆسەکەی بۆ ئەوەی زیاتر باوەڕی بەخۆی بێت و بێ ئومێد نەبێت لەلایەن کوردەوە.

هەموو دڵسۆزێکی کورد لە سەرانسەری کوردستان بە ئومێدی مافی چارەنووسە بۆ هەموو کوردستان بەڵام ئەوەش کات و ساتی خۆی هەیە و هێزو توانای سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی دەوێت و ناتوانین لە چوارچێوەی بەرژەوەندی زلهێزەکان و جیرانەکانمان دەربچین، بۆیە دەبێ هەموو لایەنەکانن بەتایبەتی لایەنی کوردی قەڵەم بەدەست و تفەنگ لەشان کەس وکاری شەهیدو بریندارو زیندانی و ئاوارەکانی کورد لەپێش هەموویانەوە عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ئەحمەد تورک ئەندام و لایەنگرانی پارتەکانیان دەبێ هەموومان سەنگ و دەنگ و رەنگی خۆمان و بەرامبەرەکانمان بزانیین بەرامبەرەکەمان چی لە ئێمە دەوێت و ئێمە چیمان لەوان دەوێت نابێ بەخەوو خەیاڵ دۆست و دوژمن بۆخۆمان دابنێین دەبێ تەنها ئەوەندە لەبەرامبەرەکەمان داوا بکەین کە توانای جێبەجێکردنی هەیە دەبێ دوورکەوینەوە لە دروشمی یان هەموو یان هیچ، دەبێ هەمیشە لەگەڵ گەلەکەمان کراوەو راستگۆ بین دەبێ، بزانین شەڕوپێکدادان توندوتیژی خوێن رژان و کاول کردن و ماڵ وێرانی و دەربەدەری سیمایەکی رەش و بەدناوییان هەیە لەناو کۆمەڵگای جیهانییەوە هەموو لایەنە باشەکانی دنیا دژی بازرگانی کردن بەخوێنی گەشی مرۆڤە بێتاوانەکان لەپێناو چەند دەستەکەوتێکی چەپەڵ و حەرام بۆ پرکردنی گیرفانە تێر نەخۆرەکانیان.

زۆر جار ئەو بازرگانە تاوانبارانە وەک گورگ لێرەو لەوێ لە دوورو نزیک لەناو خۆمان و دەرەوەی خۆمان لە پێستی مەڕ خۆیان نیشان دەدەن لە ژێرەوەش بەنهێنی بەنزین دەکەن بە ئاگری برا کوژی و ماڵ وێرانی بۆ ئەوەی تەرو وشک پێکەوە بسوتێ و مەیدان چۆڵ بێت بۆ گەیشتن بە ئاواتە گڵاوەکانیان، ئەو بازرگانانە لە رێگای تایبەتی خۆیان بەهۆی سیخوڕو خزمەتکارەکانیان رەشمان بۆ دەکەن بەسپی و زیادبوونی شەهیدو ماڵوێرانی و دەربەدەری و خزمەتکاری بیگانەمان بۆ دەکەنە ئازایەتی و سەرکەوتن تا مەکینەی چەک و جبەخانەکانیان لەکار نەوەستن، هانمان دەدەن بۆ شەڕو ئاژاوە، بۆیە هەندێجار تۆزێک پارەو چەک و تەقەمەنیمان دەدەنێ بۆ بەردەوام بوونی شەڕ نەک سەرکەوتن لە شەڕەکان.

کۆمەڵگای تورکیا لە زۆر نەتەوەو ئایینی جۆراو جۆر پێکهاتووە لە رووی سیاسییەوە چەندەها پارت وکۆمەڵەو رێکخراوو کەسایەتی تێدایە هەر یەک لەمانە بیروباوەڕی جیاوازو داخوازی هەمە چەشنەیان هەیە تا ئێستاش بەشی زۆریان بەکێشەی کورد ئاشنا نینەو نازانن دوارۆژی وڵاتەکەیان بەچی دەگات، بۆیە دەبێ دان بەوە دابنێین کە چارەکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد ئەوەندە ئاسان و نزیک نییە پارتی دادو گەشەپێدان ناتوانێ هەموو بڕیارێک بدات بۆیە دەبێ زۆر وردو دووربین و هێمن و نەفەس درێژ بین دەبێ هەوڵدەین لەناو کۆمەڵگای هەمە چەشنەی تورکیا دۆست بۆ خۆمان زیاد بکەین و دوژمن کەم بکەینەوە کێشەکەمان بچووک نییەو گەورەیە ئاسان نییە ئاڵۆزە، دوژمن زۆرەو دۆست کەمە، بۆیە لێرەوە لە پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستانی رەنگین لە هەولێری ئازادو ئارام و جوان داوا لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی کوردستانی تورکیا دەکەم لە پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی کۆمەڵگای دیموکراسی و هەموو رێکخراوو کەسایەتیە سیاسییە دڵسۆزەکانی کورد لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان بەرەو پیلی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بچن و پشتگیری لێبکەن و ئامادەیی خۆیان نیشان بدەن بۆ هاوکاری کردنی سەبارەت بەسەرکەوتنی پرۆژەکەی دەربارەی چاکردنەوەی کێشەی کورد بە ئاشتیانە، چونکە هەر زیدەڕەوییەک یاتوندڕەوییەک بەرامبەر هەڵوێستەکانی ئەم دوایەی رەجەب تەییب ئەردۆگان و پارت و حکومەتەکەی کە ئێستا لە ١٥٠سەدو پەنجا شارو شارۆچکەی تورکیا لەلایەن کادرەکانی پارتی دادو گەشەپێدان کێشەی کوردو چارەسەری کردنی بەشێوەیەکی ئاشتیانەو دیموکراسیانە تاوتوێی دەکرێت بۆ وەرگرتنی متمانەی کۆمەڵایەتی خەڵکی تورکیا بە پرۆژەکەی حکومەتی تورکیا و پارتی دادو گەشەپێدان هەر زیدەڕەوییەک یا توندڕەوییەک ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت و ریسەکان دەبێتەوە بە خوری، بۆیە پێویستە زوو بەزوو لە لێدوان و کۆڕ و کۆبونەوەکانی پەکەکە و پارتی کۆمەڵگا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی کورد پشتگیری ئەردۆگان بکرێت و ئومێدەواریش بن بۆ هەنگاوی زێدە ترو گەورە تر لە کاتوساتی گونجاو پلە بەپلەو هەنگاو بەهەنگاو دوور لەترساندنی نەیارەکانی ناوەوەو دەرەوەی تورکیا و ناچارکردنیان بەکردەوەی خراپ و کودەتای سەربازی خۆشم لێرەوە لە هەولێری رازاوەو سەربەخۆ لە مەڵبەندی کوردایەتی و رێکخستن بە گەرمی و پر بە دڵ پیرۆزبایی و پشگیری پێشکەش بە پارتی دادو گەشەپێدان دەکەم و داوای تەمەن درێژی و بەردەوام بوونیان دەکەم لەم هەڵوێستە پیرۆزو مەردانەیان.



مام جەلال و ئەردۆگان



ئەحمەد تورک



دیمەنێک لە خۆپیشاندانی کوردانی تورکیا

# یەدوڵڵا فەیلی: دەزگای پاراستن کەسێکی دڵڕەقی دەویست



یەدوڵڵا فەیلی - هەولێر ٢٠٠٩/١١/١٩

**یەدوڵـــڵا فەیلی یەکێکە لەو کەســـانەی کە بەدەگمەن لە راگەیاندنـــەکان دەردەکەوێ، بە قســـەی خۆی حەزی لە خۆدەرخســـتن و خۆ هەڵکێشان نییە، بۆیە لەکاتی گفتوگۆ و دیدارە زۆر تایبەتەکەماندا هەر دەیگوت: مـــن "٥٥" ســـاڵە خەباتی نهێنـــی و بەڵکو زۆرجاریش خەباتی گیان لەسەردانانیشـــم کـــردووە، بۆ ئەو مەبەســـتە لـــە دیدارێکی دوور و درێژدا دواندمان و لە چەند بەشێکی تێروتەسەل، کە دابەش دەبێ بەسەر ژیانی تایبەتی خۆی و لقی "٥" پارتی لە بەغداو دامەزراندنی دەزگای پاراســـتن و ناســـین و ژیانی لەگەڵ مەلا مستەفاو ئیدریس بـارزانی و مەســـعود بارزانی و مام جەلال و بەشـــیر مشـــیر و حەبیب محەمەد کەریم تـا دەگاتە فرێدان و هەڵدێراندنی بنەماڵەکەیان بۆناو گەلی عەلی بەگ، هەموو ئەوانە لە گفتوگۆ کراوەکـــە بخوێننەوە، جگە لە باســـکردنی کتێبخانـــەی مەکەنـــزی لە بەغـــدا، کە بە کتێبخانەیەکی نێودەوڵەتی و زانستی ناسرا بـــوو، کە بە قەولـــی فەیلی ئەمە وەکرێکی گەورەی شیوعییەکان بوو لە عێراق، سەرەتـا پرســـیمان یەدوڵڵا فەیلی کێیە، لە وەڵامدا گوتی: ناوی تـــەواوم عەبد کەریم مورادە، لەدایکبووی ١٩٣٤ی بەغدام، یەدوڵڵا کەریم "یەدوڵـــڵا فەیلی" ناوی خوازراوە و ئەو ناوە منی زۆر پاراستووە، لە زۆر لە فەرمانگەکانی حکومـــەت و کۆمپانیاکان فەرمانبەر بوومە، لە ساڵانی ١٩٥٠ تـا ١٩٥٣ لە کارگەی رستن و چنینـــی ئەهلی کارمکـــرد، ژمێریار بووم، رەشید عارف کۆیی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بـــوو، کورد بوو، یارمەتـــی پارتی دەدا لە هەموو لایەنێک، کۆمپانیای هەبوو، هەرچی خەڵکی کورد هەبوو هەوڵی دەدا بیباتە لای خۆی و سوودیان لێ وەربگرێ، ئەوە لایەنی تـایبەتە، بەمنی گـــوت ئێرە کۆمپیـــانیایەو ئەهلییەو کارگەی کەلوپەلی دروســـتکردنی خانووبەرەی عێراقییە، دواتر بووە کارگەی کۆماری، لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم.**

**ئـا: حەمید بەدرخان**

*** عەبدولکەریم قاسم کوردی فەیلی بوو؟**

- بەڵێ، ئەگەر یادەوەرییەکانی عیسا پژمان بخوێنیتەوە زۆر بە رێکوپێکی باســـی کردووە، کە کوردە و خەڵکی سوێرەیە، سوێرەش سەر بە بەدرەیەو ئەویش ســـەر بە شـــاری کوتە، بۆیە کوردبوونی عەبدولکەریم قاسم وەکو رۆژی روونـــاک وایە، بەهیچ جۆرێک ناتوانرێ نکۆڵی لـــە کوردبوونی ئەو پیاوە گەورەیە بکرێ.



لە چەپەوە: یەدوڵڵا فەیلی، عادل موراد، رەوشەن بەدرخان

*** کێ تۆی هێنایە ریزی پارتی دیموکرات؟**

- لـــە راســـتیدا لـــە ســـاڵانی پەنجـا جووڵانـــەوەی نیشـــتمانی لـــە عێـــراق ســـەرکەوت، بـــە تایبەتـــی لەخۆپیشاندانەکان کەنێوخوێندکاران و بازاڕدا روویان دا، ئەوکات تەیاری کوردایەتـــی و پارتایەتـــی لـــە بەغدا ئەوەندە بەهێز نەبوو، شیوعییەکان باڵادەســـت بوون لـــە زۆر بـــواردا، تەیاری نیشتمانی هەبوو، لە ساڵانی چـــل و هەشـــت و پەنجـــادا، پارتی دوایی چل و شەش و چل و هەشت لێـــی درا، کە ئەمان شـــکان. لە پاش کۆماری کوردســـتان لـــە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٧ شۆڕش چۆوە بارزان، ئەوکات حزب و رێکخســـتنی پارتی نەبـــوو، شـــتەکە هـــەر بەنـــاو بوو، چونکە حـــزب رێکنەخرابـــوو، تەنیا وەکـــو پـــارتی دیموکراتـــی کـــورد راگەیەندرابـــوو، ئـــەوکات هەمـــزە عەبدوڵڵا ســـکرتێری حـــزب بوو، لە کۆنگرەی ســـێ، ئیبراهیـــم ئەحمەد بووە ســـکرتێر، لە کۆنگرەی دووش بەنـــاو هەبـــوو، هەمـــزە لێدرابـــوو، تەنهـــا لیژنەی مەرکەزی و مەکتەبی سیاســـی هەبوو، تا کۆنگرەی چوار. وەکو ئێستا نەبوو رێکخستن و ئەو شتانە هەبێ، بەراستی دەڵێم ئەوکات وەزعی حزب وابوو، کۆنگرەی یەک و دوو لە بەغدا بەســـترا، کۆنگرەی سێش لە کەرکووک بەسترا. ئەوکات لق نەبوو، لیژنەی مەحەلی هەبوو، کە خۆی ســـەرکردایەتی دەکرد، لیژنەی مەرکەزی و مەکتەبی سیاســـی هەر بەناو بوو.

*** کتێبخانـــەی مەکەنـــزی لـــە بەغدا کێ دروستی کرد، کە خاوەنەکەی عەبدولکەریم فەیلی بوو؟**

- لـــە راســـتیدا دەڵێـــن کتێبخانـــەی مەکەنزی هی بەریتانیا بووە.

*** هی موخابەراتی بەریتانی بوو؟**

- نەخێر موخابەراتی بەریتانی نەبوو، کتێبخانە بـــوو وەکـــو کتێبخانەکانی دیکـــە، ئەو کتێبخانەیە نووســـینگەی پەیوەنـــدی نیشـــتمانی هەمـــوو کەسایەتییە سیاسییە نیشتمانییەکانی عێـــراق بـــوو، چ کورد چ عـــەرەب و هەموو لایەک بەبێ جیاوازی.

*** ئـــەی پەیوەنـــدی شیوعییەکان بـــەو کتێبخانەوە چی بوو؟**

- لەژێـــرەوە شـــیوعییەکان پەیوەندییەکـــی تونـــد و تۆڵیـــان بـــە کتێبخانەی مەکەنزییەوە هەبوو، بەڵام نازانم ئایا وەکو حزب رێکخراو بوون یان نا، بـــەڵام کاک کەریم مەکەنزی، کـــە کوردێکـــی فەیلـــی بەمنـــی گوت کە حزبی شـــیوعی پێکهێنـــرا ئەوان تەلەفۆنیـــان کـــرد گوتیـــان هەندێک کتێبمـــان لـــە دەرەوە بـــۆ هاتـــووە مارکسی بوون، منیش پەیوەندیم بە دەزگای رەســـمییەوە کـــردو گوتیان پەیوەندیت نەبێ وەریبگـــرە، گوتی وەرمگرت و خەڵک کڕی.

*** دوورەپەرێـــزی لـــە چـــاوی کامێـــراو راگەیاندن، بۆ؟**

- ئەوە دوو هۆکاری هەیە، یەکەمیان کـــە مـــرۆڤ لـــە بزووتنەوەیەکـــی نهێنـــی کاردەکا، دەبێ پارێزگاری لە نهێنییەکانـــی خۆی بکا، بـــە تایبەتی منێک کە داینەمـــۆی ئەو کارە بووم، بۆیە خـــۆم دوورەپەرێـــز راگرتووە، ئەگەر دەتەوێ دڵنیابی لە قســـەکانم، بـــڕۆ لە مام جـــەلال و خەڵکانی دیکە بپرســـە کە گوتیان تۆ کەسی گرنگی دەبـــێ نهێنییەکان بپارێـــزی، چونکە ئـــەوکات باســـکردنی نهێنـــی حـــزب قەدەغە بوو سەبارەت بە پارتییەوە.

*** بۆ حەزت لە کاری موخابەراتی بوو؟**

- ئەوە نهێنی نەبـــووە، بەرژەوەندی میللەتەکەم بووە.

*** بۆچی رازی نەبووی ببیتە یەکەم کەســـی پاراستن؟**

- خۆ ئەوکات ناوی پاراســـتن نەبوو، بەڵکـــو دەزگایەک بوو بۆ پاراســـتنی بەرژەوەندی حزب.

*** بۆچی قبوڵت نەکرد؟**

- بـــۆ ئەو پۆســـتە دەبووا کەســـێکی دڵڕەق بێ و لەوانەشە جاروبار هەڵە بکا، بۆیە قبوڵم نەکرد.

**بەشی یەکەم**

# تەتەڵە

**شاسوار هەرشەمی - سوید**

**پێشەکیەکی کورت، بەڵام پێویست**

مێـــژوو، وەک لایەنێکـــی گرنگـــی بزواندنی هەستی کۆمەڵایەتی خەڵک و خەملاندن و گەشەپێدانی هەستی نیشتیمانی، هەمیشـــە جێگای بایەخ بـــووەو تادێـــش ئـــەو بایەخەی پتر دەبێت. هـــەر ئەمەشـــە وایکردووە لـــە زۆر وڵاتاندا، سیاســـەتمەداریی بـــۆ پاراســـتنی بەرژەوەندی خۆیان دەســـت لـــە کاری مێژوونووســـان وەردەدەن یان ئاراستەیان دەکەن. راستە کە مێژوو بابەتێکە لە رابردوو دەدوێـــت، بەڵام کاریگـــەری قووڵی بەســـەر ئێســـتاو داهاتووەوە هەیە، کە تـــاک ئامادە و ئاراســـتە دەکات و چـــاوی دەکاتـــەوە و رێـــگای پێ پیشـــان دەدات، یان بە پێچەوانەوە فریوی دەدات و چەواشـــەی دەکات و هێزو ئاراستەکەی بۆ مەبەستێکی تر بە گڕ دەخات. مێژوو، ئەگەرچی لـــە رووداوی کـــۆن دەدوێت، بەڵام دەکرێت هەمـــان رووداوی کۆن، بە دیدو بیـــر و بۆچـــوون و زەمینەی تـــازە، بخەیتەوە بـــەردەم خوێنەر، دەکرێت لـــە چەندین گۆشـــەنیگای جـــۆراو جـــۆری ئایینـــی، ئەتنـــی، ئابووری، جوگرافـــی و فۆتۆگرافی، کـــەڤی، مێژوویـــی، تەنانەت حەزو ویســـت و خواســـتی تاکەکەسیش، لـــە رووداوێکـــی مێژووییـــەوە بڕواندرێـــت. هیچ مێژوونووســـێک لـــە کاتی نووسـینەوەی مێـــژوودا، بـــە یەکســـانی وەک یـــەک، ئـــەو گۆشـــەنیگاو دوور نەمایانـــە لەبەر چاو بگرێـــت و رەچاویان بکات، کە رووداوەکـــەی لێـــوە دەردەکەوێت. کەواتـــە نووســـینەوەی مێـــژوو بـــە بێلایەنانـــە، ئەگـــەر ئامانـــج و مەبەســـتیش بێت. ئەوا هەر بارێکی نەگونجـــاو و ئەســـتەمە، هـــەر ئەمەشە کە بوار بە مێژوونووسێک دەدات، لـــە گۆشـــەنیگایەکی نوێوە، سەرچاوەکانی رووداوێکی مێژوویی کـــۆن، تاوتوێی بکات و دەرەنجامی تازەی لێ هەڵبهێنێت و دەرێنێت.

یـــا دوو نموونـــەی دیـــار لەبـــەر چاوبگرین، کەبەهەردووبارداییمەی لەگەڵ هاوسێکاندا، لە دروستکردنی رووداوێکـــی مێژوویی دیاریکراودا، بە شێوە و ئاســـتی جیاجیا، بەشدار بوویـــن. ســـەلاحەددینی ئەیوبی لە گۆشەنیگای عەرەبییەوە، پاڵەوانێکی موســـڵمان بوو، کە توانی بەســـەر داگیرکەرەکانـــدا ســـەربکەوێت و فەڵەســـتین و ناوچەکـــە بە عەرەبی بهێڵێتەوە. ئەوان هەموو گۆشەنیگاو دوورنەماکانـــی تـــر، کـــە لەســـەر سەلاحەددین هەن، دەخەنە خزمەتی ئەو گۆشـــەنیگایەوە، کە بـــۆ ئەوان هەرە گرنگە.

دیـــارە ئـــەو بۆچوونەی ئـــەوان بۆ شـــێواندنی مێـــژوو نییـــە، بەڵکـــو ئەمە دیـــدو گۆشـــەنیگاو تێڕوانینی ئایدۆلـــۆژی ئەوانە بـــۆ رووداوەکە و لێکدانەوەکانیشیان پشت بەســـتوون بـــە بەڵگەنامـــەی مێژوویـــی. دیارە ئێمەی کوردیش مافی ئەوەمان هەیە لە گۆشەنیگایەکی ترەوە، کە لەگەڵ گۆشـــەنیگای عەرەبـــەکان جیایـــە، سەلاحەددین هەڵسەنگێنین.

ئێمەش لە خۆمانەوە قســـان ناکەین و پشـــت بە بەڵگەنامە مێژووییەکان دەبەســـتین. نموونـــەی دووەممان، پەیوەنـــدی بـــە نێوانـــی ئێمـــە و ئەرمەنـــەکان هەیە. ئەرمـــەن کە لە پرۆسەیەکی مێژوویی کۆن و درێژدا، شوێن لەگەڵ کورد بەتێکەڵی ژیاون، نزیکـــەی هەمیشـــە ژێر دەســـتە و داگیرکراو بوون. ئەوان هەمیشەش خەونیان بە دروستکردنی "دەوڵەتی ئەرمێنیای گەورە" دەبینی. شـــەڕو کێشەی درێژخایەنی نێوان تورکانی عوســـمانی و رووســـیا، ئەرمـــەن و رووســـی هـــاو ئایینـــی خســـتە ســـەنگەرێکەوە و زۆر جاران ئەوان بەیارمەتی رووسەکان زۆری نەدەما خەونەکانیان بێتەدی. ئەرمەنەکان لە کۆتاییدا خەونەکەیان لەسەر دەستی لەشـــکری عوســـمانی و ســـوارە و حەمیدیەی کورد، مایەپوچ دەرچوو. ئەرمەنـــەکان لـــە نووســـینەوەی مێـــژووی ئـــەو ســـەردەمەدا تەنیـــا یـــەک لایەنـــی ســـوارەی حەمیدیان بینیوە و لەسەریان نووسیوە. دیارە کارێکی راســـتیان کـــردووە و هەر ئەوەشـــیان لـــێ چـــاوەڕوان دەکرا، چونکە ئەوان لەو گۆشەنیگایەی کە مەبەســـتیانە ســـەیری رووداوەکانی مێژوویان کردووە. من ئەرمەن نیم، بەڵکو نەوەی سوارەی حەمیدیم، کەواتە دەبێ بە دوای گۆشـــەنیگاو دوورنەمـــای تـــری خۆمـــدا بگەڕێم بۆ هەڵســـەنگاندنی رۆڵی ســـوارەی حەمیدیە. دیارە نابێ هەڵسەنگاندنی مـــن بـــێ بنەمـــاو بـــێ بەڵگـــەو بێ لێکدانەوەی لۆژیکی بن، بۆیە هەموو ســـەرچاوەکان لەو بـــوارەدا بۆ من گرنگـــن، بـــەو ســـەرچاوە ئەرمەنی و روســـیانەش کە لەگەڵ سوارەی حەمیدی لەشـــەیدا بوون چی خراپە ئەوەیان لەسەر نووسیون.

بەداخـــەوە دەڵێم مێژوونووســـانی کـــورد، تا ئێســـتا هەموو جـــار ئاوا کاریان نەکردووە.

ئەمـــەش بۆتـــە هـــۆی بـــە هەڵـــە هەڵسەنگاندن و تۆمارکردنی دەیان لاپـــەڕەی گرنـــگ لـــە مێژوومـــان. ناکرێت ئێمە لە گۆشە نیگای ئەوانی تـــرەوە، کـــە بەرژەوەنـــدی جیایان لـــە تۆمارکردنـــی مێـــژوودا هەیـــە، مێژوو، بە تایبەت مێژووی خۆمان ســـەیربکەین. بەڵکو ئەوەی دەکرێ تەنیا ئەوەیە کە سوود لە سەرچاوە مێژووییەکانیـــان و دیـــدو بۆچوون و گۆشـــە نیگاکانیـــان وەربگرین و بیخەینە خزمەت ئەو گۆشە نیگایەوە کـــە ئێمـــە لێیـــەوە بۆ مێژوو شـــۆڕ دەبینەوە.

ئەو نۆ بابەتە مێژووییەی کە لە دوو توێی ئەم بەرگەدا کۆمکردوونەتەوە، لەرووی سەردەم و ناوەڕۆک، لێک دوور و لێک جیان، بەڵام هەموویان لەیەک شتدا یەکدەگرنەوە. بابەتەکان یاخود پێشـــتر بە هەڵە لە ســـەریان نووســـراوە و وەکـــو هەبـــووەو روویـــداوە لـــە مێژووماندا تۆمـــار کراون، یان ئەو گرنگی و بایەخەیان پێنـــەدراوە، کە لـــە مێژوویی ئێمەدا هەیەتـــی، بـــە روون و رەوانـــی هەندێکیان بابەتی پەراوێزخراون.

سەردەمی نووســـینی بابەتەکانیش لێک جیان. هەندێک لەو بابەتانە پتر لە ١٥ ساڵە نووسیومن. هەندێکی تر تەنیا چەند ســـاڵێکە. بەڵام هیچیانم پێـــش ئێســـتا بڵاونەکردۆتـــەوە، ســـەرەتای زســـتانی ســـاڵی ٢٠٠٨ لەناو ئەو بابەتە مێژووییە کۆنانەی کە نووســـیومن و هێشـــتا دەرفەتی چاپیان بـــۆ نەگونجـــاوە، ئەو چەند بابەتـــەم هەڵبـــژارد و دەرمهێنانەوە و دووبارە پێیانداچوومەوە بۆ چاپ ئامادەم کردن.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کـــە لـــە هەندێـــک وتـــاردا، رەخنەم ئاراســـتەی هەنـــدێ لە نووســـەر و مێژوونووســـی ناســـراو و جێـــی رێـــز گرتووە یـــان بـــە کارەکانیانم هەڵداوە و پەسەندم کردوون، دیارە لەمـــەدا جگە لـــە خزمەتی راســـتی هیـــچ مەبەســـتێکی ترم نەبـــووە و نییـــە. لاشـــم وایـــە تەنیـــا ئەوانەی کاری گـــەورە و مـــەزن دەکـــەن، رەخنەیـــان لێدەگیرێت. ئەوانیش بە سنگفراوانییەوە سوود لە رەخنە و بۆچوونی جیا وەردەگرن.

بـــە هیـــوای ئـــەوەی ســـوودی لێوەرگرن.

**سیڤەر، کارەساتێک کە بەدینەهات**

وڵاتە زلهێزەکانی سەرەتای سەدەی بیســـتەم "ســـاڵانی بـــەر لەشـــەڕی یەکەمی گێتی" واتا بەریتانیای گەورە و فەڕەنسا و روسیا، بەر لەشەڕی گێتی. پێشبینی راست و دروستیان لەســـەر رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت بەگشـــتی و ســـنوورەکانی خاکـــی ژێر دەســـەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بە تایبەتـــی هەمـــوو ئەوانەی نەک هەر پێشـــبینی داتەپینی دەســـەڵاتی گەندەڵی عوسمانیان کردبوو. بەڵکو خۆ ئامادەکردنی وردیشیان بۆ ئەم کارە لـــە بیـــر نەچووبـــوو. پەیمانی ناوداری "سایکس- بیکۆ" یەکێک بوو لەو وردەکارییانەی، کە تیایدا خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەسەر هەر سێ دەسەڵاتە گەورەکەی ئەوسای دنیا "بەریتانیای گەورە، فەڕەنســـا، رووسیا" دابەش کردبوو.

لەگەرمەی شەڕدا گۆڕانکاری گەورە لە تەرازووی هێزدا روویاندا.

بەریتانییـــەکان ســـــــەرکەوتنی گەورەتـــر لەوەیـــان بـــە دەســـت هێنـــا، کـــە خۆیـــان نەخشـــەیان بۆ کێشـــابوو- فەڕەنســـــییەکانیش ئەرکـــی پێســـپێردراوی خۆیـــان بەســـەرکەوتوویی بەجێگەیانـــدن. عوســـمانییەکان لەوە پتـــر داتەپین و پاشەکشـــەیان کـــرد وەک لەوەی چـــاوەڕوان دەکـــرا، رووســـیاش تووشی ئاژاوە و شەڕی ناوخۆ بوو، خەریک بوو سنوورەکانی پێشووی خۆشی لە دەست بدات "ئازاد بوون و دامەزراندنی دەســـەڵاتی میللی لە ئازەربێجان و ئەرمەنستان، زەنگی مەترســـی بوو بـــۆ بەلشـــەفییەکان کـــە تـــازە دەســـەڵاتیان گرتبـــووە دەســـت، تـــا بکەونـــە خۆیـــان بـــۆ ئـــەوەی ســـنوورەکانی پێشـــووی ئیمپراتۆریەتی رووســـیا بپارێزن". بەلشـــەفییەکان بۆ داگیرکردنەوەی ئازەربێجان و ئەرمەنستان کەوتنە پاساو هێنانەوە بۆ ئەو پرەنسیپانەی لەمـــەڕ مافـــی گەلانـــەوە بڵندیـــان کردبوو، هاوکات زانیان کە ناتوانن دەست بەسەر بەشـــی دیاریکراوی خۆیان لە خاکی عوسمانی دابگرن، بۆیـــە بەخێرایی لـــە رێکەوتننامەی دابەشکردن لەگەڵ بەریتانیای گەورە و فەڕەنسا کشانەوە، تەنانەت وەکو پڕوپاگاندەو بانگەشەش، تاسەرنجی دەسەڵاتدارانی تورک رابکێشن.

**بەشی یەکەم**

## لە ئەرشیفی سینەم خان جەلادەت بەدرخان

**ژمارە (١)**



ڕیکلام

# مژدە..مژدە

چاپی دووەمی کتێبی "کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا" لە نووسینی دکتۆر کەمال مەزهەر و هەروەها چاپی یەکەمی "بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە" کەوتە کتێبخانەکانی کوردستان.

ئەوەی شایەنی باسە ئەم کتێبە، کە لەسەر ئەرکی "فاتیمە ساڵح"ی دایکی ئامادەکار "عەبدوڵلا زەنگەنە" چاپکراوە، قازانج و بەشێک لە مایەکەشی پێشکەش بە کەسوکاری شەهیدانی رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٨ی شاری "کەرکووک" و ٢٠٠٩/٢/٥ی چێشتخانەی "ئەبو دلشاد"ی شاری "خانەقین" دەکرێت.

شوێنی فرۆشتن:

سلێمانی: کتێبخانەکانی سلێمانی – ٠٧٧٠١٥٢٤٥٤٨، ئەندێشە، ٠٧٧٠١٩٢٤٢١٩، رۆژی نوێ، شێخ رەزای تاڵەبانی،

هەولێر: کتێبخانەکانی تەفسیر، ئەندێشە، سۆران، یەکێتی نووسەران، چاپ کوردستان.

دهۆک: کتێبخانەکانی جزیری، ئەحمەد زەرۆ.

کۆیە: کتێبخانەکانی پاشا، دیاری.

رانیە: کتێبخانەکانی مەحوی، پەروەردە.

هەروەها لە کەرکووکیش لە لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەیە.









## چاپی دووەمی ئەم کتێبە لەدەست خۆت مەدە، لەبەرگێکی قەشەنگ لە لوبنان چاپکراوە

بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
■ سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا

■ خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
■ بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولرەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
■ ستافی کارا:
کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە، حەسیبە بابۆڵی.
■ نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

■ بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

■ راوێژکاری مێژوو: د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی
■ راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
■ راوێژکاری رووناکبیریی: د. هیمداد حوسێن
■ راوێژکاری کلتووری: خالید جوتیار
■ راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٦ ٢٥١ ٠٦٧٩
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +
سلێمانی، باڵەخانەی رەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٨٥٥٤ ١٥٩ ٧٧٠ ٩٦٤ +